

# کاروانێک

## لە شەهیدانی کوردستانی ئێران

کەریم حیسامی

١٩٧١

بێ ناوی بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

« پیرەمێرد »

لە بڵاوکراوەکانی

[illegible]ی پێنج تمەنە

# کاروانیک

# لەشەهیدەکانی

# کوردستانی ئیران

کەریم حسامی

١٩٧١

## پێشەکی

لە خۆ بووردن و گیان لە پێناو نان کارێکی سووك و ئاسان نیە و لە دەست هەموو کەس نایە . تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ژیانی خۆیان لە پێناوی ئاوات و ئامانجە پیروزەکانی گەل نێن ، وە خۆیان بکەنە قوربانی لە ڕێگەی ئازادی و بەختەوەری خەلکدا ، کە گەل و نیشتمانیان لە خۆیان خوشتر بوێ ، ئاگری ڕزگاری خوازی ئەوەندە لە دلیاندا بلیسەی سەند بێت ، کە سەری خۆیان بکەنە پردە بازی ڕێگای گەلەکەیان و ، لە شیان بکەنە لە مەتەر و قەزا و بەلاگیری نیشتمانەکەیان .

گەلی قارەمان پەروەری کورد بە درێژایی مێژووی تال و پر لە کویرەوەری خۆی ، هەمیشە وەجاخی روون بووە ، ڕۆلەی ئازاو نەبەز و گیا نفیدای زور پێگەیاندوە ، وە هیچ کاتێك لە قوربانی دان دا بەر چاو تەنگ نەبووە .

ئەم کەژ و کیوە بەرزانە ، ئەم شیوو دولە زەنوێرانە بە دلێری ئەو ڕولە گیان لە پێناوانە پاریزراون ، و ئەم نزار و لێرەوارە سەوز و خەملیوانە بە خوێنی ئەوان ئاو دراون .

ژیان لای هەموو کەس شیرینە و ، گیان لە لای هەموو کەس بە نرخترین شتە . ئەو کرێکارەش کە لە کارگا و کارخانەیەك کاردەکا و تەمەر نەژی بەرێ دەچێ ، ئەو وەرزیرە سادەیەش کە لە دیهات ژیاوە و پێگەیشتوە ، وەکو ئەو گەورە پیاوە بە ناو بانگانە حەزیان لە ژیان کردوە وە گیانی خۆیان خوش و یستوە . ئەگەر خزمەتی ئەوان گەورە تر و بە کەلك ترە ، ئەمانیش خوشە ویستترین شتیان کە گیان و ژیانیانە ، لە پێناو ناوە ، وە بنەرەت و بنچینەی ژیان و خەباتی گەلن وە شایانی ئەوەن لە بیر نەچنەوە . ئەم ڕۆلە گیانفیدایانە بە گەورە و پچووکەوە کە لە حاست گەل و نیشتمانەکەیان ئەوەندە دلسوز و بە ئەمەگ بوون ، گەلەکەشیان

ئەرکی سەر شانیەتی ئەوانی لە بیر نەچێ و لە حاستیان بە ئەمەگ بێ • ئەمەگداری گەل لە حاست رۆلە شەهیدەکانی ، ئەوەیە کە ناویان لە مێژووی خۆیدا نەخش کات و هەمیشە بە رێزەوە یادیان بکا •

تا ئەم دواییانە هەزاران و هەزاران کەس لەم گیانانە پیناوانەی گەل ناویان لە بیر چوتەوە ، وە زۆرداران دەرەتانی ئەوەیان نەداوە یاد نامەیەکیان بۆ بنووسری •

ئەوەی خۆینەری بەریز لەم کتیبە دا دەی خوینێتەوە هەوەول دانیکە بۆ بیرەوەری شەهیدەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران ، لە زەمانی کوماری خودموختاری مەهاباد بەم لاوە •

ئەو زەحمەتەی کاك کەریمی حسامی لە ئامادە کردنی ئەم کتیبە دا کیشاویەتی وە ناو و بەسەرهاتی هیندی لەو شەهیدانەی کۆ کردوتەوە و بیرەوەری کردوون بە نرخە و جیگای ئافەرینە • بەلام لە گەل ئەوەش لە بەر ئەوەی لە دوورەوەی ولات ئامادەکراوە ، وە سەنەد و بەلگەی پیویست و تەواوی بە دەستەوە نەبووە ، ئاشکرایە کەم و کووری هەیە • مەسەلەن ناوی تاقە یەکیك لـە شەهیدەکانی جوانرو نە زانراوە ، وە بەسەر هاتی گەلیك لە شەهیدەکانی دیکەش روون نیە • ئەرکی سەر شانی ئەو خویندەوارانە یە کە لە ولات دان و لە بەسەر هاتی شەهیدەکان و لە رووداوەکان ئاگادارن ئەم کەم کوورییانە تەواو کەن •

بیرەوەری شەهیدەکانی کوردی کوردستانی ئیران ، لە زەمانی کوماری موختاری مەهاباد بەم لاوە ، لـە باریکی دیکەشەوە زۆر گرینگە • ئەویش ئەمەیە : هەر بەم چەشنە کە قازی محمدی شەهید ، رەمزی برایەتی گەلەکانی ئیران بوو ، ئەمانیش جگە لە خەبات لە ریگەی ئازادی و بەختەوەری کورد و کوردستاندا ، لە پیناوی ئازادی و بەختەوەری هەموو گەلە براکانی ئیرانیش دا تیکوشاون و گیانی خویان فیدا کردوە •

چاوەروان دەکری کە رۆلە تیکوشەرەکانی گەلی کورد لە گیانی پاکی ئەو شەهیدانە الهام وەرگرن ، لە پیناوی ئازادی و بەختەوەری گەلەکەیان و هەموو گەلە براکانی ئیران دا ، وە بو ئازادی و سەر



بەخۆیی ئیران و دامەزراندنی حکوومەتیکی بەراستی دیموکراتی لە ئیران دا کە مافی نەتەوایەتی هەموو گەلەکانی ئیران تامین بکات ، وە خیرو خوشی تەواوی ئەو گەلانە بەبێ جیاوازی تیبکوشی — توونـدو تۆلترو نەبەزانەتر خەبات بکەن •

**حەسەنی قزلجی**

## ســـەرەتا

ئەم کتێبە کە لەبەر دەستی خۆێنەرە بەرێزەکان دایە ، بیرەوەریەکی ناتەواوی شەهیدەکانی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران لـــە ماوەی ٢٥ سالی دوایی دا ، کە لە پێناوی ئازادی و بەختەوەری گەلو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و ئینسانی دا ، گیانی خـــۆیان بەخت کردوە ٠

گەلی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەشی دا ، بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دیموکراسی لە تیکوشان دریخی نەکردوە ٠

زور لە تیکوشەر و پیاوە هەلکەوتوە کانی کورد ، لەم ریگایەدا .. وە لە دژی زولم و زوری حکومەتە زوردارەکان سەریان تێ دا چوە و شەهید کراون ٠ بەلام بە داخەوە ناو و خەباتی ئەم ئازادیخوازانە ، وە هەر وەها جوولانەوەی رزگاری خوازی لـــە کوردستانی ئیران کەمتر بۆتە جیگای سەرنجی نووسەر و میـــژو زانەکانی کورد ، وە لێی کۆلدراوەتەوە ٠

موتالا و لێ ڕوانینی میژوو و بەسەر هاتی خەباتی گەلەکانی تر ، وە لیکدانەوەیان لە گەل خەبات و تیکوشانی گەلی کورد ، هانی دام کە ئەوەندەی لە وزە دابی ، لەو بارەوە خزمەتیك بکەم ٠ ئەوە بوو کە دەستم بە نوسینی ئەم کتیبە کرد ٠

دیارە ئەمە تەنیا بیرەوەری ئەم ڕۆلە ئازادیخوازانەیە ، کە لـــە سەر دەمی جولانەوەی دیموکراتیـــکی مەهاباد بە دواوە لـــە لایەن حکومەتی سەر بە ئیمپریالیستی شاوە شەهید کراون ٠ لە بـــەر دووری لە نیشتمان و دەست نەگەییشتن بە سەنەدو بەلگەی تەواو ، بە داخەوە نـــەم توانی ووردتر لە ژیان و رابردو و خەباتی ئـــەم شەهیدانە بکۆلمەوە ، دیفـــاعی قارەمانانەیان ، لـــە دادگا دەرگا داخراوەکانی عەسکەری دا بخەمە بەر چاوی خۆێنەرەکان ، قسەکانی دوا هەناسە و سەرە مەرگیان کۆ بکەمەوە ، یا وینەو رەسمیان وە دەست بخەم و بیکەمە نەخشی لاپەرەی نوسراوەکانم ٠



بەلام لـــە گەل ئەوەش هەونم داوە ئەوەندەی دەســـتم بێ راگەییشتبی ، بە گویرەی ســـەنەد و بەلگە ، ئەوی دیکەشی ئەوەی خۆم لە ناوی دابوم و ئاگام لێ بووبیت ، بیخەمە رو و پیش‌کیشی خوینەرە بەریزەکانی بکەم ٠ دیارە ئەو بەشەش سەبارەت بە وەزعی خەباتی ئەورووی گەلەکەمان کەم و کوری هەیە وتەواو نیە ٠

دەتوانم بلیم ئەو ( کتیبە ) لە باری میژوویی‌یەوە نە نوسراوە ، بەلکوو مەبەستی ئەسلی بیرەوەری شەهیدەکانی کوردستانی ئیرانە مەبەست ئەوەیە کە چ لە کوردستانی ئیران و چ لە دەرەوە بزاندری کە گەلەکەمان چەندە شەهیدی داوە و لە ریگای ئازادی و ســـەربەخویی نیشتماندا چەند رولەی بە نرخ و ئازا گیانی خـــویان بەخت کردوە ٠

مەبەست ئەوەیە کە رولەکانی تیکوشەری گەلی کورد بە تایبەتی لاوەکانی تازە پی گەیشتوو لە خەبات و ژیانی ئەم شەهیدانە سەر مەشق وەرگرن ٠

نووســـەر

شەری دووهەمی جیهانی هەر چەندە بوو بە هۆی ویرانی و کوشتاریکی زور و بە لێشاوی خەلك بەلام ئەنجامی شەڕ ، بە پیچەوانەی ئاوات و ئامانجی فاشیزم و ئیمپریالیزمی جیهانی ، بە قازانجی هیزەکانی ئاشتی خوازو سوسیالیزم و گەلە ژیردەستوغەدر لێ کراوەکان تەواو بوو .

پارسەنگی هیزەکان بەلای بەرەی رزگاریخوازی گەلان و سوسیالیزم دا قورس بوو ، وە سەرەتای دووهەمین قوناخی رووخان و لە بەر یەك هەلتەکانی سیستەمی ئیستعماری دەستپێ کرا . ولاتەکانی ئەورووپای روژ هەلات ، کە فاشیزمی هیتلەری دا گیری کرد بوون ، لە لایەن ئوردوی سوویتییەوە ئازاد کران ، وە لە ژیر رابەرایەتی حزبی کومونیست و پیك هینانی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیدا ، خەلکەکانی ئەم ولاتانە چارە نووسی خۆیان گرتە دەست و حکوومەتی دیموکراتیکی گەلیان دامەزراند ، وە ڕیگای سوسیالیزم و دیموکراسیان گرتە بەر .

ڕووخانی ئیستعمار لە هەریمی ئاسیاش دەستپێ کرا . زور لە ولاتەکانی ئاسیایی سەر بە خویی سیاسییان وەدەستهینا . وە حکوومەتی نیشتمانیان دامەزراند . بەروبو و ئەنجامی شەڕ ، ئەگەر بۆ زوربەی ولاتەکانی ئەورووپا ویرانی و لە ناو چوونی سەروەت و داراییەکی زۆری ئینسانی و مادی بوو ، بۆ ئیران شنەبایەکی ڕزگاری بوو ، کە هەوری رەش و تەم وتوومانی حکوومەتی دیکتاتوری رەزاشای ڕامالی . لە زوربەی شارەکانی ئیران دەرگای بەندیخانەکان کرانەوە .

پاش سالەها کش و ماتی ، خەلك پشویەکی هاتەوە بەر و هیزە ئازادیخوازەکان کەوتنەوە تیکوشان و خەبات ، بۆ زیندو کردنەوەی دیموکراسی و ئازادی لە سەرانسەری ئیراندا .

قشونی شاهەنشاهی کە بیست سالی تەواو ، بۆ سەر کووتکردنی جوولانەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکانی ئیران عاملاندرا بوو ، بە خوین و تالانی مالی خەلك فرچکی گرتبو ، بە بایەکی سالی فروکەکانی دەولەتە هاوپەیمانەکان(۱) وەکوو بلقی سەر ئاو پووچابەوە و ئەفسەرە پایە بەرزەکانی ئەو قشونە ، لە جل و بەرگی ئافرەتاندا ،

(۱) مەبەست لە دەولەتە هاوپەیمانەکان یەکێتی سوڤیێتی وئینگلیز و ئەمریکایە .



ڕایان دەکرد و خۆیان دەگەیاندەوە تاران . سەربازەکانیش وەك گاڕانی بێ گاوان هەر یەکە بە لایەکدا ڕای دەکرد و هەولی ئەدا خۆی دەرباز بکات .

سەردەمی رەشی حکومەتی رەزاشا ، بۆ کوردستان و گەلی کورد یەکی لە ڕەشترین و دژ وارترین پلەی ژیانی ئابووری و سیاسی و کومەلایەتی ئەو گەلە بوو پاش کوشتنی سمایل ئاغا ( سمکو ) ( ۱۹۳۰ ) وەسەرکوتکردنی ڕاپەرینی عاشیرەتی ( سویسنی ) بەرابەرایەتی کویخاهومەر ( هومەر پاشا ) هەروەها ڕاپەرینی عاشیرەتی مەنگور ، ئیتر حکوومەتی دیکتاتوری ، رەزاشا بە کڕین و لاواندنەوەی چەند سەروك عاشیرەتی وەك ئەمیر ئەسعەد ( عەلی حاجی ئیلخانی ) وە ( قەرەنی ئاغای مامەش ) لە لایەکەوە ، گرتن و کوشتن و تەبعید کردنی خەلك لەلایەکی دیکەوە ، کوردستانی کرد بوە قەبرستانیکی کش و مات . جل و بەرگی کوردی قەدەخە کرا بوو ، زمانی کوردی نەك هەر نووسین و خویندنی قەدەخە بوو ، بەلکوو یاساخیش بوو کە لە دایرەکانی میری بە زمانی کوردی قسە بکری . لە دەرگای دایرەکانی میری نووسرا بوو . ( قسەکردن بە غەیری زمانی فارسی قەدەخەیە ) .

ژاندارمەکانی حکوومەتی رەزاشا لە دیهات ئاگریان کرد بووە بێ حیساب و لێ پرسینەوە ، خەلکیان دەگرت و دەکوشت و دەست دریژیان بۆ گیان و مالی خەلك دەکرد . سەروکایەتی ئیدارەکانی کشوری و لەشکر و ژاندارمە ، لە کوردستان ، بە وەعدەی سالیك و دو سال بە پارەیەکی زور بە ئیجارە دەدران . ئەم ئیجارەیە دەبوایە لە رووتاندنەوەی زەحمەتکیشەکانی کوردستان پر کریتەوە . لە هەل و مەرجیکی ئاوادا ، لە کاتیکدا کە سەروك عاشیرەتە خائینەکان ، سەرەڕای ئەو هەموو سووکایەتی و ڕاونان و لە چولە پیچە دانە ، سەریان شۆر کرد بوو ، وە چوو بوونەوە ناو قاپیلکی خۆیانەوە ، کومەلانی زەحمەتکیشی کوردستان هەم بە کردەوە ، جارو بار دەستیان لە ژاندارمە خۆین مژەکان دەوەشاند و لێرو لەوێ بە سزای خۆیان دەگەیاندن ، وە هەم بە هۆی گۆرانی وبەیت و حەیرانەوە ، تورەبی و بیزاری خۆیان لە ڕیژیمی نگریس و ڕەشی رەزاشا دەردە بڕی . سەر دەمیك لە سەرانسەری کوردستانی ئیران

ئەم گورانیانە ببوونە باو ، وە زورکەس لە سەر گوتنی ئەم گورانیانە گیران و کەوتنە بەندیخانەوە .

« یا خوا رەزا شا حەوت کوڕت بمرێ »
« کێ بوە ئیجباری لە کوردی بگرێ »
« یا خوا رەزا شا تەختت وەر گەڕێ »
« ئیجباری کوردی ، دەبا بۆ شەڕێ »
« کوڕم گەورە کرد ، بە قەندی شاری »
« رەزاشا بردی ، لە بو ئیجباری »

پاشان هەوایەکی دیکە لە گورانی کوردی موکریان داکەوت . لەم گورانیانەدا بە تووك و دوعا ، خەڵك بیزاری و تورەبی خۆیان لە ڕێژیمە رەشە کەی رەزا شا دەر دەبڕی .

ئەم گورانیانە ئەوانەی خوارەوە بوون :

« هەڵنەگری وەی هەڵنەگری ، هەڵنەگری لە پەهلەوی »
یا خوا تەختت وەر گەڕێ ، بلیندت لێ بن نەوی »

« هەڵنەگری وەی هەڵنەگری ، هەڵنەگری لە و پاشایە »
ڕەبی تەختت وەرگەڕێ ، بۆ خاتری ئەو خودایە »

« هەڵنەگری وەی هەڵنەگری ، لە پەهلەوی زوڵمی زور »
ڕەبی حەوت کوڕت مرێ ، بۆ خاتری ئەحمەدی کور »(1) .

بەم جورە توورەیی و بیزاری زەحمەتکیشەکانی کورد لە حکوومەتی رەزاشا هێقی دابووە . لە باری سیاسیەوە کوردستانی ئیران بە داخەوە زور دوا کەوتوو بوو . بیجگە لە هیندی مەلا وفەقی و زوونالک بیر ، کە هەستی نەتەایەتی و کوردایەتیان زیندو بوو ، وە جارو بار کتیبی کوردیشیان بە نهینی بو دەهات ، وە پیوەندیکی زوز تەسکیان لە گەل یەك هەبوو ، خەلکی تر بە زوربەی لە بێ خەبەری دا نووقم بوون .

لە سالەکانی ( ١٩٣٧ـ١٩٣٠ )دا ، کۆمەلیکی زور پچووکی سیاسی کورد دامەزرا بوو ، کە لە گەل راپەرینی ( ئارارات ) و (خۆیبون) پیوەندی هەبوو ، وە لە گەل کوردستانی عیراقیش جارو باز پیوەندی رادە گرت . ئەوانەی لە بەرێوە بەرایەتی ئەم کۆمەلە



پچوکە دا ناسرا بن ، بریەتی بوون لە : ( قازی محمدی شەهید ، شیخ ئەحمەدی سریلاوا ، قازی کاکە حەمەی بوکان ( مەلا محمد صادقی قزلجی ) ، وە مەلا ئەحمەدی نەوزی » . پیویستە دەوری مەلا ئەحمەدی فەوزی لە بەر چاو بگیری ، کە لە رووناك بیرەکانی سەردەمی شەڕی هەوەلی جیهانی بوو ، لە سلیمانیەوە هاتبوە ناوچەی موکریان ، وە لە وریا کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و دامەزرانی ئەم کومەلە سیاسیە پچوکەدا ، ئەخشیکی بالای هەبوو . بە کورتی کوردستانی ئیران لە ژیر سیبەری رەشی حکومەتی دیکتاتوری رەزاشادا ، لەو پەڕی شپرزەیی دا بووە .

جا بۆیە ، هەر لە روژەکانی هەوەلی مانگی خەرمانانی سالی (١٩٤١) دا کە فروکە دوژمن ڕەوینەکانی یەکیتی سوویتی هەوەلین بەیاننامەیان بە زمانی کوردی بە سەر کوردستاندا بلاو کردەوە ، خەلك لە قشون و ژاندارمەی حکومەتی ئیران وە خۆ کەوت ، وە هەر کەس لە هەر کوێی کە دەستی بە ژاندارم و ئەفسەری حکوومەتی رەزاشا ڕادە گەییشت ، دای دەمالی و چەکی دەکرد . ئەفسەر و ژاندارمەکانی رەزاشا ئیتر لە هەل و گیف کەوتبوون . جل و بەرگی ئەفسەریان فڕێ دەدا و بەرگی سیویل یان دەکردە بەر و خۆیان دەگەیاندەوە تاران .

لە سەر و بەندی ڕاکردنی ئەفسەر و ژاندارمەکانی حکوومەتی رەزاشادا ، تفەنگی برنو لە کوردستان بە نان یا بە کۆنە پانتول و کونە پیلاویك دەفروشرا . بەلام ئەو کوردانەی کە بە ئیجباری گیرا بوون ، وە لە کوردستان دوور خرابوونەوە ، زوربەیان نەك هەر تفەنگی خۆیان بە جێ نەهیشت و هینایانەوە ، بە لکوو زوری واش هەبوون کە تفەنگی زیادیشیان هینا بوو .

چەند تیپی قشونی شاهەنشاهی کە لە بەری مەراغەوە بۆ لای شار و یران ناوچەی موکریان دەهاتن ، گەییشتبوونە ( محالی شازادە ) ، لە گەل فروکەیەکی سوویتی چەند جار بە سەریاندا خولی دا ، ئیتر بێ تەقە و خۆ ڕاگرتن ، چەك و قورخانەیان بەجێ هیشت و هەر کەسە بوو بە کوڕی باوکی خۆی وبەلایەکدا ڕای کرد .

خەلکی ئەم ناوچەیە تفەنگی برنویان بە عەرابە کۆ دەکردەوە . بە کوورتی چەکی ژاندارمە و قشونی حکـــوومەتی رەزاشـــا لە کوردستان کەوتە دەستی خەلك و کوردەکان چەکدار بوونەوە .



# پەیدابوونی ریکخراوی سیاسی لە کوردستان

## چوزەرەی تیکوشان :

کوردستان لە شەری دووهەمی جیهانیدا لە قەل و دالاش و کوندە بە بووی سەردەمی رەزا شا پاك بۆوەوشنە بای ئازادی بە کوردستاندا بلاو بووە و تینی بووژانەوە و لە خۆدا هاتنی وەبەر خەلك نایەوە .

سالی ( ١٩٤٢ ) هیندی لە روناك بیرە نیشتمانپەروەرەکـانی کورد ، لە ناوچەی مەهاباد کومــــەلەی « ژ . ك . » ( ژیانەوەی کورد)یان دامەزراند ، کومەلەی (ژ.ك.) بە هــــۆی بەرنامەی نیشتمانی و چەشنی ریکخراوەیی و هەلسوزانیەوە ، بە خیرایی لە سەرانسەری کوردستان لق و پوپی هاویشت و کومەلانی زەحمەتکیش و بازاری و کاسبکار و عاشیرەتەکانی کوردی لە دەوری خۆی کـــۆ کردەوە و لە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و وریاکردنەوەی سیاسی خەلکدا نەخشیکی گرینگی هەبوو . لە گەل پەرە گرتنی جوولانەوەی نیشتمانی وە بە گۆیرەی پیویست و هەل و مەرجی روژ ، کومەلەی (ژ.ك.)چ لە هاست بروگرام وشـــکلی ریکخراوەیی ، و چ لە هاست باری سیاسی تیکوشانە وە پیویستی بە دەسکاری هەبوو .

سالی ( ١٩٤٥ ) لە سەر بنچینەی خەباتی رابردووی کۆمەلەی ( ژ . ك . ) وە بە پێی پیویستی وەزعی سیاســـــی و کومەلایەتـــی کوردستان (٢٥)ی مانگی گەلاویژی ئەم سالە حیزبی دیموکـــراتی کوردستان دامەزرا . حیزبی دیموکراتی کوردستان (ح . د . ك .) لە میژووی خەباتی گەلی کوردا هەوەلین ریکخراوەی سیاسی کورد بوو ، کە لە سەر بیرو باوەریکی دیموکراتی و نیشتمانی لە بەشیکی کوردستان دادەمەزرا ، وە خاوەنی ئامانج و تاکتیك و اســـتراتژی دیاری کراو بوو .

هەر چەندە بە داخەوە وەزعی سیاسی و کومەلایەتی ئەو وەختەی کوردستان ، بوو بە هۆی ئەوە ، کە هێندێ دەرەبەگی هەلپەرست وملۆمۆکەر ، خۆ بخزیننە ناو سەر کردایەتی حیزبەوە ، بەلام سەروکایەتی قازی محمد ، وەك پیاوێکی زاناو تێکوشەر و خوشەویستی خەلك کارێکی وای کرد بوو ، کە زوربەی خەلکی کوردستان بە وەرزێر و کرێکار و کاسبکار و روناك بیر و هی دیکە لە دەوری حیزب کۆ ببنەوە .

یەکێ لە تایبەتیەکانی خەباتی گەلی کورد لەم قوناغەدا ئەوە بو ، کە مەلا و فەقێیەکانی کوردستان ، بێجگە لە چەند کەسێ چلکاو خورێ وەك ( قازی شیخ محسن ، مەلا صدیق ، مەلارەحمانی سەرونجداغی ، و مەلا عبداللەی مودەریسی ) لە مەهاباد ، چ لە سەردەمی کومەلەی « ژ.ك. » ، وە چ لە وەختی ح.د.ك. حکومەتی میللی دا ، نەخشێکی گرینگیان هەبوو .

دامەزرانی « ح . د . ك . » لە مێژووی جوولانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کوردا ، روو داوێکی زور گرینگ بوو ، هەوەلین جار لە بەشێکی کوردستان دا کوماری دیموکراتی کوردستانی دا دەمەزراند ، وە قودرەتی سیاسی و چارە نووسی گەلی کوردی لەم بەشەدا گرتە دەستی خۆی .

حکومەتی میللی کوردستان لە حاست باری نەتەوایەتیەوە ، بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بوو بە پێگەیەکی ئازاد و مەشخەلێکی پرشەنگدار ، کە هەموو ئازادیخوازەکانی کوردستان روویان تێ دەکرد و رێگای رزگاری نیشتمانی لێ فێر دەبون .

ح . د . ك . لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە دا ، دوست و دوژمنی گەلی کوردی ناساند ، وەلە کومەلی دواکەوتوو و نەخوێندەوار و پر لە عیلو عاشیرەتی جۆر بە جۆری دوژمن بە یەکتری کوردستاندا ، یەکیتی میللی پێك هێنا ، وە ناکوکی و دووبەرەکایەتی عاشیرەتی ـ کە لە کونەوە هوی پەرش و بلاوی و ناتەبایی گەلی کورد بوو ـ لە ناو برد .

حکومەتی خود موختاری کوردستان لە ناوەوەی ئێراندا ، لە گەل گەلەکانی فارس و ئازربایجان بناغەی برایەتی و هاوکاری



دارشت . ح د . ك . بۆ تێکەل کردنی خەباتی دژی کونە پەرستی و ئیمپریالیستی تەواوی گەلەکانی ئێران ، لە مانگی جوزەردانی سالی ( ١٩٤٦ ) دا ، لە بەرەی یەکگرتووی حزبە ئازادیخوازەکانی ئێراندا هاو بەشی کرد .

ح . د . ك بێجگە لە هاو بەشی کردن لە خەباتی تێکرایی گەلەکانی ئێراندا بۆ دیموکراسی و ئازادی سەرانسەری ئێران ، ئەستاندنی مافە رەواو نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێراندا کردە ئامانجی خۆی ، وە بە هۆی دامەزراندنی حکومەتی خود موختاری میللی زور ئەو ئامانج و ئاواتانەی هینانە دی .

لە عاست باری ناو نەتەوایەتیشەوە ، ح . د . ك . خەباتی دژی ئیمپریالیزم و دوستایەتی و هاو پیوەندی لە گەل بەرەی ئاشتی و سوسیالیزمی کردە ریباز و بناغەی تیکوشانی خۆی . جوولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد ، شان بە شانی بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی گەلەکانی ئێران ، دژی ئیمپریالیزم و کونە پەرستی ئێرانی بە سەروکایەتی حەمە رەزاشا خستە ترس و لەرزەوە وە بۆ سەر کوتکردنی جولانەوەی گەلی کورد ، کەوتنە پیلان و نەخشە کیشان .

## . عەولای مینە خالند

هەوەلین شەهیدی جوولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد پاش دامەزرانی کومەلەی ژ.ك عەولای مینە خالندی خەلکی مەهاباد بوو .
عەولا ئەندامێکی تێکوشەری کومەلەی ژ . ك بوو . لە پایزی سالی ١٩٤٤ کاتێکی خەلك ویستیان پاسەوانە بەرتیل خورو جاسووسەکانی حکومەتی تاران لە مەهاباد وەدەر بنێن و ئەو هیلانەی جاسووس و بەرتیل و گیچەل تیك بدەن عەولا لە ریزی پیشەوەی خەلك دا پەلاماری شارەوانی دا و هەر لەوی وەبەر گوللەی پاسەوانەکانی شارەوانی کەوت و شەهید کرا .

دامەزرانی حکومەتی میللی کوردستان ئاگری تێکوشان و نیشتمانپەروەری لە دلی خەلك دا هەلکرد . کومەلانی گەل لە هەموو تاقم و توێژەکان بە عیشق و حەزەوە ناوی خویان بو پیشمەرگەیی دەنووسی و لە هێزی بەرگری کوردستاندا کو دەبوونەوە .

## وەستا برایمی بەننا

وەستا برایمی بەننا خەلکی مەهاباد کە ئەندامیکی تیکوشەر و دلسوزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکیك لەو گیان بازانەی ریگای ئازادی کوردستان بوو پاش ئەوەی هاتە ریزی هیزی بەرگری بۆ جەبهەی سەردەشت ناردرا • لە هەوەلین شەرِ دا لە گەل لەشکری حکومەتی تاران لە ( قوتتی ) ناوچەی سەردەشت پاش شەریکی ئازایانە شەهید کرا •

**کویخا مەحمود** کوری حاجی مستەفا خەلکی ( قوولە سوپروی ) ناوچەی سەردەشت کە لە را پەرینی عەشیرەتی سویسنی یاندا سەردەمی رەزاخان نەخش و دەوریکی بالای هەبوو بە پیاویکی نیشتمانپەروەر و جوانمیری سویسنی ناسرا بوو لە شەریکی قارەمانانەدا لە « هەورازە » شەهید کرا •

**حەسەن خان** کوری برایم ئاغای بەریاجی یەکیك لە ئەفسەرەکانی حکومەتی دیموکرات بوو لە گوندی « نەنیە » نیزیك سەردەشت لە شەریکی دژی لەشکری حکومەتی تاران دا شەهید کرا •

## محمدی نانەوا زادە



یەکی دیکە لە شەهیدەکانی کوردستان لەم قوناخەدا ، شەهید (محمدی نانەوا زادە) بوو • نانەوا زادە لە شاری مەهاباد لە خیزانیکی کاسبکاری سابلاخی لە دایك بوو • هەر لە مەهابادیش خویندبوی ، پاشان چوو بوە مەدرە سەی گروهبانی ، وە لە سەر دەمی حکوومەتە رەشەکەی رەزا شادا گروهبان یەك بوو •



لە پیش دامەزرانی حکومەتی میللی کوردستاندا ، نانەوازادە یەکی لە دامەزرینەرو ئەندامانی چالاکی کومەلەی « ژ•ك• » بوو • لە پیش ئەوەدا حکومەتی میللی کوردستان دابمەزریّ ، لاوەکانی فیری مەشق‌و داب و شوینی نیزامی دەکرد • پاش دامەزرانی حکومەتی خود موختاری کوردستان ، وە ساز کردنی هیزی بەرگری ، محمدی نانەو ازادە کرا بە فەرماندەی هیزە چەکدارەکانی کوردستان •

ئەو وەختە ناو شارەکانی سەقزو بانەو سەردەشت و هنیدی جیگای دیکە ، قشونی دەولەتیان تیدا مابوو • دەرەوەی شارەکان‌و ریگاو بانی بەینی ئەم شارانە بەدەست پیشمەرگەوە بوو • فەرماندەی قشونی دەولەت لە سەقز داوای لە حکومەتی میللی کوردستان کرد ، ریگا بدات کاروانی خواردەمەنی‌و جل‌و بەرگ بۆ قشونی دەولەت ، بۆ بانەو سەردەشت بچی • نانەوازادە بو و توویژ لە بارەی ئەم کارەوە چووبوە سەقز ، وە لەویوە بە فروکەی قشونی ئیران دەچوە بانە تا بە پیشمەرگەکان بسپیری کە ریگای کاروانی بۆ چەکی قشونی دەولەتی بدەن • بەگویرەی پیلانیکی کە لە پیشدا ئامادە کرابوو ، پاش وەحەوا کەوتنی فروکەکە ، فروکەوانی قشونی شا ، فروکەکە لە کار دەخات‌و خوی بە چەتری نەجات هەلدەدیریتە خوارەوە • محمدی نانەوازادە لە فروەکەدا دەسوتی • بەم چەشنە هەوەلین ئەفسەرو فەرماندەی هیزی چەکداری کوردستان بە هوی پیلانیکی خائینانەی ئەفسەرەکانی حەمە رەزاشاوە شەهید کرا •

## خەلیل خوشەوی

شەهید یکی تری ریگای ئازادی کوردستان ، لە هەوەلین سالی دامەزرانی حکوومەتی میللیدا ( خەلیل خوشەوی ) بوو • خوشەوی یەکی لە لاوە قارەمانەکانی بارزانی بوو ، کە بۆ جەبهەی سەقز ناردرا بوو • لە شەریکی قارەمانانە و نە دیتراو دا لە گەل قشونی حکوومەتی تاران لە مەل قەرەنی ( گردی مامەشا ) شەهید کرا • تەرمی ئەم رولە قارەمانە هینراوە شاری مەهاباد ، وە بە ریزو ئیحترامیکی بێ وینە بە دایکی نیشتمان ئەسپیردرا •

**حەمەد ئاغای** ( شقویف ) یەکی دیکە لە شەهیدەکانی ئەم قوناخە بوو • ئەم پیشمەرگە ئازایە هەربە ناو پێیان دەکوت ئاغا ، ئەگینا پیاویکی وەرزیر بوو لە گوندی ( باغلوجە ) پاشان بوو بە

پیشمەرگە ، پیاویکی ئازاو نیشتمانپەروەر بوو ٠ لە چیای ( مامەشا ) پاش شەریکی زور ئازایانە لە گەل سەربازەکانی حکوومەتی شا ، لە سەنگەر دا بە گوللەی شێست تیری فروکە شەهید کرا ٠

لە پایزی سالی (١٩٤٦)دا حکوومەتی شــا بــە کۆمەگی ئیمپریالیستەکانی ئینگلیزو ئەمریکایی هورووژمی بۆ سەر کوردستانو ئازربایجان دەستپی کرد ٠ قشونی شاهەنشاهی کە گۆیا بۆ چاودیری بە سەر هەلبژاردنی پارلماندا بۆ کوردستان دەهات ، هەر لــە سەقزەوە دەستی کرد بە گرتن و راونانی ئازادیخوازانی کورد ، وە هەروەکوو قشونیکی داگیرکەر لە گەل خەلك دەبزووتەوە٠ لە بوکانو ناوچەی فەیض‌الله بەگیان نیزیکەی (٣٠) کەس لە ئەفسەرەکانی حکوومەتی میللی کوردستانیان گرت ٠ لــەمەهابادو سەردەشتیش دەستیان‌کرد بە گرتنی ئەفسەرەکانی حکوومەتی میللیو رابەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٠

هەوەلین کاروانی شەهیدەکانی گەلی کورد لــەم قوناخــەی خەباتدا ، چەند خاوەن ملکی نیشتمانپەروەر لە عاشیرەتی (گەورکو فیض‌الله بەگی ) بوون بە پیچەوانەی هیندی سەروك عاشـــیرەتو دەرەبەگی تری کوردستان ، کە بە تسە رەگەل حکوومەتی میــللی کەوتبوون وە بە ناهەق شوینی جیگای گرینگیان لە هیزی بەرگریو وەزارەتو بەریوەبەرایەتی حزبو حکوومەتدا داگیر کرد بوو ، ئەم خاوەن ملکانە بەدلو بەگیان هاتبوونە نــاو جوولانەوەی رزگاری خوازی ، وە لە ریزی خەلکدا بوون ٠ حکوومەتی تاران فەرمانیدا بوو بە قشـــونەکەی کە گرتنو کوشـــتنی نیشتمانپەروەرانی کورد ، ئەوەندە بە نهینیو بــە خــیرایی بێ ، کــە تەنیا پاش کوشتنو لەخۆ بوونەوە دەنگو باسی بلاو بیتەوە ٠ نەك جنایەتەکانی حکوومەتی ئیران لە دنیادا دەنگ بداتەوەو ریژیمــە چەپەلەکەی شا ریسواو رەشو رەهەندە بێ ٠

هەر لە بەر ئەوەش بوو ، کە دوای لە داردانیان خەلك پی‌یان زانی ، کە ئەم نیشتمان پەروەرانە کوژراون ٠ بە داخەوە لە بارەی موحاکەمەی ئەم شەهیدانە هیچ نەزاندراوە ٠ تاقە بەلگەیەکی کــە قارەمانیو ئازایی ئەم رولە نەبەزانە نیشان بدا ئەوەیە کە یەکیك لە ئەفسەرەکانی مەعموری لە داردانیان دەگیریتەوەو دەلێ :



« ئەم کوردانە بەراستی نەترسو جەسوورن ٠ باکیان لــە مردن نیە ، وە هیچ لە کردەوەی خۆیان پەشیمان نین » ٠

ئەم نیشتمان پەروەرانەی کە لە سەقز شەهید کران ئەمانــە بوون :

١ ــ شیخ حەمەمینی کەس نەزان
٢ ــ ئاغا صدیقی یازی بلاغی
٣ ــ عەلی‌ئاغای تەموتە
٤ ــ ئەحمەد خانی فاروقی
٦ ــ رەسول ئاغای میرەدی
٧ ــ حسین خانی کانی نیاز
٨ ــ عبدالله مەتین

ئەوانەی لە بوکان شەهید کران ئەوانەی خوارەوە بوون :

١ ــ عەلی بەگی شیرزاد
٢ ــ محمد بەگی دانشوەر
٣ ــ ئەحمەد خانی کەلتەکە
٤ ــ محمد خانی بابەخان بەگ
٥ ــ مەحمود خانی تورکمان کەندی

کاتیك عەلی بەگی شیرزادو هافالەکانیان لە ژیر داری ئعدام راگرتبوو ، سەروان ( خاکسار ) ئەفسەری قشونی شا ، لە گەل مەلایەك بە بەر دەمیاندا دیت ، کە وەسیەتیان پێ بکا ٠ کاتیك کە دەگەنە بەر دەمی عەلی بەگی شیرزاد ، بە هەموو هیزی خۆی عەلی بەگ شەقیك لە سەروان ( خاکسار ) هەل ئەداو دەلێ : بێ شەرەف ، بۆ ئیحترامی نیزامی بەجێ ناگەیینی ، من سەرهەنگم ، تۆ دەرەجەی سەروانیت هەیە ، بۆ چێ دەست بەرز ناکەیەوە ٠

ئا ئەو قارەمانانەش بەم چەشنە بەسەر بەرزی پیشوازیان لە مەرگ کردو تەسلیمی دوژمن نەبوون ٠

**ئەحمەدی مەحمود کەرشین ( امامی )**

یادی ئــــەم لاوە تیکوشەرە ، یەکیکی تر لــە شەهیدەکانی کوردستان ئیستاش لەدلی خەلکدا ماوە ٠ کەس نیە کە جاریــك چاوی بە ئەحمەدی امامی کەوتبیو پەروشی نەبی٠ لاویکی (٢٢) سالە،

جوانچاك ، ژیر ، بەئەدەب ، تیكوشەرو نیشتمانپەروەر بوو . ئەم لاوە تیكوشەرە یەكی دیكە بوو لە شەهیدەكانی گەلی كورد بەدەستی دەرەبەگە خائینەكانی عاشیرەتی مامەش ( بەرەی حەمەدئاغا ) كوژرا .

ئەحمەدی امامی كوڕی ( مەحمود كەرشێن ) لـــە خێزانێكی كاسبكار لە نەغەدە لەدایك ببوو . پۆلی شەشی مەكتەبی سەرەتایی هەر لەم شارە خوێند بوو ، پاشان دەستی لە خوێندن هەلگرتبوو ، لە كارو كاسبی‌دا یاریدەی باوكی ئەداو تاقە كوڕی خۆشەویستی دایك‌و باوكی بوو . ئەحمەدی امامیش ، وەك سەدها لاوی خوێن گەرمی دیكە ، روی كردە ( كومەلەی ژ.ك.)وە پاشان هاتە ژێر ئالای حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە . كاتێك لقی ڕێكخراوەی لاوانی دیموكراتی كوردستان لە نەغەدە كرایەوە ئەحمەد لە بەر تیكوشانی چالاكی ، بوو بە ئەندامی كومیتـــەی مەحـــەلی لاوانی دیموكراتی كوردستان .

پاشان ئەحمەدی امامی لە ڕیزی ئەو لاوە خوێن گەرمانەدا ناوی خۆی نووسی ، كە بە پارەی خۆیان چەكیان دەكڕی ، وە لە ســەفی گاردی میللی ( پاسەوانی میـــللی )دا خزمەتی حكوومەتی میـــللی‌و نیشتمانیان دەكرد . ئەحمەدی امامی لە گاردی میللی لقی نەغەدەدا بە مەعموری سوار نووسرا . لەو پەڕی راستی‌و دلسوزی‌دا خزمەتی دەكردو فەرمان‌و بریارەكانی حكوومەتی میللی‌و كومیتەی مەحـــەلی بە دێهات ڕادەگەیاند .

لە مانگی سەرماوەزی سالی (١٩٤٦)دا ، كومیتەی ناوەندی ح.د.ك. و حكوومەتی میللی فەرمانێكیان دەركرد ، كە هەر كەسێكی چەكی هەبوایە ، دەبوایە ناوی خۆی بنووسی‌و بۆ جەبهەی ســەقز بروا . ( سەید ئەحمەدی كوری سەید تەها ئەفەندی ) كە بـــە ناهەق‌و بێ جێ ، كرا بوو بە سەروكی كومیتەی نەغەدەو سندوس ، ئەحمەدی امامی‌و دوسەد سوارێكی دیكەی هەلگرت‌و بە نـــاوی ئەوە كە گویا بۆ جەبهە دەچێ ، بەرەو مەهاباد كەوتە ڕێ . هــەر ئەو ئیوارەی كە دەگەنە شاری مەهاباد ، سەید ئەحمەد ، فەرماندەی ئەم (٢٠٠) سوارەو سەروكی كومیتەی نەغەدە ، هەست بەوە دەكات ، كە حكوومەتی میللی ئازربایجان شكاوە ، وە حكوومەتی كوردستانیش لە سەر ئەو باوەڕەیە كە شەر نەكری . خـــۆی لـــە سوارەكانی



دەشاریتەوەو لۆریەكی حكوومەتی میللی لە مەهابادەوە هەلدەگری‌و دیتەوە نەغەدە . هەر بەو شەوە بارگەو بنەی خۆی تیك دەنی‌و خاوو خێزانی هەلدەگری‌و بەرەو عیراق رادەكاو دەچیتەوە ئامیزی نوری سەعیدو ئاغاكانی .

سەید ئەحمەد، لە كاتیكا لە نەغە دە ڕای كردو ورەی بەردوا خەلكی خستە ترس‌و لەرزەوە ، كە هێشتا بارزانیە قارەمانەكان تازە لـــە جەبهەی سەقزەوە بەرەو مەهاباد كەوتبونەڕێ . قشونی حكوومەتی ئیران پینج مانگ پاش ڕاكردنی سەید ئەحمەد گەیشتەوە نەغەدەو سندوس . سەید ئەحمەد لەكاتی ڕاكردنی‌دا ، چەنـــد كەسیش چەكدارەكانی گاردی میلی كوردستان لە گەل خۆی‌دەبات ، بەلام پاش ئەوەی دەگاتە سەر سنووری عیراق ، وە خۆی تەسلیمی پولیس‌و عەسكەری نوری سەعید دەكا ، لەو پەڕی نامەردی‌دا پاسەوانەكانی حكوومەتی میللی چەك دەكاو بەرەلایان دەكا .

پاش هەلاتنی سەید ئەحمەد لە مەهاباد ، ئەم سوارانەی كە لە گەلی بوون ، سەریان لێ دەشیوی‌و هەر كەسە بە لایەكدا هەلوەدا ئەبیت .

ئەحمەدی امامی ، لێی سواری ئەسپی خۆی دەبێ‌و بـــەرەو نەغەدە ئەكەویتەڕێ . لە نیوان گوندی ( بەگم قەلاو دزە ) نیزیكی نەغەدە تووشی سەد سواری چەكداری عاشیرەتی ( مامەش ) دەبـێ كە خەبەری شكانی حكوومەتی میللی‌یان زانیوە ، بۆ پیشوازی قشونی ئیران بەرەو مەهاباد دەچوون . ئەم سوارانە لە تایفەی ( حەمەد ئاغا خزم و براو برازای قەرەنی ئاغای مامەش ) بوون ، لە پیشدا خەریك بورن بینە ناو نەغەدە و داخی دلی خۆیان بە ئازادیخوازەكانی ئـــەم شارە بریژن . بەلام كومیتەی پاریزگاری شار نەی هیشت بینـــە ناو شار . ئەوانە ناچار بورن ڕێگا كل بكەن‌و بـــەرەو مەهاباد كەوتنەڕێ .

ئەحمەدی امامی كە هێشتا نیشانەی پاسەوانی حكوومەتی میللی لە قولی دابوو ، لەبەر ناسیاری لە گەل ئەوانە لێیان لاناداو دەچیتە ناویان . لێی كۆ دەبنەوەو دەنگ‌و باسی لێ دەپرسن . پاشـــان دەلین سەید ئەحمەد لە نەغەدا هەلاتووە ، وە حكوومەتی میللی نەماوە . تفەنگ‌و ئەسپەكەت هی میری‌یەو دەبێ بیدەی بە ئیمە .

ئەحمەد لە وەلامدا ئەلێ : سەید ئەحمەد کابرایەکی خائن بووە ڕای کردوە ، حکوومەتی میللی کوردستان هەر ماوەو تفەنگەکەو ئەسپی خوشم نادەم بە ئیوە .

پاشان ڕکیف لە ئەسپەکەی دەدا ، کە لە ناویان بچیتە دەری . بە هەموان دەستریژی لی دەکەنو زور بە ناپیاوی دەیکوژن .

بەم جورە لاویکی دیکەی ئازاو دلسوزو نیشتمان پەروەر ، بە دەستی خائینەکانی میللەت شەهید کرا .

**بیرەوەری :**

لە کوردستانی عیراق لە بارەی شەهیدیکی کورد ( گچە نەغەدەیی ) شیعرو نامیلکە نوسراوەو لاویندراوەتەوە . شاعیرو نووسەرەکانی ئەو شیعر و نامیلکانە لە راستیدا بە ناوی شەهیدیکی ( رەمزی ) هەموو شەهیدەکانیان لاواندوتەوە .

لە بەر ئەوە کە ئەمە شتیکی ( رەمزی )یە ، لیرەدا لەوەندە زیاتر باسمان نەکرد .

دوو هەمین دەستەی شەهیدەکانی ریگای ئازادی نیشتمان لەم پلەیەدا بریەتی بوون لە :

**« قازی محمد ، پیشەواو سەروکی ح.د.ك. و هەوەلین سەر کوماری میللی کوردستان ، سەدری قازی ، نونیەری مەهاباد لە مەجلیسی شورای میللی ئیراندا ، حەمە حسین‌خان سەیفی قازی وەزیری بەرگری کوردستانو ئاموزای قازای محمد »** . ئەم شەهیدانە روژی دەی مانگی خاکە لیوەی (١٩٤٧) لە شاری مەهاباد لە داری دران .





## پێشەوا قازی محمد

قازی محمد سالی ١٩٠١ لە شاری مەهاباد لە بنە مالیکی روحانی بە ناو بانگ لە دایك بووە . هەر لە تەمەنی لاوەتیدا لە گەل هیندی لە روناك بیرە پیشکەوتوەکانی کورد دەستی کردوە بە بلاو کردنەوەی بیری رزگاریخوازی کوردستانو دامەزراندنی کومەلی سیاسی کە بە نهینی لە گەل راپەرینی ئارارات بە رابەرایەتی احسان نووری پاشا پیوەندی هەبووە .

کاتیکی لە سەردەمی حکوومەتی رەزا خاندا کرا بە سەروکی ئیدارەی مەعاریف خزمەتیکی زوری بە پەرە پی دانی مەدرەسەو مەعاریفی مەهاباد کردوە . قازی محمد ئەو دەم لاوەکانی لە مەدرەسەکاندا کو دەکردەوەو لە بارەی رزگاری گەلی کورد لە ژیر دەستەلاتی حکوومەتی دیکتاتوری رەزاخان قسەی بو دەکردن .

پاش رووخانی ڕژێمی ڕشی ڕەزاخان قازی محمد بە هەموو تواناوە بۆ ڕزگاری گەلی کورد و ڕێک خستنی هێزە دیموکراتیەکانی کوردستان تێکۆشاوە . قازی محمد لە ساڵەکانی بێ سەرەو بەرەی پاش تێکچوونی حکومەتی ڕەزاخان توانی بە هۆی نفوزی مەعنەوی خۆی پێشی شەڕو کێشەی عەشیرەتەکانی کوردی بگری و بوو بە هۆی پاراستنی هێدی و هێمنایەتی موکریان .

لە پەرە گرتنی کۆمەڵەی ژ.ک. و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نەخشێکی گرینگی هەبوو . لە هەوەڵین کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ( ٣ی خەزەڵوەری ١٩٤٥ ) بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرا .

قازی محمد لە ڕێبەندانی ١٩٤٥ دا بە هەوەڵین سەرکۆماری دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا .

حکومەتی دیکتاتۆری تاران ، هەر لە گەڵ گەیشتنەوە مەهاباد ، دادگایەکی عەسکەری دامەزراند ، کە گویا ڕابەرەکانی جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد موحاکەمە دەکا . بەڵام لە ڕاستیدا ناوی دادگا تەنیا دیوی دەرەوەی مەسەلە بوو ، ئەگینا فەرمانی کوشتنی ئەم ڕابەرە مەزنانەی گەلی کورد ، لە پێشدا ئیمزا کرابوو . بەڵام لە سەر ئەوەشەوە ، قازی محمد لە دادگادا ، لە جیاتی پارێزگاریو دیفاع لە گیانی خۆی ، بەڕێوەبەرانی حکومەتی تارانی موحاکەمە دەکرد . دیارە موحاکەمەی قازیو هاواڵەکانی زۆر بە نهێنی بوو . بەڵام ڕاستی بۆ هەمیشە لە ژێر پەردەدا نامێنێتەوە .

سەروان ( محمدی شەریفی ) کە لە لایەن دەوڵەتەوە کرابوو بە پارێزەری قازی محمد ، ساڵی (١٩٥٦) گوشەیەکی لە چۆنیەتی ئەم دادگایە لادا بوو نوسیبووی : « زور حەیف » بۆ قازی محمد بۆ ئەو پیاوە مەزنو ژیرە . قازی لە دادگادا بە نەترسیو مەنتق قسەی دەکرد . لە ڕاستیدا ئەو دادگای موحاکەمە دەکرد ، قازی حکومەتی ئێرانی لە عاست میللەت بە خەیانەت تاوانبار کرد ؛ بە ئازایىو غیرەتەوە ، نەک هەر لە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دیفاعی دەکرد ، بەڵکو لە مافی هەموو گەلەکانی ئێران دیفاعی کرد .

سەروان شەریفی دەنووسی :



« ئەو قارەمانانە لەم دادگایەدا بە جۆری لە مەسلەکو بیرو باوەری خۆیان دیفاعیان دەکرد کە دادگا سەری سوڕ مابوو . ئەسلەن لەم کارەی کە کردبوویان پەشیمان نەبوون » .

قازی محمدو هاواڵەکانی سێ مانگ لە بەندیخانەدا ڕاگیران . لەو ماوەیەدا چوار جار لە مەهابادەوە بردیانن بۆ تاران . بە هەموو تواناو هێزیکەوە خەریک بوون کە لە ڕێگای ڕاستیان لابدەن ، وە پشتیان پێ لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بکەن . مەعمورەکانی ئەمریکایی کە بەسەر موحاکەمەو لێ پرسینی قازیەکاندا چاوە دێریان دەکرد ، زوریان هەوڵدا کە ئەوان لە گەڵ سیاسەتی خۆیان بکەنە یەک ، بەڵام نەیانتوانی ئیرادەو بیرو باوەڕی قازیەکان تێک بشکێنن .

سەرهەنگ ( ئەمیر پەرویز ) فەرمانەدەی ژاندارمەری مەهاباد ، چەند ساڵ پاش شکانی جووڵانەوەی کوردستان و ئازربایجان ، لە سەر ئیعدامی قازی محمدو هاوانەکانی لە گوفاری ژمارە پەنجای اطلاعاتی مانگانەی چاپی تاراندا نووسیبوی : « دە ڕوژ لە پێش لەدار دانی قازیدا ، چەند کار بە دەستی پایە بەرزی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران ، لە گەڵ سەرهەنگ ( پارسی تبار ) ئەفسەری قشونی ئێران دەچنە لای قازی محمد . کار بەدەستەکانی ئەمریکایی بە قازی محمد ئەڵێن : ( ئەگەر مەسەلەی کورد بە گوێرەی سیاسەتی ئەمریکا بەڕێوە بەری ، وە سیاسەتی ئەمریکا لە ناو کوردەکاندا بڵاو بکەیەوە ، لە کوشتن ڕزگار دەبی ) . قازی محمد لە وەڵامی ئەمریکاییەکاندا دەڵی : « من دوزوو نیم . چاویشم چاک دەبینی . من دەزانم ئێوە چیتان ئەمن دەوی . بەڵام من بیرو باوەڕو مەسلەکی خۆم ناگۆڕم . من ناتوانم خەیانەت لە نەتەوەکەم بکەم . لەو ڕێگایەی کە گرتوومەتە پێش نا گەڕێمەدە » .

کاتێکی قازی محمدیان بردە سەر کورسی سێ دارە ، خەریکبوون چاوی ببەستن . قازی نەیهێشت وە گوتی : « من شەرمەندە نیم کە لە عاست نەتەوەو نیشتمانی خوشەویستم چاوم ببەستم ، من دەمەوێ لە ئاخرین دەقیقەی ژیانمدا ، بە سەر بەرزیەوە لە نیشتمانی جوانو خوشەویستم بڕوانم . من کوڕی ڕاستی نەتەوەکەم بووم وهەم . بژی نەتەوەی کورد ، بژی ڕزگاری کوردستان » . بەم

جورە ڕۆڵەی بە ئەمەگ‌و زاناو تیکۆشەرو قارەمانی میللی گەلی کورد بە و هەوەڵین سەرکۆماری کوردستان بە فەرمانی حەمە ڕەزاشا و ئیمپریالیستەکان شەهید کرا •

گۆفاری ( ڕۆژگاری نوی ) چاپی مۆسکو ، لە ژمارەی (١٥)ی مانگی ئاوریلی سـالی (١٩٤٧)دا نووسیبووی : « جاسوسەکانی ئیستعماری ئینگلیزو ئەمریکا لە گەل قازی محمد گەلیکیان هەولدا بەلام کاتیکی کە دیتیان ناتوانن قازی بۆ لای خویان ڕابکیشن و بیکەنە خائینی نەتەوەی کورد ، فەرمانی کوشتنیان دا » •

ڕۆژنامەی ( ئیزویستیا ) ئورگانی دەولەتی یەکیتی سوویتی ، لە ژمارە (٢٠)ی ئاوریلی سالی (١٩٤٧) خۆیدا بە بۆنەی لە داردانی قازیەکانەوە نووسیبووی :

« ڕابەرانی هەرە بە ڕیزو بە نفووزی کورد ( قـازی محمد ، سەدری قازی ، سەیفی قازی ، بۆیە کوژران ، چوونکە ئامادە نـە بوون کە نەخشەی ئیستعماری ئەمریکاو ئینگلیز لە بارەی کوردستان قبوول بکەن • ئەمریکاییەکان بۆ ئەوەی نەخشەکانیان دەرنەکەوی ، بۆ کوشتنی قازیەکان بە پەلە بوون » •





سەدری قازی لە شاری مەهاباد سالی (١٩٠٨) لە دایك بـوە • هەر لە مەهابادیش خوینـدبووی •

سەدری قازی لە هەوەلی لاوینی یەوە ، هاتوو چۆی ئیدارەکانی دەولەتی دەکرد ، وە زور بـە کاری خەلکەوە ماندوو بـوو • زوری کومەگ بە لێ قەومـاو وزولم لێ کراوەکان دەکرد • بە هـۆی کومەگ‌و یاریدەدانی خەلکەوە ، سەدری قازی لە ناو کومەلانی خەلکدا خاوەنی قەدرو ریزیکی زورو یەکجار خوشـە ویست بوو •

سەدری قازی لـە دەورەی چواردەی مەجلیسی شوڕادا ، بە نوینەری مەهاباد هەلبژردرا •

**ابو القاسم سەدری قازی**

وە لە سەر دەمی جوولانەوەی دیموکراتی کوردستاندا ، لە تاران نوینەری مەجلیسی شورایمیللی بوو • سەدری قازی لە مەجلیسدا لە گەل فراکسیونی حیزبی تودەی ئیران هاوکاریەکی نیزیکی هەبوو • دوای پەلامار دانی کوردستان سەدری قازیش لە تاران گـیراو هینایانەوە مەهاباد • وە ئەویشیان لە دادگای نیزامی دا بە ئیعدام مەحکووم کرد •

کاتیکی هینایانە ژیر پەتی سێدارە ، سەدری قازی ڕووی کردە جەلادەکانی شاو گوتی : ئیمە بە تاوانی ئەوە دەکـوژن ، چوونکە نە بووینە خائینی نەتەوەکەمان • بمرێ شای خائن ، بمرێ ئیستعمار » •

سەدری قازیش بە ئازایەتیو غیرەتەوە پیشوازی لە مەرگ کرد و سەری بۆ دوژمنی گەلو نیشتمانەکەی دانە نواند ·



**حەمە حسین خانی سەیفی قازی**

حەمە حسین خانی سەیفی قازیئاموزای قازی محمد لە مەهاباد سالی (١٩١١) لە دایك بوە ·میرزا حســن سیف القضات ، باوکی حەمە حسین خان یەکیك لە پیاوە زاناو بە دیمەنەکانی کوردستان بوە · لە شــیعرونووسین دا دەستیکی زور بالای هەبووە · شیعرەکانی ســیف القضات ، بە کوردیو فارسی لە کاتی خۆیدا دەستاو دەســتیان گیرانو لە ناو خەلــکدا زور بە نرخ بوون ·

حەمە حسین خان لە ژیر دەســتی باوکیکی ئاوا زانــاو نیشتمانپەروەر دا عاملاندرا بوو پێ گەیشت بوو · پاش رووخانی دەزگای حکوومەتی رەشی رەزاشا ، حەمە حسین خانیش وەك کەسێك



لە لاوە نیشتمانپەروەرەکانی دیکەی کورد ، ڕەگــەل جوولانەوەی رزگاری خوازی کوردستان کەوت ، وە یەکی لــە دامەزرینەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو ·

لە سەردەمی حکوومەتی میللی خود موختاری کوردستاندا ، حەمە حسینخان کرا بە وەزیری بەرگری ، وە تــا گیرانو شــەهید بوونی هەر لە سەر ئەم کارە بوو · سەیفی قازی لە دادگادا زور پیاوانە لە مەرام و مەسلەکی خوی ، وە بــە تایبەتی لە قازی محمد دیفاعی کرد ، وە لە خەباتو تیکوشانی خۆی نەك هەر پەشــیمان نەبوو ، بەلکوو لە دادگادا شانازیشی پیوە دەکرد ·

سەرهەنگ ( ئەمیر پەرویز ) یەکیك لەو ئەفسەرانەی حکوومەتی تاران کە قازیەکانی هەلواسی بوو ، پاشان گوتبووی : « کاتیــك سەیفی قازیان بردە ژیر پەتی سیدارە ، یەك بەخــۆی هاواری کردو گوتی : ( بژی نەتەوەی کورد ، بژی پیشەوای گەلی کورد ) ·

ئەویش لە گەل پیشەوا قازی محمدو سەدری قازی گیانی پاکی لە ریگای ئازادی نیشتمانو بەختەوەری گەلەکەیدا بەخت کرد ·

**کوژران دریژەی هەیە :**

قشونی حکوومەتی کونەپەرستی ئیران کە بە پشت ئەستوری ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو ئینگلیز کوردستانی پەلامار دابوو ، تەنیا بە کووشتنی ئەو سێ رابەرە مەزنو گیانفیدایەی کورد وازی نەهینا ، وە دەســتی کرد بــە گرتنو راو نانی ئازادیخوازەکانی کوردستان ·

سەدها کەسیان لە بەرپوە بەرانی حیزبو حکوومەتی میــللی گرتو لە دادگا عەسکەریەکاندا بە ئیعــــدامو حەپسو تەبعیــد مەحکوومیان کردن ·

حەوتویەك پاش لەداردانی قازیەکان روژی (١٧)ی خاکە لیوەی سالی (١٩٤٧) چوار ئەفسەری نیشتمانپەروەری هیــــزی بەرگری کوردســـــتان ، ( **محەمەدی ناظمی ، رەســـولی نەغەدەیی ، عبداللەی رەوشنفکر ، وە حەمیدی مازوچی** ) لە مەهاباد ئیعدام کران · بــە داخەوە لە سەر چونیەتی موحاکەمەو دیفاعی ئەم ئەفسەرانە هیچ

نووسراویک بە دەستەوە نیە • دادگای ئەوانە زور بە نهینیو کوتو بر بوو • تەنیا پاش لە دار دانیان خەبەری کوشتنیان بلاو بووه • بەلام ئەوەی گومانی لێ ناکریو ئاشکرایە ئەوەیە ، کە ئەم چوار ئەفسەرە نیشتمانپەروەرە ، پیاوانە لە بیرو باوەرو کردەوەی خۆیان دیفاعیان کردو ئامادە نەبون سەر بۆ دوژمن دا بنوینن‌و پشت لـــە ئامانجی خۆیان بکەن • هەر بۆیەش بە خیرایی و بە نهینـــی موحاکەمـــەو ئیعدامیان کردن •

ئەمانە هەر چواریان لە خیزانی کاسبکاری سابلاخی بوون ، وەسەبارەت بە تیکوشان‌و خەبات لە پیناوی رزگاری گەل‌و نیشتماندا، کرابوون بە ئەفسەر ، وە هەر لەو ڕیگایەش‌دا گیانی خۆیان بەخت کرد •

**ئەحمەدی وەستا حەسەن خەلکی ( نەغەدە )**

یەکیکی تر لە شەهیدەکانی گەلی کورد لە کاتی پەلاماری قشونی شاهەنشاهی دا ئەحمەدی وەستا حەسەن خەلکی نەغـــەدە بوو • ئەحمەد لە شاروکەی ( نەغەدە ) ناوچەی سندوس لـــە خیزانیکی زەحمەتکیشی ئاسنگەر لە دایك بوو • هەر لەم شارەش قوتابخانەی سەرەتایی تا پۆلی شەش خویند بوو • پاشان لە بەر دەست تەنگی‌و نەداری دەستی لە خوینـــدن هەلگرتبوو ، وە لـــە ئاسنگەری‌و کۆیرەوەری‌دا یاریدەی باوکی دەدا •

لە تەمەنی لاوینی‌دا بە سەربازیان گرت ، و لە کاتی تیکچوونی دەزگای رەزا شا دا ، لە شاری شاپورەوە ، ئەحمەد هەروەك کورە کوردیك تفەنگی برنوی خۆی هیناو هاتەوە ( نەغەدە ) • وە لەهەر لە نۆی دەستی کردەوە بە ئاسنگەری •

ریکخراوەی کومەلەی (ژ•ك) بە خیرایی سەرانسەری کوردستانی تەنیەوە ئەحمەدی وەستا حەسەن ،لە نەغەدە هاتە ناو ریکخـــراوی کومەلە و یەکی لە ئەندا ـ مەکانی چالاك‌و تیکوشەر بوو • لە سەردەمی حکوومەتی میللی کوردستاندا سەبارەت بە ژیری‌و خزمەتکردنی بـــە حیزب‌و میللەت لە شاری نەغەدە، کرا بە سەروکی پاسەوانی میللی لەو روژەدا کە قشونی ئیران گەیشتە نەغەدە ئەحمەدی وەستا حەسەن ئەریك



جوو رابکاو بچیتە ناو بارزانیە قارەمانەکان ،کە هیشتا لە گوندەکانی دەورو پشتی نەغەدە بوون بەلام لات‌و سەر سەریەکانی کە لە هەموو شۆینی لە لایەن قشونی شاهەنشا ـ هی‌یەوە ، چەکدار بوون‌و بە گژ خەلك دا دەگران دەرفەتیان نەدا دەرباز بێ لە پردی نیوان نەغەدەو گوندی بالغچی گرتیان‌و هەر لەویش سەریان بری قشونی شاهەنشاهی سەری براوی ئەم لاوە نیشتمانپەروەرەی بە نیشانەی سەرکەوتـــن بە ناو شاردا دەگیراو بە خەلکیان نیشان دەدا •

# جنایەتەکانی حکوومەتی شا پاش زالبوونەوەی بە سەر کوردستان دا

هەر وەك گوتمان ، حکوومەتی کۆنە پەرستی ئێران کە بە بیانووی چاوە دیری هەڵبژاردنی مەجلیسی نوینەران ، قشونی بۆ کوردستان و ئازربایجان نارد بوو ، کاریکی کرد کە قشونی داگیرکەری فاشیست لە ولاتەکانی داگیر کراو دا کرد بووی . لە سەرانسەری کوردستان و ئازربایجان حکوومەتی نیزامی داندرا . رەش بگیریەکی زور سەخت لەم دوو ناوچەیە دەستپێ کرا . نیزیکەی (٢٥) هەزار کەسیان لە ئازربایجان و کوردستان کوشت . هەزاران کەسیان مەحکووم کرد و بۆ ناوچەکانی جنووبیان تەبعید کردن .

حکوومەتی تاران لای وابوو کە بەم رەبرو زەنکو کوشتارە ، دەتوانی کوردستان بکاتە قەبرستانیکی کش و مات ، وە جوولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد سەر کوت بکا .

بەلام بە پیچەوانەی تێ بینی و ئاواتی سەروکەکانی حکوومەتی تاران ، لاوەکانی کورد کە ماوەیەك لە هەوای ئازادا ژیا بوون و تامی ئازادی و سەربەستی نەتەوایەتیان چیشت بوو، نەیانهیشت ئەم هەورە رەش و تاریکە بو ماوەیەکی زور عاسمانی کوردستان داپۆشی . بە گوورجی لێی وە خۆ کەوتن و تەم و مژیان لە سەر کوردستان رامالی .

ریژیمی شا کە بۆ پەشیو کردنی بیروڕای گشتی جیهان لە پیشدا وای دەنواند ، کە گویا لە کوردستان و ئازربایجان هیچ نەقەوماوە ، وە تەنیا بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنی مەجلیسی نوینەران قشونی بو ئەم ناوچەیە ناردوە ، لە پاشان ، دەستی کرد بە دعایە و تەبلیغات ، لە مەر سەرکەوتنی قشونی شاهەنشاهی ، وە دەتگوت فەتحی خەیبەری کردوە . روژی (٢١)ی مانگی سەرماوەزیان بە



روژی نەجاتی کوردستان و ئازربایجان ناو نا ، و ئیستاش هەموو سالی قشونی شاهەنشاهی لەم روژەدا ، یانی لە روژی کوشتاری خەڵکی کوردستان و ئازربایجاندا ئاهەنگ دەگیری و لە شارەکان قودرەتی تانک و تۆپی ئەمریکایی بە خەڵك نیشان دەدا .

پایزی سالی (١٩٤٧) بەم بونەوە هەوەڵین خۆ نواندنی نیزامیان لە مەهابادی خوێناوی ساز کرد . سوارەی عاشیرەتی کوردیشیان بۆ بەشداری لەم ئاهەنگەدا بۆ مەهاباد هینا بوو . دەبوایە دوا بە دوای قشون بە ریز برون . خەڵکی مەهابادیشیان بە زور هینا بوو لەو بەرەو بەری شەقامەکان رایان گرتبوون ، کە گۆیا بو قشونی کورد کوژی شا هوڕابکیشن و چەپڵە لی بدەن .

خەڵکی مەهاباد کە هێشتا لە تازیەی شەهیدەکان و تیکچوونی کوماری خودموختاری میللی دا بوون، بە بێ دەنگی ولێ نەدانی چەپڵە، تووڕەیی و ناحەزی خۆیان لە عاست قشونی شا دەر دەبری . هەر چەندەی ئەفسەرەکانی قشون و سەروکی شارەوانی و کوزدە بە کرێ گیراوەکان بە پیش خەڵکدا دەگەڕان و بە تکاو بە هەرەشە داوایان لێ دەکردن ، کە هوڕا بکیشن و چەپڵە لێ بدەن فایدەی نە بوو . لە جیاتی شایی و ئاهەنگ تەمی کش و ماتی عاسمانی مەهابادی داگرتبوو .

تا ئەو دەمە کە سوارەی هیندی دەرەبەگی خائینی مەنگوڕو دێبوکری گەیشتنە ناو خەڵك ، بە جاری بێ دەنگی شکا ، لەو بەرەو بەری شەقامەکان بوو بە هەرا . لێیان لە هەلا دەدان و بە جنیو و تف و لەعنەت و قسەی سوك پیشوازیان لێ کردن . لە بان و پەنجەرەکانی سەر شەقام و لە کولانانەوە ، وەبەر بەردیان دان . هیلکەو وورتکە بەردو جنیو ، وەك باران بە سەر سوارەی دەرەبەگە خائینەکانی مەنگوڕو مامەش و دێبوکری‌دا دەباری . هەر سوارەی ئەوانە بوو ، هەڵدەهات و لە کوڵان و پەناو پەسیواندا خۆی حاشار ئەدا .

ئەمە هەوەڵین هەنگاو بوو ، بۆ شکاندنی ئەو سامە ، کە حکوومەتی شا لە کوردستان دەی نواند . هەر چەندە زور کەس لە سەر ئەم روداوە گیران ، بەلام ئیتر خەڵك سامی شکا . سەر دەمیکە

لە مەهاباد بوو بە باو ، کاتی یەکیک لە دەزەبەگە خائینـــەکان ، لەوانەی کە لە سەر دەمی جوولانەوەی دیموکراتی کوردستاندا رایان کرد بوو ، وە هاوکاریان لە گەڵ حکوومەتی شا دەکرد بـــە بازارو شەقام دا بهاتایە ، لێیان لە هەرا دەداو فیتوویان بۆ لێ دەداو کابرا لە خووای دەویست دەر باز بێ • ئەمە نیشانەی تووڕیی و بیزاری خەلك بوو لە حکوومەتو لەو زوڵە کوردانەی کە لە گەڵ دەوڵەتی شا هاوکاریان کرد بوو یا دەیان کرد •



# زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەلام لاوەکانی کورد هەر بەوەندە وازیان نە هینا ، وە بو زیندوو کردنەوەی ریکخراوەکانی ح•د•ك• قۆلیان لێ هەڵمالی و دەستیان بە کار کرد • (١٥) ی مانگی ری بەندانی سالی ( ١٩٤٩ ) ، لە تاران قەستە سەری حەمە رەزاشا کرا • جاریکی دیکەش بۆ پەلاماردان و ڕاونانی هیزە نیشتمانیەکان بیانوو کەوتە دەســـتی حکوومەتی کونەپەستی تاران ، وە لە سەرانسەری ئیراندا دەست کرا بە گرتن و راونانی ئازادیخوازەکان و قەدەخە کردنی حزبو ریکخـــراوە نیشتمانیەکان • بە تایبەتی لە دژی حیزبی تودەی ئیران • سەدها کەس لە ئەندامە تیکوشەرەکانی ئەم حیزبە گیران و یا نەو روژنامە و دارایی حیزب تالانکراو ، وبەپێچەوانەی هەموو یاساو قانوونیك تیکوشانی ئەم حیزبە قەدەخە کرا •

کوردستانیش لەم پەلامارە ، وەپاش نەدرا • بەتایبەتی هەر نەو ســـەرو بەندەدا ، هەوەلین بلاوکراوەوە بە زمـــانی کوردی پاش تیکچوونی حکوومەتی خود موختاری کوردستان لە مەهاباد بـــلاو کرابووە • ئەم بلاو کراوەیە کە ناوی ( ڕێگا ) بوو ، لە لایەن کاك حەسەنی قزلجیو چەند هاوالی دیکەوە ، ئامادە کرابوو ، وە خەلکیان بو ژیاندنەوەی ح•د•ك• بانگ دەکرد • حکوومەتی ئیران کـــە لای وابوو جوولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد بە جاریٚ خنکاوە ، بەم کارە سەری لێ شیوا • دەستیان کرد بە گرتنی خەلك ، وە چـــەند کەس لە لاوە تیکوشەرەکانیان بە تاوانی پرو پوچ بە حەپسی دوورو دریژ مەحکووم کرد • بەلام ئیتر حەپسو ئیعدام و زەبرو زەنـــگ ، نەیدە توانی لاوەکانی کورد بترسینی و پیشی خەباتی رزگاری خوازی گەلی کورد بگری •

ح٠د٠ك٠ لە سەر بناغەیەکی پتەوتروو ریك و پیکتر دەسـتی کردەوە بە تیکوشان وە بە خیرایی لە سەرانسەری کوردستان ریشە هاژوی کرد . پیویستە ئەمەش لە بەر چاو بگرین کە حیزبی تودەی ئیران لە زیندو وکردنەوەی ریکخراوەکانی ح٠د٠ك٠دا یارمەتی دا. ئەم جـارە ح٠د٠ك٠ خەباتی خۆی تەنیا لە چوار چیـوەی مەسەلەی نەتەوایەتی دا تەنگەبەر نەکرد . بەلکوو خەباتی نەتەوایەتی بە گەل خەباتی دژی دەرەبەگایەتی وفەوتاندنی پیوەندیەکانی ئاغاو رەعیەتی ، وە رزگاری وەرزیرەکان لە چنگ زولم و زوری خاوەن ملکە مەزنەکان ( کە زوربەیان نوکەرو بەکری گیراوی حکومەتی کونەپەرستی شـا بوون ) تیکەل کرد . لە ناو وەرزیرەکاندا دەستی کرد بە تیکوشانی سیاسی و وریا کردنەوەی لادێیەکان و ڕیگا نیشاندانیان بــۆ رزگاری لە ژێر دەســتی حکومەتی دیکتاتوری پاشایەتی و لـــە چەوساندنەوەی دەرەبەگ و خائینەکانی خۆ مالی . هەر لە ســەر ئەوەش بوو ، کە لــە سەرانسەری کوردستان وەرزیرەکان ڕوویان دەکردە ناو حیزب ، وە ح٠د٠ك٠ یان بە رزگارکەرو ڕینوینی خۆیان دەزانی و هیزی بیچینەیی حیزب بوون .



# کوژرانی وەرزیران ، بە دەستی دەربەگ و مەعموورەکانی حکوومەتی تاران

**شەهیدەکانی ئەم قوناخە :ـ**

سالی ( ١٩٥٢ ) دوکتور مصدق سەرەك وەزیری ئەو وەختەی ئیران ، قانونیکی ئیسلاحی زەوی پەسند کرد ، کە بە قانونی سەدی ٢٠٪ ناسرا . بە گژیرەی ئەم قانونە ، دەبوایە سەدی ٢٠٪ داهاتی دەخل و دان و پارە لە خاوەن ملکەکان بستیندرێ . سەدی ١٠٪ بدرێ بە وەرزیرەکان ، وە سەدی ١٠٪ یەکەی تریش بۆ ئاوەدانی گوندەکان خەرج بکریت .

هەر چەندە ئەم قانونەش بە هیچ جۆر مەسەلە زەوی چـارە نەکرد ، بەلام بوو بە هۆیەك بە دەست وەرزیرەکانەوە ، بۆ خەبات لە دژی دەرەبەگەکان ، وە ئەسنتاندنی مافەکانیان .

مانگی رێبەندانی سالی (١٩٥٣) لە کوردستان لە ژێــر رابەرایەتی ح٠د٠ك٠ دا خەباتی وەرزیرەکان بە جاری پەرەی گرت . لە ناوچەی بوکان ، بەشی فیض‌الله بەگیان ، چۆمی مەجیدخان ، ناوچەی شامات ، شاروێران و سندوس ، وەرزیرەکان بۆ بـە جێ گەیاندنی ئەم قانونە ، یانی بۆ ئەستاندنی سەدی ٢٠٪ داهاتی خاوەن ملکەکان ، کومیتەی وەرزیریان دروست کرد . ئەم جارەش مەلاکانی کوردستان لە ریکخستن و یەکیتی لادێیەکاندا نەخشیکی گرینگیان هەبوو . وەرزیرەکان لەم خەباتە دا شیوەی جوانیان بە کار دەهینا . لە پیشدا کۆ دەبونەوە ، سویندیان دەخوارد ، کە خەیانەت بـە یەکتر نەکەن . پشتی یەکتر بگرن . پاشان دراویان کۆ دەکردەوە ، کە بو شکایەت و هاتو چۆی دایرەکانی دەولەتی و بەر پەرچ دانەوەی گیچەڵی مەعموزەکانی حکومەتی بێ پارە نەبن .

هەر چەندە بەنهینی لە گەل حزب پیوەندیان هەبوو ، بەلام

شکلی حزبیان بەم خەباتە نەدەدا • وە بە ناوی خەبات بۆ بەجێ گەیاندنی قانونی دەولەت تیدەکوشان •

لە کوردستان دەرەبەگە خائینەکان ، کە لە لایەن قشونەوە پشتیبیوانیان لێ دەکرا ، لە جیاتی مل ڕاکیشان بۆ ویست و داخوازی وەرزیرەکان ، کەوتنە بەربەرەکانی و دەرکردن و جەریمە کردن و سوکایەتی پێ کردنی وەرزیرە تیکوشەرەکان •

لە گوندی « گول » ناوچەی ( محالی ئەختە چی ) برایم ئاغای قارەمانی ، کە یەکیک لە دەرەبەگە خائینەکانی کوردستان و نوکەری ناسراوی حکومەتی شا بوو ، خەریك بوو ( مەلا عەولا ) پیش نویژی گوندەکە دەربکا و سووکایەتی پێ بکا • بەلام وەرزیرەکان پیاوانە لە سەری وە دەنگ هاتن و نەیانهیشت لە دێ دەر بکری • ئەم دەرەبەگە خائینە کە لە زووە بە پیاوی حکومەت ناسرا بوو ، هاواری بو دەرەبەگ و خاوەن ملکەکانی ئەو مەلبەندە نارد و لەشکریان کۆ کردەوە کە بچنە سەر گوندی « گول » ، وە جوتیارەکان تالان و لە دێ دەریان بکەن •

کومیتەکانی ح•د•ك• لەو مەلبەندە ، داوایان لە وەرزیرەکان کرد ، کە پشتی یەك بگرن وە هەر خاوەن ملکیك کە بە هاواری برایمی قارەمانیەوە بچێ ، لە گوندەکە دەری بکەن • وەرزیرەکانی ئەم ناوچەیە لە هەموو شوێینی ، لە بەرامبەر خاون ملکە خوین مژەکاندا ویستان و بەربەرەکانییان کرد • دیهاتی « گول ، مەلالەر ، عەنبار ، ناچیت ، شاریکەند ، رەحیمخان ، وە ناوچەی فیض‌الله بەگیان » ناوەندی ڕاپەرین و بەربەرەکانی وەرزیرەکان بوو • دەرەبەگەکان گوندەکانیان بەجێ دەهیشت و بۆ شاری بوکان هەلدەهاتن ، کە ببوە مەکۆی خائن و پیلانگیرەکان و دوژمنەکانی خەلك • وەرزیرەکان بۆ بەربەرەکانی و پاریزگاری خۆیان دەستەی چەکداریان پیك دەهینا •

ڕوژنامەکانی کونەپەرستی تاران دەیان نووسی « کوردستان بوتە کومونیستی » •• فریـــای دەرەبەگەکان کەون « سەرتیپ ( مظفری ) فەرماندەی سوپای مەهاباد ، لەشکری بە تانگ و توپەوە بە هاواری ئەم دەرەبەگانەوە نارد ، کە دوای جنایەت لە گوندەکان



رایان‌کرد بوو ، لە بۆکان لە گەماروی وەرزیرە چەکدارەکان دا بوون• لە مەهابادەوە لەشکر گەیشتە بۆکان ، وە لە پیش هەموو شتیکدا ، چەکیکی زوریان دا بە دەرەبەگەکان ، وە بە کومەگی ژاندارم و قشون راپەرینی وەرزیرەکان سەر کوتکرا •

لە مەر کوشتن و جنایەتی قشونی شاهەنشاهی و دەرەبەگە خائینەکان بە داخەوە میاییو ئەژمارەیەك بە دەستەوە نیە ، بەلام لە تەواوی ئەم ناوچەیە ، وە بە تایبەتی لەو گوندانەی کە خاوەن ملکەکانیان ڕایان کرد بوو ، دەستیان‌کرد بە کوشتار و تالان • تەنانەت منالی بەر مەمکانیشیان بە بیشکەوە هاویشتبوە نـــاو چەمی ( تەتەهو ) • خەلك لە ناوچەی شامات ، لە گونـــدەکانی « قەباکەندی ، خویریاوا ، تازەکەند » تەرمی کوژراوەکان و بیشکەی منالە خنکاوەکانیان لە ناو چۆم دەگرتەوە •

دەرەبەگەکان لە لایەن لەشکرەوە چەکدار کرا بـــوون ، وە دەستیان لە هیچ جنایەتیك نە دەگیراوە • سەدها مالە وەرزیر لە گوندەکان دەر کرا بوون و لە چول و سەحرا دەژیان • لە گوندی « کانیە زەش » ( ڕەحمانی کوڕی عەلی ئاغای حاجی ئیلخانی ) بـە خۆیو بە نۆکەرەکانیەوە ، بەری دەرکێ بە جوتیاریك دەگرێ ، کـە ناوی بابەخان بوو • دەیەوی دەست دریژی بۆ کیژەکەی بـــکا • بابەخان لە گەل کوڕەکانی پیشی ، دەست دریژی ئەم دەرەبەگە خوین مژ و خائینە دەگرن و بەربەرەکانی دەکەن • بەلام ڕەحمانی عەلی‌ئاغا ( عەلی ) کوری بابەخان وەبەر دەمانجەدەداو دەیکوژی •

ڕیکخراوەکانی ح•د•ك• لە هەموو شوێینی دەنگی رەخنە و ئیعترازی خۆیان لە دژی جنـــایەتی دەرەبەگەکان و مەعمورەکانی حکومەتی شا بەرز کردەوە • نەك هەر ئەوە ، بەلکو و بە کردەوەش بۆ پشتیوانی و کومەگی وەرزیرە لێ قەوماوەکان وە خۆ کەوتن • مالە دەر کراوەکانیان پەنـــا دەدا و پیتاکیان بۆ کۆ دەکردنەوە • ڕوژنامەکانی سەر بە حیزبی تودە لە تاران جنایەتی لەشکری مەهاباد و دەرەبەگەکانیان لە قاو دەدا •

کومیتەی مەحەلی ح•د•ك• لە ( سندوس ) گاوو گوێلیکی زۆری وەرزیرە تالانکراوەکانی لە پیاوی دەرەبەگەکان ئەستاندەوە ، کـە

بۆ فروشتن بۆ بازاری ( مەحمەدیاریان ) نارد بـــوون • پاشان خاوەنەکانیان بە هۆی حیزبەوە ئاگادار کران و گاو وگوێلی خۆیان وەر گرتەوە •

حکومەت مەجبور بوو لە ژیر زەختی بیروڕای خـــەلکی کوردستان و روژنامە پیشکەوتوەکانی تاران چەند دەرەبەگێک بە تاوانی کوشتنیی وەرزیرەکان حەپس بکا • بەلام پاشبان بە بەرتیلیکی زور هەموویان بەرەلا کران •

روژنامەی ( بانگی مەردم ) لە ژمارەی هەوەلی ئاوریلی (١٩٥٣) دا نووسیبووی : « برایمی قارەمانی قاتلی لادێیەکانی کوردستان ، بیست هەزار تمەن و سێ ئەسپی داوەبە سەرتیپ ( مظفری ) ، فەرماندەی سوپای مەهاباد و بەرەلا کراوە » •

بەم چەشنە ڕاپەرینی وەرزیرەکانی کوردستان ، لە دژی زولـم و زوری و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان ، بە کومەگی لـشـکر سەر کوتکرا • زوربەی کوژراو تالانکراوەکانی ئـــەم کارەساتە ، ئەندامەکانی ح•د•ك• بوون •

**کوشتار و گرتنی لاوەکان :**

حکوومەتی کونە پەرستی ئیران کە دەستەکانی بە خوێنی گەلی کورد سوورکرد بوو ، لە هیچ جنایەت و کوشتاریک لە کوردســتان دەستی نە دەگیراوە •

مانگی جوزەردانی سالی (١٩٥٣) ریکخراوەی لاوانی ح•د•ك• ، بو ئامادەیی و پیشوازی لە چوارەمین فیستیوالی جیهـــانی لاوانی دیموکرات ، بریاری‌دا کە لە شاری مەهاباد کوبوونەوەیەکی گەورە لە لاوانی کوردستان پیک بینی• روژی (١٥)ی مانگی جوزەردان، لەسەر ئەم بریارە قوتابی و لاوەکانی مەهاباد بەرەو ( باغی میکائیل ) لـە دەرەوەی شار کە بۆ شوینی کوبونەوەکە دیاری کرا بوو ، کەوتنە ڕێ • تازە خەلك دەگەیشتە ناو باغ و کوبونەوە و ئاهەنگی لاوان دەستپێ دەکرا ، کە بە فەرمانی سەرتیپ ( مظفری ) فەرماندەی سوپای مەهاباد ، پۆلیك سەرباز بە سەروکایەتی سەر "ســورد ( زاد پور ) فەرماندەی دژبانی مەهـــاباد ، باغی میکائیل ، یانی



شوینی کوبونەوەی لاوەکانی گەمارودا ، وە بە بێ تێخوڕین و دەنگدان ، تەقەیان لە لاوەکان کرد •

لەم دەستریژە دا ( حەسەنی رەمەزانی ) کوریکی ، خـــەلکی مەهاباد بە گوللەی ئەو سەربازانە کوژرا ، دوو کەسیش بریندار بوون • لەم روژە دا سەربازەکانی قشونی شا ، ڕووی فاشیستەکانی هیتلەریان سپی کردەوە • بیجگە لەم کوژراو و برینداران ، دەها لاو وقوتابی لە ژیر لێدان و وەحشیەتی سەربازەکانی قشوندا هیلاك و لە سەرە مەرگدا بوون • بەلام سەرە ڕای ئەوەش لاوەکانی مەهاباد تەرمی کوژرا و برینداوەکانیان بەجێ نەهیشت ، لە سەر شانیان دانان و بو ناو شار گەرانەوە •

خەلکی مەهاباد بە جارێ ڕژانە سەر شەقامـەکان وە یەکیتی و هاوپیوەندیەکی بێ وینەیان لە خۆ نیشاندا • لە کاتیکا تـەرمی شەهید و برینداوەکانیان بە سەر شانەوە بوو ، وە شانە و شانیان پێ دەکرد ، دروشمی ( سزا دانی قاتلەکان بمرن پیاو کوژەکان ) شاری دەلەرزاند • فەرماندەی سوپای مەهاباد لە تەوژمی یەکیتی خەلك ، کەوتە ترس‌و بۆ بلاوەپێ کردنی خۆپیشاندانەکە ، سەربازیکی زۆری بە ناو شار وەز کرد •

سەرباز و ژاندارمە و پولیس ، کەوتنە گیانی خەلك و دەستیان کرد بە لێ دان و تەقە و گرتن ، تەرمی شەهیدەکانیان لە خـەلك هەستاندەوەو (٧٠) کەسیان لە لاوەکان و تیکوشەرەکانی حیزبی‌گرت و بردیاننە بەندیخانە •

بەلام یەکیتی خەلك و شکایەت و ناردنی بروسکە بۆ تاران و بە تایبەتی کۆبونەوەی ئافرەتانی کوردستان لە تیلگرافخانە لــە ژیر ڕابەرایەتی ح•د•ك• نەخشە و پیلانی سوپای مەهابادی تیکدا ، کە خەریك بوو کوشتنی ( حەسەنی رەمەزانی ) بە سەر چەند ئەندامی ح•د•ك•دا ببری •

نیزیکەی سەد کەس لە یەکیتی ئافرەتانی کوردستان ، لــە تیلگرافخانەدا کو بوونەوە و ڕایانگەیاند ، کە تا ئازاد کردنی تەواوی گیراوەکان ، نایـــەنە دەرێ • یەکیتی خەباتی خەلکی مەهاباد ، پشتیوانی و ئیعترازی ریکخراوەکانی حیزب لە شارەکانی تـــری

کوردستان ، وە هاپیوەندی و وە دەنگهاتنی هیزە دیموکراتیەکانی ئیران حکوومەتی مەجبوور کرد ، پاشە کشە بـــکا و پاش‌پینج روژ تەواوی گیراوەکانی ئەم رووداوەیە بەرەلا بکا •

روژنامەی ( کومسومولسکایا پراودا ) لو[illegible]کانی لاوانـــی کومونیستی لینینی لە یەکیتی سوویتی لە ژمارە[illegible] دووهەمی مانگی گەلاویژی (١٩٥٣)دا نووسیبوری :

« لەم روژانە دا لە باغەکانی قەراخ شاری [illegible]ەهاباد لــــە ( کوردستان ) چەند سەد لاوی کورد ، بە بۆنەی ئامادە بوون ، بۆ چوارەمین فیستیوالی جیهانی لاوانەوە ، خەریکی ساز کردنی ئاهەنگ بوون • هیزی پولیسو عەسکەر باغەکەیان گەمارو دا بوو ، لاوەکانیان وە بەر گوللە دا ، چەند کەس کوژران و هیندیکیش بریندار بون »•

پاش کووشتاری وەرزیرەکانی کوردستان ، حەسەنی رەمەزانی قوربانیەکی تری گەلی کورد بوو ، کە بە دەستی جەلادەکانی حکوومەتی تاران شەهید دەکرا •



# کودیتای ٢٨ی گەلاویژ و زالبوونی کونەپەرستی رەش لە ئیران

کودیتای (٢٨)ی گەلاویژی (١٩٥٣) کە بەرهەمی پیلان و نەخشەی ریکخراوەی ناوەندی جاسوسی ئەمریکا ( سیا ) بـــوو ، لەبەر هەلە و پەرشو بلاوی هیزەکانی دیموکراتیك و نیشتمانی توانی رەشترین و کونە پەرستترین حکوومەت بە سەر ئیراندا زال بکا و تەواوی دەستکەوتەکانی خەباتی چەند سالەی گەلەکانی ئیران پێ شیل بکا •

هەر لە روژی سەرکەوتنی کودیتاوە ، هورووژمیکی درندانە و خویناوی بو سەر هیزەکانی دیموکراتیك و نیشتمانی ، وە بە تایبەتی بۆ سەر ( حیزبی تودەی ئیران ) کە بە هیز ترین ریکخراوی سیاسی و پیشکە و تووی ولات بوو دەستپێ کرا • هەزاران کەس لە ئەندامانی ئەو حیزبە و هیزە دیموکراتیەکانی تر ، گیران کوژران و کەوتنە بەندیخانە کانەوە •

کوردستانیش لەم هوروژمە هەلنە بویردرا • ســـەدها کەس لە کادرو ئەندامەکانی ح•د•ك• گیران و کەوتنە بەر ئازارو جەزرەبەی پولیسو قشونی حکوومەتی کوودیتاوە •

هەر چەندە لەم هوروژمەدا لە هەوەلەوە کەس لە کوردستان نە کوژرا ، بەلام بۆ سەر کوتکردنو لە ناوبردنی جوولانەوەی رزگاری خوازی کورد لەو پەری درندەیی و وەحشیەتی دا لە گەل گیراوەکان دەبزوتنەوە • بۆ تیك شکاندنی گیانی خۆ راگریو بەربەرەکانی ئەندامانی حیزب ، لە هیچ جنایەتیك وەك « داغ‌کردن ، سوتاندن ، گوشت‌برینی باسك و ران ، هەلواسینی سەرەوژیر ، دەستبەندی قەپانی » و هی‌تر دەستیان نە دەگیراوە •

ریژیمی کودیتا ، پاش هـــورووژم و پەلامـــار دانی هیـــزە

دیموکراتیەکان و کوشتاری ئازادیخوازان ، بە تایبەتی پاش گرتن و کوشتنی بە کومەلی ئەفســـەرە ئازادیخوازەکانی ( ئەندامــی ریکخراوەی عەسکەری حیزبی تودەی ئیران ) نەك هەر هەموو مافیکی ئازادی و دیموکراتیکی لە خەلك زەوتکرد و نەوتی ئیرانی داوە بــە مونوپولەکانی ئیمپریالیستی ، ئیرانی کردەمەیدانی تالان و راو روتی موتوپولەکانی روژ ئاوا ، بەلکو و بۆ لایەنی ئیرانیشی | ێ شیل کرد و بوو بە ئەندامی پەیمانی پەلاماردەری ( بەغدا ) ٠ ( سەنتوی ئیستا ) ٠ یەکی لە ئامانجەکانی ئەو پەیمانە ، کە ئیمپریالیستەکان بناغەیان دا روشتبوو ، ئەوە بوو کە هەموو جوولانەوەیەکی رزگاری خوازی لەو ولاتانەدا سەر کوت بکا ٠ ئەو پەیمانەش وەك پەیمانی ( سەعد ئاباد )ی گور کراو سەر کوت کردنی جوولانەوەی رزگاری خوازی کوردیشی دە گرتەوە هەر وەك لە پەلامار دانی جوانروییەکان دا بە کردەوە دەر کەوت ٠

**هەوەلین پەلامار بو سەر گەلی کورد پاش کودیتا :**

هەوەلین هەنگاوی حکوومەتی کونە پەرستی ئــیران ، پاش چوونە ناو پەیمانی بەغدای گوڕ کراو لە دژی گەلی کورد ، پەلامار دانی جوانروییەکان بـــوو ٠ عاشیرەتی جوانڕو پاش تیکچوونی حکوومەتی رەشی رەزاشا ، ئیتر بە ئازادی دەژیا ٠ قشونی شا چەند جار هورووژمی کرد بوە سەر ئەم عاشیرەتە ئازایە ، بەلام هەموو جاری شکابوو بەرەو دوا کشا بووە ٠

ئەم جارە پاش بەستنی پەیمانی بەغدا ، بە پشت ئەستووری ئەمریکاو حکوومەتی نوری سەعید قشونی شا بە (٤٥) هەزار کەسەوە هورووژمی کرد ٠ فروکەکانی ئیران جوانڕویان بومباران دەکرد ٠ یەکێ لە براکانی شا لە گەل چەند ئەفسەری ئەمریکایی ، فەرمانی بومباران و سوتمانیان دەدا ٠ حکوومەتی نوری سەعید قشونی نارد بوە سەر سنوورو پشتی لە جوانڕوییەکان گرتبوو ٠ ( عومەر عەلی ) متصرفی ئەو وەختەی سلیمانی بۆ هاو کاری لە گەل قشونی ئیران چوو بوە کرماشان ٠ فروکەکانی قشونی ئیران لە هەلەبجە دە نیشتنەوە و پاش وچانیك سەر لە نوێ جوانڕوییەکانیان بۆمباران دەکردەوە ٠ لە گەل ئەمەش دەستەیەك لە جوانڕوییەکان لە پیش قشونی ئیران



ویستان و شەریان کرد ، تا دوامین خیزانی جوانرویی گەیشتنە سەر چیاکان و ناو لیرەوارەکان ، ئەو سا قشونی شا توانی پێ بنیتە خاکی جوانرووە ٠

کوفاری « میژدو نارود نایا ژیزن » ( ژیانی ناو نەتەوایەتی ) چاپی موسکو ، لە ژمارەی چواری (١٩٥٦)دا نووسیبووی :

« لە بەرزاییەکانی زنجیرە چیاکانی زاگروس ، لــە هەریمی کرماشان ، عاشیرەتیکی کوردی ( جــوانرو ) دەژی ٠ کوردەکان خەلکیکی هەرە قەدیم و رزگاری خوازن ٠ لە رابردودا عاشیرەتەکانی کورد ، لە ئاسیای روژ ئاوادا ، خاکیکی زوریان بە دەستەوە بوە کە بە کوردستان ناسراوە ٠

سالی (١٥١٤)ی میلادی بەشیکی زوری ئەم خاکە تیــکەلای عوسمانی کرا ٠ بەشیکیشی تیکەل بە ئیران کرا ٠ دوای شــەڕی هەوەلی جیهانی ( کوردستان ) ئەم خاکەی کە کوردەکانی تێ دا دەژین ، لە نیوان تورکیاو ئیران و عیراق و سوریا دا بەشکرا ٠ بە دریژایی سەدها سال کوردەکان لە کەمایەتی نەتەوایەتی دا بوون ، وە قازانجی ژیانیان خراوەتە ژیر پێوە ٠ لە ئەنجامدا ڕوژ بــە ڕوژ پتر ناڕازی دەبن ٠ کوردەکان هەول دەدەن ، لانی کەمی مافی نەتەوایەتی خۆیان دابین بکەن ٠

عاشیرەتی جوانرو کە سالەها بە هیمنی ژیاوە ، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ، کە جوولانەوەی رزگاری نیشتمانی خەلکەکانی روژ هەلات پەرەی گرت ، عاشیرەتی جوانروش ، جورە خــود موختاریەکیان وە دەست هینــــا ٠ وەك روژنامەی ( اطلاعات ) دەنووسی ، عاشیرەتی جوانڕو ، خۆی بە سەر بەخۆ دا دەنا ٠ وە نەی دەهیشت ژاندارم و قشونی دەولەتی بچیتە خاکی جوانڕووە ٠ ئەگەر پەیمانی بەغدا لە روژ هەلاتی نیزیك و ناوەراستا ، ساز نــە کرا بایە ، ئەم عاشیرەتە لە مەو بە دواش هەر بەو جۆرە دەژیا ٠ عاشیرەتی جوانڕو بۆ ڕیکخەرەکانی پەیمانی بەغدا ببوە بەر هەلست ، چوونکە لە سنوورەکانی ئیران و عیراق ، لە باری استراتژیەوە ، مەلبەندیکی زور گرینگی بە دەستەوەیە ٠

پینجی ( فەوریە ) ڕێ بەندانی سالی (١٩٥٦) دەولەتی ئیران بە سەروکایەتی سەرهەنگ ( جەم ) هورووژمیکی عەسکەری بــۆ

دیموکراتیەکان و کوشتاری ئازادیخوازان ، بە تایبەتی پاش گرتن و کوشتنی بە کومەڵی ئەفسـەرە ئازادیخوازەکانی ( ئەندامی ریکخراوەی عەسکەری حیزبی تودەی ئیران ) نەك هەر هەموو مافیکی ئازادی و دیموکراتیکی لە خەڵك زەوتکرد و نەوتی ئیرانی داوە بـە مونوپولەکانی ئیمپریالیستی ، ئیرانی کردەمەیدانی تالان و راو روتی موتوپولەکانی روژ ئاوا ، بەلکو و بێ لایەنی ئیرانیشی لێ شیل کرد و بوو بە ئەندامی پەیمانی پەلاماردەری ( بەغدا ) ( سەنتوی ئیستا ) . یەکی لە ئامانجەکانی ئەو پەیمانە ، کە ئیمپریالیستەکان بناغەیان دا روشتبوو ، ئەوە بوو کە هەموو جوولانەوەیەکی رزگاری خوازی لەو ولاتانەدا سەر کوت بکا . ئەو پەیمانەش وەك پەیمانی ( سەعد ئاباد )ی گور کراو سەر کوت کردنی جوولانەوەی رزگاری خوازی کوردیشی دە گرتەوە هەر وەك لە پەلامار دانی جوانروییەکان دا بە کردەوە دەر کەوت .

**هەوەلین پەلامار بو سەر گەلی کورد پاش کودیتا :**

هەوەلین هەنگاوی حکوومەتی کونە پەرستی ئـیران ، پاش چوونە ناو پەیمانی بەغدای گوڕ کراو لە دژی گەلی کورد ، پەلامار دانی جوانڕوییەکان بـــوو . عاشیرەتی جوانڕو پاش تیکچوونی حکوومەتی رەشی رەزاشا ، ئیتر بە ئازادی دەژیا . قشونی شا چەند جار هورووژمی کرد بوە سەر ئەم عاشیرەتە ئازایە ، بەلام هەموو جاری شکابوو بەرەو دوا کشا بووە .

ئەم جارە پاش بەستنی پەیمانی بەغدا ، بە پشت ئەستووری ئەمریکاو حکوومەتی نوری سەعید قشونی شا بە (٤٥) هەزار کەسەوە هورووژمی کرد . فروکەکانی ئیران جوانڕویان بومباران دەکرد . یەکێ لە براکانی شا لە گەل چەند ئەفسەری ئەمریکایی ، فەرمانی بومباران و سوتمانیان دەدا . حکوومەتی نوری سەعید قشونی نارد بوە سەر سنوورو پشتی لە جوانڕوییەکان گرتبوو . ( عومەر عەلی ) متصرفی ئەو وەختەی سلیمانی بۆ هاو کاری لە گەل قشونی ئیران چوو بوە کرماشان . فروکەکانی قشونی ئیران لە هەلەبجە دە نیشتنەوە و پاش وچانیك سەر لە نوێ جوانڕوییەکانیان بۆمباران دەکردەوە . لە گەل ئەمەش دەستەیەك لە جوانڕوییەکان لە پیش قشونی ئیران



ویستان و شەریان کرد ، تا دوامین خیزانی جوانرویی گەیشتنە سەر چیاکان و ناو لیرەوارەکان ، ئەو سا قشونی شا توانی پێ بنیتە خاکی جوانرووە .

کوڤاری « میژدو نارود نایا ژیزن » ( ژیانی ناو نەتەوایەتی ) چاپی موسکو ، لە ژمارەی چواری (١٩٥٦)دا نووسیبووی : « لە بەرزاییەکانی زنجیرە چیاکانی زاگروس ، لە هەریمی کرماشان ، عاشیرەتیکی کوردی ( جـوانرو ) دەژی . کوردەکان خەلکیکی هەرە قەدیم و رزگاری خوازن . لە رابردودا عاشیرەتەکانی کورد ، لە ئاسیای روژ ئاوادا ، خاکیکی زوریان بە دەستەوە بوە . کە بە کوردستان ناسراوە .

سالی (١٥١٤)ی میلادی بەشیکی زوری ئەم خاکە تیـکەلای عوسمانی کرا . بەشیکیشی تیکەل بە ئیران کرا . دوای شـەڕی هەوەلی جیهانی ( کوردستان ) ئەم خاکەی کە کوردەکانی تێ دا دەژین ، لە نیوان تورکیاو ئیران و عیراق و سوریا دا بەشکرا . بە دریژایی سەدها سال کوردەکان لە کەمایەتی نەتەوایەتی دا بوون ، وە قازانجی ژیانیان خراوەتە ژیر پێوە . لە ئەنجامدا روژ بـە روژ پتر ناڕازی دەبن . کوردەکان هەول دەدەن ، لانی کەمی مافی نەتەوایەتی خۆیان دابین بکەن .

عاشیرەتی جوانرو کە سالەها بە هیمنی ژیاوە ، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ، کە جوولانەوەی رزگاری نیشتمانی خەلکەکانی روژ هەلات پەرەی گرت ، عاشیرەتی جوانروش ، جورە خـود موختاریەکیان وە دەست هینـــا . وەك روژنامەی ( اطلاعات ) دەنووسی ، عاشیرەتی جوانڕو ، خۆی بە سەر بەخۆد دا دەنا و وە نەی دەهیشت ژاندارم و قشونی دەولەتی بچیتە خاکی جوانڕووە . ئەگەر پەیمانی بەغدا لە روژ هەلاتی نیزیك و ناوەراستا ، ساز نـە کرا بایە ، ئەم عاشیرەتە لە مەو بە دواش هەر بەو جۆرە دەژیا . عاشیرەتی جوانڕو بۆ ڕیکخەرەکانی پەیمانی بەغدا ببوە بەر هەلست ، چوونکە لە سنوورەکانی ئیران و عیراق ، لە باری استراتژیەوە ، مەلبەندیکی زور گرینگی بە دەستەوەیە .

پینجی ( فەوریە ) ڕێ بەندانی سالی (١٩٥٦) دەولەتی ئیران بە سەروکایەتی سەرهەنگ ( جەم ) هورووژمیکی عەسکەری بـــۆ

سەر عاشیرەتی جوانرو دەستپێ کرد . پاش سووتاندن و بۆمباران و ویرانکردنی دێهاتی جوانروییەکان ، بە گویرەی سنیایی و ئەژمارەی رەسمی ستادی قشونی ئـــیران ، نیزیکەی (١٠٠) کەس لــە جوانروییەکان کوژراون ، (٣٠٠) کەس بریندار بوون ، (١٢٠٠) کەس پیرە میرد و ژن و منال ، بە دیل گیراون » .

گووازی ( اطلاعاتی حەفتەیی ) چاپی تاران یازدەی مانــگی رەشەمەی سالی (١٩٥٦) نووسیبووی : « پاش چـــوارده ســـال ناوچەیەکی گەوزەی گەلیك گرینگ تیکەلاوی ئیران کرایەوە . لــە ماوەی ئەم چوارده ساله دا ، دەولەتی ئیران چەند جار لەشـــکری نازدە سەر ئەم ناوچەیە وە شەڕی خۆیناوی کرد . تەنانەت لــە تارانەوە هیزی حەواییش بۆ یاریدەی قشـــون ناردرا ، بـــەلام نەتیجەی نەبوو » .

بەم جورە دەبینین ، حکوومەتی شا ، لە دوای ئەوەی کە چڕە ناو پەیمانی ( سەنتو ) بە هۆی پەلامار دانی عاشیرەتی جوانرو ، وە کوشتاری خویناوی لەم ناوچەیە ، بە پشتیوانی ئیمپریالیستەکان ، دەسەلاتی خۆی بە سەر ئەم بەشەی کوردستانیشدا ســـەپاند .



## هەوەلین شەهیدی دەستی سازمانی ئەمنیەت

مەلا رەشیدی مام عەلی خەلکی گەورە قەلا ناوچەی سەر شیوی سەقز یەکیك لە ئەندامانی تیکوشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو . سالی ١٩٥٦ لە کوندی عەلیاوای ئایچی کرا بوو بە معلمی قووتابخانە . مەلا رەشید بیجگە لە ئەرکی ماموستایی قووتابخانە بە چالاکی و کیانفیدایی ئەرکی حیزبیشی بەریوە دەبرد . لــە ناو خەلکدا ریزو حوورمەتیکی زوری هەبوو . وەك خەم خوری خەلك و رینوینی خەبات لەم ناوچەیە دا ناسرا بوو .

سازمانی ئەمنیەت کە تازە دادەمەزرا و بو چاو ترسـاندنی خەلك و سەر کوت کردنی جوولانەوەی رزگاری خوازی باسکی لی هەلدەمالی ، مەلا رەشیدی مەلا عەلی خستە بەر سیلەی چاوی تـا شەویکی چەند پولیسو سەر ســـەری لی وە ژوور دەکەون و دەیخنکینن .

مەلا رەشید هەوەلین قووربانی سامانی ئەمنیەتی شا بوو لــە ناوچەی سەقزو بیرەوەری ئەو ئەندامە بە شەرەفەی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەمیشە لە دلی خەلکدا زیندوە .

**شیخ جلالی تاهیری :**

یەکی دیکە لەشەهیدەکانی ح.د.ك. پاش کودیتای شـــوومی ٢٨ی گەلاویژ شیخ جەلالی تاهیری خەلکی دەربەندی سندوس بوو . شیخ جەلال پیاویکی بە کارو بو خەلك دلسوز بوو . لە سەردەمی رەزا شا دا بە تاوانی سەر بزیوی و لە سەر خەلك وە دەنگ هاتـن بەند کرا بوو تا رووخانی ریژیمی رەشی رەزا شا لە بەندیخانەی ورمی دابوو .

پاش تیکچوونی دیکتاتوری ، شیخ جەلال، لە بەندیخانە هاتەدەری و دەستی کرد بە تیکوشان و هەلسورانی سیاسی . لە بەر ئـــەوە کە زمانی روسی دەزانی ، وە لـــە ســـەر دەمی شورشی مەزنی سوسیالیستی ئوکتوبردا لە روسیا ببوو ، لە گەل نوینەرانی ئوردوی

سور له ( ورمی ) پیوەندیکی کپی هەبوو . وە چەند جار لە میتینگ و کوبونەوەی هەراوی گەلدا له بارەی ئازادی کوردستان و وەدەست هینانی مافی نەتەوایەتی و وریا کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و له دژی حکومەتی شا وتاری دان .

پاش دامەزرانی کومەلەی (ژ. ك.) شیخ جەلال ، نەك هەر خۆی بوو بە ئەندامی کومەلە ، بەلکو بە چشنیکی شیاگیر بۆ بلاوکردنەوەی بیرو باوەری کوردایەتی تێ دەکوشا .

لە کاتی دامەزرانی حکومەتی میللی کوردستاندا ، له کوبونەوەی مەزنی شاری مەهابادا ، شیخ جەلال وتاریکی داو بەم بۆنەوە ، سێ دانگ ملکی خوی له گوندی ( دەربەند ) پیشکیش به کوماری میللی کوردستان کرد . روژنامەی کوردستان ، ئورگانی حزب و حکوومەتی میللی ، ئەم هەنگاوەی شیخ جەلالی بە نمونەی دلسوزی و نیشتمانپەروەری ناو برد بوو .

سالی ١٩٤٩ دوای تیکچونی حکوومەتی میللی ، شیخ جەلال ، لە گەل ریکخراوە نهینیەکانی حیزب پیوەندی راگرت و یەکی لەم نیشتمانپەروەرانە بوو ، کە حیزب لە زور بارەوە کەلکی لی وەر دەگرت . شیخ جەلال بێ پەناو شاردنەوە لە هەموو شوینێ لە دژی چەوساندنەوە و زولمی دەرەبەگەکان تەبلیغاتی دەکرد و وەرزیرەکانی بۆ خەبات و بەربەرەکانی وریا دەکردەوە . وە درکی چـاوی دەرەبەگە خوین مژەکان بوو .

لە بەهاری سالی (١٩٥٥) دا ، قادرئاغای بابخالاوی ، کە بە میوانی چوبوە مالی شیخ جەلال ، لە کاتیکا لە مالی ئەو دانیشتبو ، دوو نوکەری چلکاو خوری فیرکرد بوو، لە کاتیکا شیخ جەلال بۆ کاری تایبەتی چو بوە دەرەوە ، دەستریژیان لێ کردو کوشتیان .

دەزگا ئینتزامیەکانی حکومەتی شا ، چەند روژیك قادرئاغاو پیاوەکانیان گرتو پاشان بە بەرتیلیکی زور بەرەلایان کرد و خوینی شیخ جەلالیان پێ‌ری خست . ئەوەندەی پێ نەچوو ، قادرئاغا هاتە سەر ملكو مالی شیخ جەلال و ژنەکەشی مارەکردو ملكو داراییەکەشی داگیر کرد . شیخ جەلال پیاویکی بێ کەس‌بوو ، کەسی نەبوو تولەی بستینی . جنایەتی قادرئاغای بابخالاوی لە سایەی حکوومەتی سەر بە ئیمپریالیستی شاوەوە داپوشرا ولێی نەپرسراوە .



# پەلاماری سازمانی ئەمنیەتو شەهیدەکانی ئەم قوناخە

شورشی چواردەی تەموزی (١٩٥٨)ی عیراق ، کە رژیمی بۆگەنی پاشایەتی رووخاند ، زەبریکی گورچوو بریش بوو کە ، لە روژهەلاتی ناوەراست ، لە ئیمپریالیزم و کونە پەرستی درا . پەیمانی بەغدای لەقو لوق کرد . راگەیاندنی کوماری عیراق بە کوماری کورد و عەرەب ، وە ناسینی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد ، حکومەتی کونە پەرستی شای تاساند . سەرانسەری کوردستانی ئیرانیان خستە ژیر کونترولی قشون و لەشکری زیاتریان بۆ شارەکانی کوردستان نارد . سازمانی ئەمنیەت بە هاوکاری قشون ، بۆ تیکدان و لە بەر یەك بلاو کردنی ریکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، کە تا ئەو دەمێ پاریزرا بوون و تێ دە کوشان ، کەوتە نەخشە و پیلان گیران .

سالی (١٩٥٩) سازمانی ئەمنیـەتی ئـیران هوروژمیکی فاشیستانەی بە سەروکایەتی سەرهەنگ ( ئەمجەدی ) و ( زیبایی ) جەلادە ناسراوەکانی گەلەکانی ئـیران ، بۆ سەر کوردستان و ریکخراوەکانی ح.د.ك. دەستپێ کرد . بە گوێرەی نەخشەی ئامادە کراو ، لە مانگی خەزەلوەر دا ، لـە هەمـوو ناوچەکانی کوردستان ، لە شارەکانی ، سنە ، بانە ، سەقز ، بوکان ، سەردەشت خانێ ، مەهاباد ، نەغەدە ، شنۆ ، ورمی ( رزائیـە ) شاپور ، میاندواو ، سائینقەلا ، هەروەها لە دێهاتیش ، دەستیان کرد بە گرتن و راو نانی ئەندامانی ح.د.ك. لەو پەلامارە دا (٢٤٠) کەسیان گرت و بۆ بەندیخانەکانی تەوریزو تارانیان بردن . سەدها کەس لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب ، دەر بەدەرو پەرەوازەی هەندەران بوون . جەلادەکانی ریژیم لە هیچ جنایەتیك لە گەل ئەو رۆلـە تیکوشەرانە دەستی‌یان نە گیراوە .

بەختیاری جنایەتکار ، لە گەل پسپورەکانی ئەمریکایی بە سەر ئازارو جەزرەبەدانی ئەوانەدا راستە و خۆ چاوە دیری دەکرد . نینوك دەر هینان ، داغ کردن ، شەقار شەقار کردنی لەشیان شتیکی عادەتی بوو . کاتیکی بەو ئازار و ئەشکنجەیە ، نەیاندەتوانی قسەیان لی رابکیشن و چۆکیان پێ دابدەن ، لە پیش چاوی یەکتر روتیان دەکردنەوە ، دەسگایەکی کارەبایان بە لەشی‌یەوە دەنوساندن تەواوی رایەل و پۆی لەشی لە بەر یەك هەلدەتەکاند و ویشنکی دەکرد . کاتیکی دەگەیشتە سەرە مەرگ ، کە بەئاواتی دەخواست ، دەستیان لێ هەلدەگرت و پاش دەمیك دیسان ئەو شانۆیە دەر پاتە دە کراوە .

تەیموری بەختیار ، کە بە دەستووری حەمەرەزاشا مەعموری کووشتنو ئازاردانی ئازادیخوازەکانی ئیران بوو، بەو رولە قارەمانانەی دەگوت : « ئاتان کوژین ، تا لە پاشان قارەمانتان لێ سازکەن وپەیکەرتان بچەقینن . هەر دەبێ ئاوا ئەمر نەژێ لە ژیر ئازاردا بنا لینن » .

دوای چەند مانگ ئەم چەشنە ئازارو جەزرەبە دانە ، سەدها کەسیان لەم رۆلە کولنەدەرانە لە دادگا نیزامیەکانی دەرگا داخراو دا بە ئیعدام و ئەبەد و حەپسی دورو دریژ مەحکووم کرد ، کە ئیستاش هیندی لەم رۆلە نیشتمان پەروەرانە لە بەندیخانەکانی شادا زنجیر کراون .

## عەولای مارفی

هەوەلین شەهیدی گەلی کورد لەم پەلامارەدا وەرزیریکی خەلکی ناوچەی بانە بوو . ( عەولای مارفی ) سالی (١٩٣١) لە گوندی ( ئارد مردە ) لە ناوچەی ( بانە ) لە خیزانیکی وەرزیر لە دایك بوو هەر چەندە ئەویش وەك میلیونها منالی کورد لە ژیر سیبەری شوومی حکوومەتی رەشی رەزاشادا ، لە خویندن بێ بەشبووە بەلام ئەوەندە بوو کە پاش رووخانی حکوومەتی رەزاشا ، بە شنەبای ئازادی پشوی دابوو ، بە خۆدا هاتبوو وە وەك هەزاران لاوی دیکەی کوردستان بۆ ماوەیەکی کەم تامی ئازادی و سەربەستی چیشت بوو . وە دەیویست بە ئازادی بژی .



بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ، ریگای ( ح.د.ك ) ی رەچاو کرد بوو ، وە یەکێ لە ئەندامە تیکوشەرەکانی حزب بوو لە ناوچەی ( بانە ) .

کاتیکی گوندەکەیان لە لایەن سەر بازەکانی قشونی شاوە گەمارو درا ، عەولای مارفی لەگەل چەند هاوالیکی تر خۆی بە دەستەوە نەدا و رای کرد . جەلادەکانی ریژیمی شا ، کە دەستوری کوشتنی ئازادیخوازەکانی کوردیان ، لە بەختیاری جنایەتکار وەر گرتبوو ، دەسریژیان لێ کردن و ( عەولا ) بریندار بوو . بەلام هاوالەکانی بە جێیان نەهیشت ، وە بە برینداری گەیاندیانە شاری سلیمانی . بە داخەوە دوکتورو دەرمان فریای نەکەوت ، وە روژی یازدەی مانگی ( خەزەلوەر )ی ١٩٥٩ لە تەمەنی ( ٢٨ ) سالی دا ، لە بەشیکی توی نیشتمانەکەی ، لە ناو کۆری شەهیدەکانی کوردستانی عیراق دا ئارامی گرت .

یەکی دیکە لە کادرە تیکوشەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە سالی ١٩٦٠ لە دەر بەدەری دا شەهید کرا **( ئەسعەدی خود ایاری )** بوو . ئەسعەد خەلکی سنە بوو ، هەر لە ویش خویند بووی ، پاشان لە قشونی ئیراندا ببووە گروهبان ( عریف ) . لە سەر دەمی حکوومەتی میللی دا رای کرد بوو ، هاتبوە مەهاباد . پاش تیکچوونی حکوومەتی میللی ( ئەسعەد ) یەکێ لە ئەندامەکانی چالاك و کولنەدەری حیزب بوو . زور جار دەگیراو چەرمە سەری دە درا ، بەلام گرتن وراوانانی حکوومەت ، ئیرادەی ئەوی کز نە دەکردو هەمیشە لە ریزی هەوەلی تیکوشاندا بوو . دوای کودیتای ٢٨ی گەلاویژی ( ١٩٥٣ ) ، ( ئەسعەد ) یش ناچار بوو ، وەك زور کەسی دیکە لە کادرەکانی حیزب ، بچیتە کۆری تیکوشانی نهینی‌یەوە . لە زور ناوچەکانی کوردستان ، کادریکی مەسئول بوو ، لە ناو وەرزیرەکاندا ، خەباتی دەکرد .

سالی ( ١٩٥٥ ) بە هۆی خەیانەتی یەکیك لە قولە دەرەبەگەکانی ( فیض الله بەگیەوە ) ئەسعەد گیرا . سازمانی ئەمنیەتی ئیران بۆ قسە وەرگرتن لە ئەسعەدو دەرخستنی نهینیەکانی حیزب ، لە رادە بەدەر ئازار و جەزرەبەی دا . بەلام

ئەسعەد وەك پۆلا لە بەرامبەر جەلادەکانی ڕێژیمی شادا ، وێستا و خەیانەتی بە حیزب و گەلەکەی نە کرد .

بەڵگەی زور بە هێز بۆ پاك و خاوێنی و خۆ ڕاگری ( ئەسعەد ) ئەوە بوو ، کە پاش گیرانی ئەو هیچ کامێك لە کادرو ڕێکخراوەکانی حیزب ، کە پیوەندیان لە گەل ئەو هەبوو ، نەگیران .

ئەسعەدی خودا یاری بە سی سال حەپس مەحکووم کرا . پاش تەواو کردنی حەپسەکەی هاتەوە مەهاباد ، وە سەر لە نوێ دەستی کردەوە بە تیکوشانی سیاسی .

سالی ( ١٩٥٩ ) کە هورووژم بو سەر ڕێکخراوەکانی حزب دەستپی کراوە ، ئەسعەدیش لە گەل هاوالانی تر ، ڕای کرد و هاتە کوردستانی عیراق .

پاش ماوەیەك مانەوە لە کوردستانی ئەو دیو بە ناهەق کوژرا کە بی گومان گەورەترین تاوان و مەسئولیەتی ئەو جنایەتە دەکەویتە سەر ئەستوی ئەحمەد توفیق ( عبداللە اسحاقی ) .

**برایمی سلیمانی ، کوڕی ( دەرویش حەمەدی دارەلەکی ) :**

شەهیدیکی تری ئەم قوناخە ، برایمی سلیمانی ( وەستا برایمی نەجار ) بوو . وەستا برایم سالی (١٩٤٩) بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان . بە دل و گیان لە پێناوی بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانی حیزبدا تێ دە کوشا ، لە وریا کردنەوەی خەلك وڕاکیشانی وەرزیرەکان بۆ ناو حیزب دەوریکی بالای هەبوو .

هەر بە تاوانی تیکوشانی سیاسی ، ئاغای گوندی (مەحمەشا) وەستا برایمی لە دێ دەر کرد . مالی چوە گوندی دارەلەك ( ناوچەی شار ویران ) . لە وێش چالاکی و تیکوشانی خۆی لە ناو لادێیەکاندا دریژە پێ دەدا . پاش کودیتای ٢٨ی گەلاویژ ، دەرەبەگەکانی دارەلەك ، وەستا برایمیان لە گوندی دەرکرد ، بە ناچاری ڕووی کردە شاری مەهاباد ، وە لە وێ خەریکی دار تاشی بوو .

پاش ماوەیەك بە تاوانی تیکوشانی سیاسی گیرا ، وە ماوەی سالیك لە بەندیخانەدا بوو . لە بەر ئەوەی سەنەدو بەلگەیەکیان



لە سەر نە دوزیەوە ، بەرەلایان کرد . بەلام وەستا برایم دەستی لە تیکوشان هەلنەگرت . سالی ١٩٥٩ ئەویش لە دەست سازمانی ئەمنیەت ڕای کردو هاتە عیراق . لەبەر ئەوەی کە دژی سەرەرویی و کردەوەی ناحەزی ئەحمەد توفیق بوو ، لە کومەلی پەنا بەرە سیاسیەکان دەری کرد .

وەستا برایم ، چوە گوندی سەرکەپکان و لە وێ خوێ گرتەوە . سالی ١٩٦٢ بوو بەپیشمەرگە ، لە ناو شورشی کوردستانی عیراقدا ، وە کاتی بومبارانی کوردستان ، وە بەر بومبای فروکەکانی حکوومەتی عیراق کەوت . وەستا برایمیش وەك سەدها ڕۆلەی دیکەی کورد ، لە ریگای رزگاری نیشتمان و گەلەکەی دا ، شەهید کرا .

یەکی تریش لە شەهیدەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان **ئیستیوار رەجەبی** خەلکی سنە بوو . لە سالی ١٩٥٩ لە پەلامار دانی ڕیکخراوەکانی حیزبی دا لە گەل چەند گروهبانیك لە شاری سنە گیرا و بردیانە تاران .

جەللادەکانی سازمانی ئەمنیەت بو قسە لیوەر گرتن و ئیعتراف پی کردن هیچ درندە ییەك نەما لە گەل ئیستیوار رەجەبی نەکەن . بەلام ئەو رولە تیکوشەرە لە ژیر جەزرەبە و شکنجەدا مردنی قبوول کرد و تەسلیمی دوژمن نەبوو خەیانەتی بە حیزب و گەل نەکرد .

ئیستیوار رەجەبی لە ریبەندانی سالی ١٩٦٠ لە ژیر ئازار و جەزرەبەی سازمانی ئەمنیەتدا شەهید کرا .

شەهیدیکی دیکەی ریگای ئازادی کوردستانی **سولتان قوتیاس** خەلکی ( دەلیك داش ) ناوچەی شامات بوو .

کاك ( سولتان ) هەر چەندە نەخویندەوار بوو ، بەلام زور وریاو ژیر و تیکۆشەر بوو . لە سەر دەمی تیکوشانی کومەلەی ( ژ.ك. )دا ، کاك سولتانیش وەك هەزاران لاوی دیکەی کوردستان ، بوو بە ئەندامی کومەلە . وە زور بە خوێن گەرمی لەم ناوچەیەدا تی دەکوشا . اتیکچونی حکومەتی میللی کوردستان ، و جنایەتەکانی حکومەتی تاران ، هەر چەندە زەبریکی قورس بوو ، لە جوولانەوەی رزگاری خوازی کورد درا ،

بەلام ئەوەندەشی هەبوو ، کە چاو وگوێی خەلکی کردە وەر هەستی نیشتمانپەروەری و گیـــانی خەباتی وەبەر زەحمەتکیشەکانی کوردستان نا .

سولتان قویتاس ، سالی (١٩٤٩) هاتەوە ریزی حیـزبو دەستی کرد بە تیکوشانی سیاسی . لە بەر ئەوەی هەر لـــە مندالیەوە ، لە ژیر دەستی و نەداری دا ژیا بوو ، وە لە لایـــەن دەرەبەگ و خاوەن ملکەکانەوە ، چەوسـیندرا بووە ، زور باش دەردی چەوسانەوە و زولم و زوری دەرەبەگەکانی دەزانی و لـــە دژی ئەوانە خەباتی دەکرد . کاك سولتان ، وەرزیرەکانی بە زمانی سادە و خۆمالی لە زولم و زوری نەتەوایەتی و چەوسانەوە و بێ بەشی شارەزا دەکرد ، لادێییەکانی حالی دەکرد ، کە بۆ زولـــم و زوری خاوەن ملکەکان مـــل را نەکیشن ، وە ریـــگای خەبات و بەربەرەکانی نیشان دەدان .

سولتان قویتاس ، بە بـــەر کارو کاسبی و تیکوشـــانی حزبیەوە ، دەستیشی لە کاغەز و قەلەم وەر دەداو لای مـــەلای گوندی دەی خویند . وورده ، وورده فیری خویندنەوە و نووسینی کەمی فارسیش بوو .

( سەید سەمەد ) خاوەن ملکی ئەم گوندە ، سولتان قویتاسی بە بەر هەلستی کاری خوی و وریا کەرەوەی وەرزیرەکان دەزانی . سالی ١٩٥٢ ، لە دەلیکداش یانی لەم خانوەی کە ( ٣٠ ) سـالی تیدا ژیا بوو دەری کرد . مالی چوە گوندی ( قزقەلا ) لای شیخ مەحمودی کوری حاجی شیخ مستەفا بە رەعیەتی دامەزرا .

سالی (١٩٥٢) تا گەلاویژی (١٩٥٣) گەرمـــەی راپەرین و خەباتی وەرزیران بوو لە سەرانسەری ئیراندا . کوردســـتانی ئیران نەك هەر لەم خەباتە وە دوا نە کەوتبوو ، بەلکوو ناوەندی جوولانەوەی وەرزیری بوو .

ئەم خەباتە لە کوردستان بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوایـــەتی و رزگاری لە چەوساندنەوە لە ژیر رابەرایەتی ح.د.ك. دا روژ بە روژ توندتر دەبوو . ئەندامانی حیزب لە ریزی هەوەلی ئـــەم خەباتە دا بوون . سولتان قویتاس لە ناوچەی شامات و مەحـــالی شازادە ، یەکی لە رابەرەکانی خـــەباتی وەرزیری بوو . پاش



کودەتای نگریسی ١٩٥٣ شیخ رەحمانی کوری شیخ مەحـــمودی ( قزقەلا ) کە بە جاسوسیکی فەرماندەی سوپای مەهاباد نـاسـرا بوو . نەك هەر کاك سولتان و چەند مالی دیکەی وەرزیری لـــە گوندی دەرکرد ، بەلکوو حاسل و خەلە و خەرمانیشی لێ زەوتکردن و هیچی نەدانی . لە تەواوی دیهاتی ئەم ناوچەیە ، کاك سولتانیان بە هیچ کوێ رانەگرت و جیگای دەست نەکەوت . ناچار بوو ، روو بکاتە شار ، و وەك هەزاران وەرزیری لێ قەوماو و دەربەدەر ، بە کریکاری و کوێرەوەری مال و مندالی خۆی بەرێ بەریت .

کاك سولتان کە ووریا ببووە ، وە بە هەموو ئیرادە و تواناوە هاتبوە کۆری خەبات ، لە دژی حکومەتی دیکتـــاتوری و زولم و زوری دەرەبەگ و چەوسانەوە ، ئەم لێ قەومان و دەر بەدەریە نەك هەر ساردی نەکردەوە ، بەلکوو عەزم و ئیرادەشی بەتین تـر کرد . لە مەهاباد لە گەل حزب پیوەندی راگرت و تیکوشـــانی درێژە پێدا .

سالی ١٩٥٩ سولتان قویتاسیش ، وەك ســـەدها ئەندامی تیکوشەری ح.د.ك. کەوتە بەر پەلاماری سازمانی ئەمنیـــەت و گیرا . لە ژیر ئازارو ئەشکنجەی ( بەختیاری جـــەلادا ) کاك ســـولتان دەستو قاچیکی ســـەقەت بوو . جنایەتکارەکانی حکومەتی شا ، بە نەخوشی و نەقوستانی ئەم رولە نیشـــتمان پەروەرەیان پینج سال لە بەندیخانە دا راگرت . پاش پینج سال بەریاندا . بەلام ئەوەندەی پێ نەچوو ، دیســـان گرتیانەوە و بردیانە بەندیخانەی ( ورمی ) . لە بەندیخانە ریگایان نەدا ، کە نەخوشیەکەی دەرمان بکا . سالیك بە نەخوشی و نەقوستانی لـە بەندیخانەدا رایانگرت . تا لە بانە مەری سالی (١٩٦٥) دا ، ناوی سولتان قویتاسیش لە ریزی شەهیدەکانی گـــەل و نیشتماندا تومار کرا .

## پەلاماری سازمانی ئەمنیەت و تەهیدەکانی خەباتی چەکدارانەو شەهیدەکانی ئەم قۆناخە

شورشی کوردستانی عیراق سالی ۱۹٦۱ راستە و خۆ کاری کردە سەر خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران وخەلکی تارادەیەکی زور ووریا کردەوە .

لە کوردستانی ئیران بۆ کومەگ بە شورشی کوردستانی عیراق ، جوولانەوەیەکی هەراو دەست پێ کرا . کەم کەس هەبوو بە دڵ و داو لە جوولانەوەی کومەگ بە شورش دا هاو بەشی نەکا . کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرپا کردنی ئەو جوولانەوە و کو کردنەوەو گەیاندنی کومەگ بە شورشی کوردستانی عیراق ، نەخشیکی گرینگیان هەبوو .

خەبات و هاتوو چۆی کادرەکانی حیزبی لەو قوناخە دا ئیتر بە شکلی رابردوو ، یانی وەك سالەکانی پیش شورشی کوردستان نەبوو . کادرەکانی حیزبی بۆ پاریزگاری خۆیان ناچار بوون ، بە چەکەوە لە دیهات بخولینەوە . تەنانەت لە هیندی مەلبەندی کوردستان بە ئاشکرا وەرزیرەکانیان کۆ دەکردەوە ، قسەیان بو دەکردن و پیتاکیان کۆ دەکردەوە .

ئەو هاوالانە لە ژیر تەئسیری شورشی کوردستانی عیراق و خوین گەرمی و بی تەجروبەیی خویاندا ، چەشنی خەباتی نهینی و دووره دیمەنی تیکوشان و کاری بەردەوامی شورشگیریان لە بەر چاو نەدەگرت .

حکوومەتی خوین مژو دیکتاتوری ئیران ، کە لە پەرە گرتنی جوولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد دەترسا ، بۆ پەلاماردانی کوردستان و سەرکوت کردنی خەباتی نیشتمانی گەلی کورد ، لە پەلپ و بیانوو دەگەرا .



بەلپ و بیانووی حکوومەتی ئیران ، بۆ پەلاماردانی کوردستانی ئیران ، وە کوشتاریکی تازە لە ئازادیخوازانی کورد ، ئەم تیلگرامە نهینی و تایبەتیانەی حکوومەتی شا ، دەردەکەوێ ، کە بۆ فەرماندەکانی قشون لە کوردستان لێ دراون . لقی سێی ح.د.ك. . ئەم تیلگرامانەی وەدەست هینا بوو ، لە ژمارەی ( ۱و۳ )ی روزنامەی ( روژ )ئورگانی لق ، تاریخی ( ئوکتوبری ۱۹٦٦ و زانویەی ۱۹٦۷ )دا بلاوی کرد بوونەوە .

لیرەدا بۆ ئەوەی پەلپ و بیانووی حکوومەتی شا ، بۆ پەلاماردانی کوردستان ، بە پێی سەنەد و بەلگە نیشان بدەین ، چەند تیلگرافیکی نهینی دەزگایەکانی قشونی ئیران بلاودەکەینەوە . شایانی باسە ئەم تیلگرافانە ، لە کاتیکدا پیلان و نەخشەی گلاوی حکوومەتی ئیران لە دژی گەلی کورد نیشان دەدەن ، هەر لەو کاتەشدا ، ترس و لەرزی حکوومەتی سەر بە ئیمپریالیستی ئیران ، لە جوولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد دەر دەخەن .

ئەمەش تیلگرامەکانی قشونی ئیران بە زمانی فارسی و بنە بێ دەسکاری .

، محرمانە از کرمانشاه تیمسار فرماندهی ارتش یکم باز گشت ۱۳۹٦۸ کتبی ، مهاباد ، نیمسار معاونت ارتش یکم .

پیرو شمارە فوق صادره از ارتش یکم جهت استحضار .

۱ ــ در مورد دو نفر افسر مصری بە پینجوین بعلت دوری از منطقە شعاع محل اطلاعاتی لشکر تحقیق مقدور نیست .

۲ ــ در مورد تحریکات عبدالناصر دربین اکراد ایرانی بطوریکه طی شمارە ۷۹٦٥/۱٤ـ٦ـ٤٤ رمز بعرض رسیده ، رهبران حزب دمکرات کردستان با تماس با کمونیستهای عراقی با عوامل عبدالناصر ارتباط پیدا کرده و طرفداران حزب دمکرات کردستان دربانە ، سقز ، بوکان ، مهاباد ، سردشت نقده ، خانە ، رضائیە ، و اطراف شاهپور و خوی ، و بخصوص منطقە منگور ، بر علیە مصالح عالیە کشور شاهنشاهی مسلحانە فعالیت مینمایند . و اسامی انها کە اتاکنون در منطقە بە عوامل اطلاعاتی لشکر روشن شده . طی شمارە ۷٥۱ـ۲/۲۲ـ٤ـ٤٤ تقدیم گردید

شماره ٢٠٩٧٦٠/٢٦-٧-٤٤ سرلشکر احمدی . از طرف
سرتیپ نجمی نژاد ، از طرف رئیس ستاد لشکر ٤ پیـــاده ،
سرهنگ ستاد مهام .

١ - تیپ ١٢ خانه ، پیرو شـــماره ٩٥٣٧-٢/٢١-٧-٤٤
جهت اطلاع .

٢ - ریاست سازمان امنیت و اطلاعات ازربایجان غربی پیرو
شماره ١٣٩٩٨/١١-٧-٤٤ صادره از ارتش یکم جهت اطلاع .

٣ - فرماندهی ناحیه ١٠ ژاندارمری ازربایجــــان غربی
پیرو شماره فوق .

**ئەمەش تیلگرافیکی دیکەی قشونی شاهەنشاهی :**

محرمانه و مستقیم - از لشکر ٧ ، فرماندهی تیپ ٢١و٢٠ .
طبق اطلاع حاصله رهبران حیزب دمکرات کردستان تصـــمیم
گرفته‌اند ، که افراد وعوامل حزبی‌را به دستجات پارتیـــزانی
مختلفی تقسیم نموده ، وانانرا در یکساعت در تمام مناطق کرد
نشین بطور مسلحانه بنقاط مختلف مجاور مرز منطقه غرب عزام ،
وضمن حمله به پاسگاههای ژاندارمری ، بخلع سلاح مامـــورین
بپردازند .

و چنانچه مامورین با انان مقابله نمایند ، انهارا نیز بقتل
برسانند . منظور این افراد ایجاد منطقه ازاد ومصون ، وتشنج
واخلال در ایران میباشد . و گویا عوامل حزب منحـــله توده در
اینمورد با انان هم کاری لازم‌را بعمل خواهند اورد . دســـتور
فرمائید ، ضمن صدور دستور مراقبت وهشیاری کامل بواحدهای
ذینفع در این باره تحقیقات عاقلانه معمول ، ونتیجه را اعـــلام
دارید ٥٥١٠/١٩-٨-٤٤ سرتیپ سلحشور .

**ئەمەش تیلگرافیکی تر**

خیلی فوری - تهران - طبق اطلاع جریاناتی در مناطق غرب
روی داده ، لازم‌است نهایت مراقبت در حفظ امنیت نموده ، کلیه
رفت وامدهارا نیز تحت نظر دقیق قرار داده ، هر گونه اطـــلاع
جدیدی در هر ساعت واصل میگردد ، بلا فاصله بمرکز اعـــلام
دارند ٢٨٠٢-٢٠/٢٢-٨-٤٥ سرهنگ مجاهدی .



ئەوەش وەر گیراوەی تیلگرامەکان .

. نهێنی لە کرماشانەوە تیمسار فەرماندەی ئارتەشی یەکەم .
بەدوای نووسراوی ١٣٩٨/١١-٧-٤٤ مەهاباد ، تیمســار
یاریدەدەری ئارتەشی یەکەم .
پیرەوی ژمارەی سەرەوە ، ناردراوی ئارتەشی یەکـــەم ،
بو ئاگاداری .

١ - لە بارەی چوونی دوو ئەفسەری میسری بو پینجوین ،
لە بەر دووری لە ناوچەی شوینی ئاگاداری لەشکر لیکولینەوە لە
قودرەتمان دا نیە .

٢ - لە بارەی دنەدانی عبدالناصر لە ناو کوردەکانی ئیران ،
وەك لە ژمارە ١٩٦٥/١٤-٦-٤٤ ی رەمزدا پیت راگەیەندراوە .
رابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، بە هوی کومونیستەکانی
عیراقیەوە لە گەل دارو دەســـتەی عبدالناصر پیوەندیان گرتوە و
و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بانە ، ســـەقز ،
بوکان ، مەهاباد ، ســـەردەشت ، نەغەدە ، خـــانە ، ورمی ،
دەوروبەری شاپوور ، و خۆ ، بە تایبەتی لە ناوچەی مەنگوران .
بە پیچـــەوانەی قازانجی بەرزی کیشوەری شاهەنشـــاهی
تیدەکوشن .

ناوی ئەوانە کە تا ئیستا گەیوەتە دەستی جاسووسەکانمان ،
بە هوی ژمارە ٧٥١-٢/٢١-٤-٤٤ پیش کیش کرا .

ژمارە ٢٠٩٧٦٠/٢٦-٧-٤٤ سەر لەشکر ئەحمەدی ، لـــە
لایەن سەرتیپ نەجمی نیژاد ، لە لایەن سەروکی ستادی لەشکری
٤ی پیادە ، سەرهەنگ ستاد مهام .

١ - تیپی ١٢ی خانە ، بە دوای ژمارە ٩٥٣٧-٢/٢١-٧-٤٤
بۆ ئاگاداری .

٢ - سەروکی سازمانی ئەمنیەت‌و اطلاعاتی ئازربایجـــانی
روژئاوا . بە دوای ژمارە ١٣٩٩٨/١١-٧-٤٤ ناردراو لە لەشکری
یەکەمەوە بۆ ئاگاداری .

٣ - فەرماندەی ناحیە ١٠ی ژاندارمەری ئازربایجـانی روژ
ئاوا ، بە دوای ژمارەی سەرەوەدا .

## ئەوەش تیلگرامیکی دیکەی قشونی شاهەنشاهی

نهینی و راستە و خـــۆ ، لە لەشکری ٧ وە ، فەرماندەی تیپی ٢١ و ٢٠ .

بە پێی ئاگاداری گەیشتوو ، رابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بریاریان داوە ، کە ئەفراد و دارو دەستەی حیزبی ، بە دەستەی جیاوازی پارتیزانی بەش بکەن ، وە لـــە سەعاتیکی دیاری کراو دا لە تەواوی ناوچەکانی کورد نوشین ، چەکدارانە بۆ ناوچەکانی جیاوازی سنووری هەریمی رۆژ ئاوایان بنـــێرن و پاسگاکانی ژاندارمە پەلامار بدەن و مەعموورەکان چـــەك بکەن . ئەگەر مەعموورەکان بەربەرەکانیان بکەن ، بیان کوژن . ئەوانـــە مەبەستیان پیك هینانی ناوچەی ئازادو قایم و ئاژاوەنانەوە یە لە ئـــیران دا .

گویا پیاوەکانی حیزبی غەیرە قانوونی تودەش لـــەو بارەوە دەگەل ئەوان هاوکاری دەکەن . ئەمر بکەن تیپـــەکانی لەشـــکر ئاگاداوی و وریایی تەواویان هەبی . لەو بارەوە تەحقیقاتیـــــکی ئاقلانە بکەن و نەتیجەش رابگەینن ، ٥٥١٠/١٩ـ٨ـ٤٤ سەرتیپ سلحشور .

ئەوەش تیلگرامیکی دیکەیە .

زور بە خیرایی ـ تاران ـ بە گویرەی ئاگاداری هیندی روو داوە لە ناوچەکانی رۆژ ئاوا قەوماون . پیویستە بو پاراســـتنی ئەمنیەت زور ور یا بن .

تەواوی هاتوو چویەکان ، بە وردی بخەنە ژیر چـــاوە دیریەوە . هەر ئاگاداریەکی تازە لە هەر سەعاتیکی پێتان بـــگا ، دەستبەجی بـــــە مەرکەزی را بگەیینن ، ٢٨٠٢ـ٢٠/٢٢ـ٨ـ٤٥ سەرهەنگ مجاهدی .

بە جوریکی لەم تیلگراف و بروسکانەی قشونی شاهەنشاهی بۆمان دەر دەکەوێ ، حکوومەتی کونەپەرستی ئیران ، بۆ پەلامار دانی کوردستان لە پەلپو بیانوو دەگەرا ، ئەگینـــــا ، هاتنی



تەمسەری مبـــری و بریاری راپەرینی چەکدارانە و چەکدار کردنی ئەندامانی ح.د.ك. هەمووی درۆو ساختەی دەزگای مخـــابەراتی قشونی ئیران و سازمانی ئەمنیەتی شا بوو .

حکوومەتی دژی نیشتمانی ئیران بەم بیانوە پرو پووچانە ، یا وەك لە تیلگرافی ئاخری‌دا گوتراوە ، بە بیانووی ( پاراســـتنی ئەمنیەت و چـــــاوە دیری ) ! کوردستانی کردە ناوچـــــەیەکی عەسکەری ، وە بە کردەوە شەڕی بە گەلی کوردی ئاشتی خـــواز دەفروشت . ژاندارم و سەرباز بە کوردستان دا دەخولانەوە ، خەلکیان دەگرت و دەکوشت و روەت دەکردەوە و گیچەلیان بـــە خەلك دەکرد .

### شەهیدەکانی ئەم قوناخە

لە مانگی گەلاویژی ( ١٩٦٧ )دا ، ژاندارمەکانی دەولەتی ، لە گوندی ( دولەنی ) ناوچەی پیرانان ، تووشی ئەندامیکی ح.د.ك دەبن ، بە ناوی ( محمدی درویش ئەحمەدی ئاژاندەرەیی ) هـــەلی دەپیچن کە گۆیا جیگای چەتەکانیان پێ بلێ . پاش ئەوەی محمد ئاگای لە هیچ نابێ و ناتوانی هیچیان پێ بلی ، بێ پرس‌و حیساب تەقەی لێ دینن و دەیکوژن .

### پینج شەهیدی دیکە :

هەر لە هاوینی ئەو سالەدا پینج کەس لە لاوە تیکۆشەرەکانی کورد لە نیزیك گوندی بندرەی لە لایەن سەربازەکانی ئوردووگای (خانی) وە پەلامار دەدرین . ئەو رولە تیکوشەرانە بۆ پاریزگاری خۆیان ناچار دەبن بدەنە چیاو چەك بە دەست بەربەرەکانی بکەن . قشونی شاهەنشاهی بۆ گرتنی پینج کەس زریلی و توپ‌و رەشاش وەکار دەخا و لەشکر دەنگ دەدا . ئـــەو لاوە خەباتگیرانە تا ســـێرە هەلدەگیری شەڕ دەکەن و ٩ سەرباز و ژاندارم دەکوژن . پاشان روو دەکەنە کوردستانی ئەو دیو لە گوندی ( ئالانی ) کە ناوچەی

ئازاد کراوی ژێر دەستی شۆرش بوو ، خۆ دەگرنەوە و لە مالێکدا لە بەر هیلاکی و شەکەتی لێی دەخەون .

سازمانی ئەمنیەت و کار بە دەستانی حکومەتی شا ، کە بۆ جنایەت و خوین ریژی ریزیان لە هیچ سنووریکی دەولەتی و داب و شۆینی ناو نەتەوایەتی نەدەگرت بە دەستکیسی دوو کوردی خائین رەسووی عبدالصمد و رحمانی شیلمجاران ، بە ریگای حاجی ئۆمەران دا ، وە دوایان دەکەون و دەوری گوندی ئالانی دەدەن . کاتێکی دەزانن کە دەورەیان دراوە پیاوانە بۆ دیفاع و دەستکردنەوە وە خۆ دەکەون .

بەلام چەند کوردیکی عیراقی کە بۆ شارەزایی لە گـــەل ژاندارم و جاشەکان چوو بوون ، داوایان لی دەکەن کە تەقـــەی نەکەن و بینە دەری ، نادرینەوە بە ژاندارمە .

ئەوانیش بۆ ئەوەی لە خاکی شۆرشدا شەڕ و کیشە ساز نەکەن بڕوا بە قسەی ئەوانە دەکەن و دینە دەری . بەلام لە گەل هاتنە دەریان لـــــە هەموو لایەکەوە دەستریژیان لی دەکری . **برایمەسوور** کوری محمدی مام عەولاَ خەلکی دەلاوان کـــە لاویکی زۆر تیکۆشەر و نیشتمانپەروەر بوو ، دەستبەجی دەکووژری .

عەلی رەحیم گوی رەشی بریـنـدار دەبی . ئەوانی دیکەش حسین چل کوچ قادرە شەل و قادرە پەنیرە ئەســـلیم دەبن . ژاندارمە خوین مژەکان تەرمی برایمە سوور و چوار کەسەکەی تر بۆ ئیران دەبەنەوە . پیاو کوژەکانی ریژیمی شا ، عەلی گوی رەشی بریندار و سی کەسەکەی تر بە پیچەوانەی هەموو ڕێ و شوێنیکی ئینسانی لە خانی لە داری دەدەن . بەم جۆرە ناوی ئەو پینـــج کەسەش لە ریزی شەهیدەکانی کورددا تۆمار دەکری .





**مەلامە حمودی ڕەحمە: زادە مەشهور بە زەنگەنە**

یەکی دیکە لە شەهیدەکانی حیزبی گەل ، هاوالی تیکۆشەر و کۆلنەدەر ( مەلا مەحمود )ی زەنگەنە بوو . ( مەلا مەحمود ) لە گوندی ( قونغە تەپە ) نارچەی مەهاباد ، لە خیزانیکی جوتیـاری زەحمەتکیش هاتبوە دنیاوە . هەر لە مندالیەوە باوکی نابوویە بەر خویندن ، وە لەحوجرەی فەقییان ، خەریکی دەرس خویندن بوو . مەلا مەحمود بە هەزاری و دەست تەنگی گەورە ببوو . لـە کاتی خویندن و فەقییەتی وخوولانەوە بە کوردستاندا ، هەستی بـــە شپرزەیی و بێ بەشی و هەزاری گــەلی کورد کرد بوو . زولم و زۆری نەتەوایەتی و مل هوری ژاندارم و مەعمورەکانی حکومەتی تارانی دیتبوو . لە جیاتی تەواو کردنی مەلایەتی و لە جیـاتی ئەوەی بچێ لە گوندیك ببیتە مەلاو چاو ببریتە زەکات و سـەر فترەی میللەتە بەشخوراوەکەی ، ریگای رزگاری و سەر بەستی نەتەوە و نیشتمانەکەی گرتبوە بەر ، وە لە کاتی خویندندا ببوە

ئەندامی ح٠د٠ك٠ لە بەر تیکوشان و لە بارابوونی ، کرابوو بـە مەسئول و بەر پرسیاری ناوچـــەیەکی هەراوی وەرزیری ، وە کادریکی لێ زان و تیکوشەر و تێگەیشتوو بوو ٠

( ٢١ )ی ڕەزبەری سالی ( ١٩٦٧ ) مەلا مەحمودی زەنگەنە لە نیزیك‌ئاوای ( بەیرەم ) ناوچەی مەهاباد ، تووشی چـــەند ژاندارمەیەك دەبێ ، کە دو کەسی بێ تاوانیان گرتوە بۆ مەهابادیان دەبەن ٠ مەلا مەحمود وەك ئینسانیکی دلسوز ، دەیەوی ئـــەم دو وەرزیرە بێ سووچ و تاوانە لە چنگ ژاندارمە جەردەکان رزگار بکا ٠ بـــەلام ژاندارمەکان کـــە بـــە فەرمانی حکوومـــەتی دژی نیشتمانی تاران ، بۆ بە روالەت (هێدی و هیمنەتی) بە کوردستان وەر ببوون ، دەستریژ لە مەلامە حموود و هاوالەکەی دەکـــەن ٠ مەلا مەحمود بە گوللەی ژاندارمەکانی شا شـــەهید دەکری ، هاوالەکەشی بریندار دەبێ ٠

پاشان ژاندارمەکان تەرمی بی گیانی مەلامە حموودی زەنگەنە لە پیشی جیبیکی نیزامی دەبەستن و بە شارەکانی مەهـــاباد و نەغەدە و شنو و خانی دا دەیگیرن ٠ سازمانی ئەمنیەت بە هەموو توانایەکەوە هەولی دەدا کە مەلا مەحموود بە دزو چەتە بناسـێنی وباری سیاسی ئەو جنایەتە بشاریتەوە ٠

بەلام رادیۆی پەیکی ئیران ، ئورگانی تەبلیغاتی حیـــزبی تودەی ئیران ، کـــە خەبەری ئەم جنـــایەتەی پێ گەیشتبوو ، دەستبەجێ بە ناوو نیشانی ( لە کوردستان چ باسە ) چـــەند وتاری لە مەر جنایەت‌و تاوانی ژاندارمەکانی حکوومەتی شای لە کوردستان بلاو کردەوە ٠ وە داوای کرد ، کە ئیجازە بدرێ بـە روژنامە نووس‌و هەوال دەزەکانی بیگانە ، بە سەر بەستی بچنە کوردستان ،وە چونیەتی وەزعی ناوچەکانی مەهاباد ،سەردەشت ، بانە و خانی و شوینەکانی تر ، بۆ گەلەکانی ئیران و جیهان روون بکەنەوە ٠ پاش لە قاودانی جنایەتەکانی ریژیم لە لایەن ( رادیوی پەیکی ئیرانەوە ) حکوومـــەتی تاران ئیتر زانی ریســـوا و رەش رەهەندە بوە ، وە نەیتوانی وەك وشتری ناو پەمۆ چاو بنووقینی و لە عاست جنایەتەکانی خۆی مات بکا ، بە دەستووری سازمانی



ئەمنیەت روژنامەکانی ئیران ، دەستیان کرد بە ئاواژو کردنەوەی حەقیقەت و بوهتان کردن بە ئازادیخوازانی کورد ٠

روژنامەی ( کەیهان ) چاپی تاران ، ٩ روژ پاش شـــەهید کردنی ( مەلا مەحمود ) وە چەند روژ دوای لـــە قاودانی رادیوی پەیکی ئیران ، لـــە ژمارەی ( ٢٩ ) ئوکتوبری ( ١٩٦٧ ) دا نووسیبووی : « مەئمورەکانی ژاندارمەری ناوچەی ئازربایجـــانی روژ ئاوا(١) بە رینـــوینی تیمسار جاویـــد پور ، فەرماندەی ژاندارمەری ، لە نیزیك ئاوایی ( بەیرەم ) تووشی دزی چەکـــدار بوون ، وە پاش چەند سەعات شەر ، دوو کەس لە دزەکان کوژران ، دوو کەسیش بریندار بوون ٠ مەیتی مەلا مەحمودی زەنگەنە دزی چەکداری ناوچەی مەهاباد ، کە لە شەری ژاندارمەدا کوژرا بوو ، بە شاری مەهابادا گیرایان ٠ » ( کەیهان ) نووسیبووی : « ئـــەم شەرە لە کانیکا قەوما ، کە مەلا مەحمود ، خـــەریك بوو ، دوو کەس لە هاوالەکانی بستینیتەوە ، کە لە لایەن ژاندارمەوە گـــیرا بوون ٠ مەلا مەحمود رابردوویەکی زور ئاژاوەچیانەی هەبوە » ٠

بەم چەشنە دەزگای تەبلیغاتی ریژیمی شا ، لە پیشدا لە مەر جنایەت و کوشتاری ژاندارمەکان لە کوردستان خۆی مات کـــرد بوو ، پاشان کە پەردە لە سەر جنایەتەکانیان لادرا ، وە لە دنیادا دەنگی دایەوە ، دەستیان کرد بە بوختان و در و ، وە بە شیوەی هەمیشەیی و ناوەروکی کونە پەرستیانە ، مەلا مەحمودیان بە دزو چەتە ناو برد ٠ کەسیکی کە ژیانی خۆی لە پێناوی خزمەت بە گەل و نیشتماندا بەخت کرد بوو ٠

## ژاندارمەکان کوشتاری خەلك دریژە پێ دەدەن

لە سالی ( ١٩٦٧ ) وە ئیتر حکوومەتی دژی نیشتمانی شا ، بە کردەوە شەریکی خوینـــاوی و دڕندانەی بە ســـەر خەلکی کوردستانی ئیراندا سەپاند بوو ٠ هەر چـــەندە دەزگایەکانی تەبلیغاتی ریژیم ، لە عاست ئەم جنایەت‌و کوشتارە هیچیان بلاو نە دەکردەوە ، بەلام بە کردەوە ، کوردستان کرا بوە ، ناوچەیەکی عەسکەری ، وە ژاندارم و قشون لە وی‌دا حاکمی مطلق بوون ٠

(١) لە قاموسی حکوومەتی شادا کوردستان لە سەقزەوە تا ماکو و سنوری کوردستانی تورکیـــا بە ئازربایجانی روژ ئاوا ناو دەبری ٠

سەروان ( حاجیی عەلی خانی )(۱) فەرماندەی ژاندارمـــەی ( خانی ) لە هەریمی « لاجان و مەنگوڕ ، و سەردەشتو ، گەورکان » ئاگری کرد بووە • بە بیانووی راوبانی ( چەتە و ڕیگر ) خەلکی تالان دەکرد دەستی لە هیچ جنایەتیك نە دەگیراوە •

(۲۸)ی رەزبەری ۱۹٦۷ ( حاجی خانی ) بە هێندی ژاندارمەوە ، لە گەل ( ڕەسوی عبدالصمد ) ئاغای گوندی ( قروچاوی ) ، کە ببوە جاشی حکوومەت و ڕاوی بۆ پیاو کوژەکان دەکرد ، بۆ ڕبو وزروت ، لە ناوچەی مەنگوران ، دەچنە گوندی ( قەلات ) هاوالیکی حیزبی بە ناوی ( **حەسەنە سور** ) کە پیاویکی تیکوشەرو ناسراو بوو • کە سوارەی جاشو ژاندرمەکان دەبینی ، ئەوا گەییشتنە ناو ئاوایی ، بۆ ئەوەی نە کەویتە بەر دەستی جەلادەکان ، بە ناو کولانەکانی ناو دییدا ، دەرە دزەی دەداتی وڕوو دەکاتە بەرزەلانی پشتی ئاوابی ، کە خۆی دەر باز بکا • لەم کاتەدا ژاندارمە و جاشەکان دەیبینن ، بە بێ دەنگدان و لێ پرسین ، دەستریژی لێ دەکەن و دەیکوژن • حەسەسەنە سوریش کە سالەها بوو ، لە ڕیزی

---

(۱) ئەو سەروان حاجی عەلی خانیە کابرایەکی نەخویندەوار و چەتەی شاسەیوان بوو • لە سالەکانی پاش تیکچوونی رژیمی رەزا شا ببوە ژاندارم و لە گوندی ( بالانیش ) ناوچەی ( ورمی ) خزمەتی دەکرد • سالی ۱۹٤۳ کاتیکی کوردەکان بۆ پاك کردنەوەی پاشماوەی کونە قازاخ و ژاندارمەکانی رەزا شا ناوچەی ورمییان پەلامار دا ئەو کابرایە لە پاسگەی ( بالانیش ) دا گەمارو دراو نە دەهاتە دەری •

لەو شەرەدا برایەکی ( زیرو )ی هەرکی کوژرابوو • حاجی عەلی خانی پاش ئەوەی تینی بو هات ئەمانی خواسـت و گوتی بەو شەرتە تەسلیم دەبم کە دایکی زیرو پەنایبدا و خـــوی تەسلیمی ئەو دەکا •

دایکی کور کوژراو بە گویرەی دابو شوینی جوانمیرانەی کوردایەتی دەچی لە پاسگای گەمارو دراو دەیهینیتە دەری و نا هیلی بیکوژن • پاش چەك کردن بەرەلای دەکەن •

لە سالی ۱۹۵۸ وە ببوە سەروانی افتخاری و هاتبوو لـــە کوردستان ئاگری کرد بووە •



حیزبدا لە بیناوی ئازادی و سەربەخویی ، وە لە دژی زولم و زوری و چەوساندنەوەدا خەباتی ، دەکرد ، بێ سوچ و تاوان بە گوللەی ژاندارمەکانی حکوومەتی ئیران شەهید کرا ، وە ناوی لە ژمارەی شەهیدەکانی ریگای کوردستان زیاد کرا •

یەکی دیکە لە شەهیدەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستـــان **عەولا گرویٚ** خەلکی داودوی بوو • عەولا رولەیەکی بـــە ئەمەکی حیزبو .لاویکی تیکوشەرو هەلسوور بوو • کاتیکی بـــە کاری حیزبییەوە دەچوو ژاندرمەکانی پاسگای ( دولەتوی ) ریگای پی دەگرن و بە بێ دەنگ دان و تێ خوڕین دەستریژی لی دەکەن و هەر لەوی دەیکوژن •

**جنایەتی ژاندارمەکان لە ناوچەی ( شکاکان )**



یەکی دیکە لـــە شەهیدەکانی گەلی کورد لـــەو قوناخەدا ، کاك ( **نحو** ) بوو ، کە بە ( **باپیرشکاك** ) ناسرا بوو • کاك ( نحو ) کە وا وینەکەی لە بەر چاو مانە ، خەلکی گونـــدی ( ساکان ) ناوچـــەی شکاکان بوو • لەو ناوچەیە دا یەکی لە ئەندامە تیکوشەرەکانی حیزب بوو ، وە بە پیاویـکی دلسوز و دوژمنی زولم .و زوری حکوومەت و دەرەبەگە خائینەکان ناسرا بوو • ســالی (۱۹۵۹) کاك نحوش وەك سەدها رولەی تیکوشەری دیـکەی کوردستان ، کەوتە بەر پەلاماری سازمانی ئەمینەتەو گیرا •

پاش ئازارو جەزرەبە دانیـــکی زور ، وە مەحکووم کردنی پێنج سال حەپس ، لە بەندیخانەی حکوومەتی شادا مایەوە • پاش تەواو بوونی مەحکوومیەتەکەی بەر درا •

کاك نحو بە گرتنو هەرەشەی سازمانی ئەمنیەت ، چاو ترسین نەکرا ، وە دەستی لە خـــەبات و تیکوشانی سـیاسی هەلنەگرت • وەك رولە یەکی بە ئەمەگی گەل ، کە لە گرتو خانە بەر بوو ، هاتەوە ریزی تیکوشان و خەبات • لە هاوینی سـالی (١٩٦٧) دا ، کاتیك لە گەل چوار هاوالی دیکەی حیزبی ، بە ناوی **( مەلا سمایل و ناجی و فەیروز و مام رەزا )** لە ناوچەی سەلماس (شاپور) • لە خرە عەجەم لە لایەن ٨٠ ژاندارمەوە گەماری دەدرین و لە خەوی‌دا دەبن کە لە هەموو لایەکی دەستریژیان لی دەکەن و لە هەولین دەستریژ دا چوار کەس لە رولە تیکوشەرەکانی گـەلی کورد : **مەلا سمایل فەقی پیسی ، ناجی ، فەیروزی برای نحو ، و مام رەزای مامی** ، شەهید دەکرین •

کاك باپیر کە هیندی لەوان دوور تر دەبێ ، لی‌یانا وە خـو دەکەوی و شەرپکی قارەمانانە دەکا • ١٦ کەسیان لی دەکوژی • نیزیکەی ٣٠٠ ژاندارم و جاش لە ورمی و پاسگایەکانی ترەوە بە هیلیکوبتر وە سەر کاك باپیر دەگیرن • بەلام ئەو ئازاو نەبەزە سەر بو دوژمن دانانوینی و شەر دەکا • تا ئاخرەکەی بە گوللەی ئەفسەریکی ژاندارمی کورد سەروان حاجیلو ، شەهید دەکری و ئەم ناوچەی کوردستانیش بە خوینی ٥ رولەی تیکوشـــەری حیزب و گەل سوور کرا •

حکوومەتی سەر بە ئیمپریالیستی ئیران بیجگە لەوەی کــە ژاندارم و هیزی چەکـــدارو جاسوسەکانی سازمانی ئەمنیەت و فاشیستەکانی پان ئیرانیست و کوردە خائینە کانی بۆ کوشتاری خەلك و سەر کوتکردنی جولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد بە کوردستان وەر کرد بوو ، وە لە کاتیکا دەزگاری تەبلیغاتی ریژیم ، ئیدعای دەکرد ، کە دابو شوینی ئاغاو رەعیەتی لـــە ناوبرد وە ودەرەبەگایەتی فەوتاندوە ، هەر لەم کاتەشدا دەرەبەگ و خاوەن ملکە پیاوکوژو خۆ فروشەکانی چەکدار دەکرد، وە فەرمانی پێ دابوون، کە هەر کەسیکی گومانی ئازادی خوازی و سەر بزیوی لێ بکەن ، بی کوژن •



هەر لە هاوینی ئەم سالەدا ، لە گوندی ( کانیە رەش ) ی ناوچەی ماهیدەشت ، دوو کوری ( مام سمایل ) وەرزیریکی زەحمەتکیش ، کە دوای بە جێ گەیاندنی قانونی ئیسلاحی زەویان دەکرد ، لە لایەن ( قادرئاغای بابخالاری ) وە دەکوژران •

ئەم دوو برایە کە ماوەیەك ، لە ریزی ح•د•ك • دا عاملانەدا بوون ، وە لە ژیر رینوینیەکانی حیزبدا وریا ببوونـــەوە ، وە هەستیان بە بەشخوارووی و چەوسانەوەی وەرزیرەکان کرد بوو ، قانونە نیوە چلەکەی ئیسلاحی زەویان کردە بیانووی ئەوە ، کە ئیتر خۆیان لە چنگ چەوساندنەوە و زولم و زوری ئەم دەرەبەگە پیاو کوژە رزگار بکەن • بەلام هەر دووکیان بە دەستی قادراغا کوژران و کەسیش پرسیاری لەم دەرەبەگە خوین خورە نەکرد •

## پەلامار دانی کوردستان و کوشتاری بە کۆمەڵ لە ئازادیخوازانی کورد

لە پیشدا ووتمان کە حکوومەتی ئیران ، کوردستانی کردبوە ناوچەیەکی عەسکەری پیشی ژاندارم و جاشەکانی لە کوشتنی ئازادیخوازەکانی کورد بەرەلا کرد بـــوو ، وە بۆ پەلامارданی چەکدارانەی کوردستان لە بیانوو دەگەرا .

دەیزانی کە رۆژ بە رۆژ ئەم جولانەوەیە بە هیزتر دەبێ ، وە لەوانەیە ببیتە هۆی مەترسی بو ئەو ریژیمە کونە پەرستییە .

لە بەهاری سالی (١٩٦٨)دا ، حەمە رەزا شا ( سوپەهبود اویسی ) فەرماندەی گشتی ژاندارمەی ئیرانی نارده کوردستان ، وە ناوەندی پەلاماردان و هەلسورانی عەسکەری لەم ناوچەیە ، لە پیگەی عەسکەری ( جەلدیان ) لاجانی مامەشان دامەزراند .

وە لە پیش هەموو شتیکدا ، دادگایەکی عەسکەری سەحراییان پیك هینا ، کە ئازادیخوازەکانی کـــورد ، لەم دادگایە بـــە گویرەی یاسای زەمانی شەڕ موحاکەمە بکەن . وە دەها کەس بە گۆیرەی حووکمی ئەم دادگا،داتاشراوە گوللە باران کران .

حکوومەتی ئیران بیجگە لە (١٢) هەزار ژاندارم و دوو تیپ عەسکر و چەند هەزارکەسی ( گروهی زەربەتی ) و فرۆکـــە و هیلیکوپتری شەڕی کە بۆ کوردستانی نارد بوو ، خائن و خـــۆ فروشەکانیشی بە کرێ دەگرت .

سوپەبود ( اویسی ) فەرماندەی گشتی ژاندارمەی ئیران کە بە فەرمانی شا بۆ کوشتاری ئازادیخواز و زەحمەتکیشەکانی کورد هاتبوە کوردستان ، سەرەك عاشیرەت و ئاغاو کوێخاکانی ئەو ناوچەیەی لە ( جەلدیان ) کۆ کردەوە ، وە داوای کردن کە ئەم مەبەستانەی خوارەوە بە جێ بگەیینن :



١ ـ پیویستە بۆ لە ناو بردنی ( بە قسەی ئەو ) چەتەکان ! وە ( سەدام گرتویی هیدی و هیمنایەتی ) ! لە گەل قشون و ژاندارم هاو کاری بکەن .

٢ ـ ئەو سەرۆك عاشیرەت و خاوەن ملکانەی کە دەولەت بروایان پێ دەکا و چەکیان دەداتی ، دەبێ خۆیان یا کوڕ و کەس و کاریان چەکەکە هەلبگرنو نابێ ئەم چەکە بدەن بە مسکین و رەعیەت و وەرزیرەکان .

٣ ـ نابێ بە هیچ جور ( چەتە و ریگرەکان ) ! بۆ گونـــدەکانیان ڕێ بدەن . لیرەدا دوو مەسەلەمان بۆ ڕوون دەبیتەوە ، یەکەم حکوومەتی کونە پەرستی شـــا ، بۆ ، ( بە قسەی خۆی ) چەند چەتە و ڕیگریك ئەم هەموو ژاندارم و قشون و کرێ گرتەی بە کوردستان وەر کرد بوو ، دووهەم ئەو حکوومەتەی کە شەو ورۆژ دەهۆلی نەمانی دەرەبەگایەتی و ئاغاو رەعیەتی دە کوتا ، وە ئیدعای دە کرد وەرزیرکان لە زنجیری دەرەبەگایەتی ئازاد بوون ، لـــە کاتی مەترسیدا ، دیسان هەر دەرەبەگە مەزنەکان و خاوەن ملکەکانی بە پشتیوان و دار دەستی خۆی دەزانی ، وە هەر ئەوانی لە گیانی ئازادیخواز و زەحمەتکیشەکان بەر دەدا .

بەلام بە پیچەوانەی ئاواتەکانی حکوومەت ، بیجگە لە چەنـــد دەرەبەگی خائن و خـــۆ فروش ، زوربەی وورده مالك و ئـــاغا نیشتمانپەروەرەکان چەکیان لە حکوومەتی شا وەر نەگرت کـــە ڕۆلە تیکوشەرەکانی نەتەوەی خۆیانی پێ بکوژن .

بەم چەشنە حکوومەتی سەر بە ئیمپریالیستی شا ، لـــە بەهاری سالی (١٩٦٨)دا کوردستانی پەلامار دا و کردیـــە ناوچەیەکی عەسکەری . بە بێ ئەوەی ئەم شەڕو پەلامارданە بـــە رەسمی بلاو بکاتەوە ، وە لێ بـــگەڕێ دەنگوباسی کوشـــتارو جنایەتەکانی بە دنیادا بلاو بیتەوە .

### کوشتار و جنایەت دەستپێ دەکری

هەوەلین کاروانی شەهیدەکانی ریگای ئازادی ئەم قوناخـــە ( موهەندس سمایل شەریف زادە ) و هاوالەکانی بوون ، کە لـــە گوندی ( دارینە ) لـــە ناوچەی ( بانـــە ) بە دەستی ژانـــدارم و

سەربازەکانی قشونی شاهەنشاهی و کوردە خاتنەکان شەهید کران •

**سمایلی شەریف زادە** ، سالی ( ١٩٤٢ ) لەشاری مەهاباد لە خیزانیکی بازرگان لە دایك بوو • لەم کاتەدا مەهاباد ناوەندی جولانەوەی رزگاری خوازی کوردستان بوو • گەلی کورد ئەو بەشەی نیشتمانەکەی لە چنگی حکومەتی سەر بە ئیمپریالیستی تاران رزگار کرد بوو • وە پاش سالەهای سال زولم لێ کران و بێ بەش لە هەموو مافیکی نەتەواتی ، چارە نووسی خۆی گرتبوە دەست وە تیشکی ئازادی و سەر بەستی ئەم ناوچەیەی رووناك کرد بووە •



سمایلی شەریفزادە تامی ئازادی بە شیری دایکیەوە خواردبوو ، وە عەشقی ئازادی نەتەوەکەی تیکەل خۆین و گوشتی ببوو •

شەریفزادە خویندنی سەرەتایی و پولی پینجی مەدرەسەی ناوەنجی لە مەهاباد خویند بوو • سالی شەشی ناوەنجی لە تاران لە کالجی ( ئەلبورز ) تەواو کرد بوو •

پاشان لە رستەی ( ئەلەکترو میکانیکدا ) ، لە خویندگای غەنني زانستگای تاران خویندنی درێژە پێدا • سمایل لە پۆلی چواری ناوەنجی بە دواوە ، سەبارەت بە موتالا کردنی کتیبی سیاسی و کومەلایەتی ، وە هەست کردن بە بێ بەشی نەتەوەی کورد ، لە هەموو مافیکی نەتەوایەتی و نەبوونی ئازادی و دیوکراسی لە ئیران ، تووشی ئالو گۆڕیکی فیکری هات •

**سمایلی شەریف زادە** بۆ ئازادی نیشتمانو وە دەست هینانی



مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و پیك هینانی حکومەتیکی نیشتمانی و دیموکراتیک ریگای خەباتی سیاسی گرتە پیش •

هەر لە هەوەلی خویندنی زانستگاییدا ، سمایل بۆ گەیشتن بەو ئامانجە رەگەل دەستەی خویندکارە مارکسیستیەکانی زانستگای تاران کەوت • سالی (١٩٦١) کاتی پەلاماردانی زانستگا ، لە لایەن پولیسو کوماندوەکانی حکومەتەوە ، سمایل گیرا ، وە پاش ماوەیەك بەر درا • سمایلی شەریفزادە ، لە گەل هاوالە هاو فیکرەکانی خۆی ، لە ناو خویندکارە کوردەکانی زانستگای تاراندا ، قولی چەپی و شۆرشگیری کومەلی خویندکاران بوون ، لە دژی بیروباوەری چەوت و نا لە بار خەباتیان دەکرد • پەلاماری سازمانی ئەمنیەت بۆ سەر کوردستان و کوردەکانی زانستگای تارانیش سالی ١٩٦٤ • وە گرتن و نەفی کردنی زوربەی خویندکارو موعلیمەکانی کورد ، سمایلی شەریفزادەی ناچار کرد ، کە خۆی بشاریتەوە و ، بچیتە ناو کۆری تیکوشانی نهینیەوە •

سالی ١٩٦٤ لە گەل هیندی لە لاوە تیکوشەرەکان ، رووی کردە ناو شورشی کوردستانی عیراق • لەو ماوەیەدا بیجگە لە کاری سیاسی ، خەریکی موتالا و خویندنەوەی کتیبی مارکسیتی بو ، وە ( دیفاعیاتی خسرەوی روزبەی ) وەرگیرا سەر زمانی کوردی •

سالی ١٩٦٧ سمایل و هاوالەکانی گەرانەوە کوردستانی ئیران ، وە لە ناو لادییەکاندا ، دەستیان کرد بە خەباتی سیاسی و ڕیك خستنی کومەلانی زەحمەتکیشی کوردستان •

راونان و تەنگ پێ هەلچنینی ژاندارم و سازمانی ئەمنیەتی ئیران ، سمایل و هاوالەکانی لە خەبات و تیکوشان نەسلەماندەوە • لە دیهات و چیار کەژەکانی نیشتمان و لە ئامیزی زەحمەتکیشەکانی کوردستاندا خەباتیان دریژە پێدەدا •

ژاندارمەکانی حکومەتی شا ، لە هەموو شوینی بە دوای سمایل و هاوالەکانی دا دەگەران • تا روژی ( ١٢ ) مانگی بانەمەری سالی ( ١٩٦٨ ) بە هۆی کابرایەکی خۆ فروشەوە بە ناوی ( کویخا شەریف ) شوینی سمایلیان هەلگرت و جیگایان دوزیەوە • دەستبە جێ پتر لە ( ٣٥٠ ) ژاندارم و عەسکەرو جاشی زولە کورد ، بۆ سەر سمایلی شەریفزادە و چوار هاوالی دەنگدران • (٣٥٠) کەس

بە چەك و قورخانەی زورو مۆدیرنەوە ، پینج تیكوشەری كوردیان گەمارو دابوو ، كە لە شەرەفو ژیانی خۆیان دیفاعیان دەكرد .

سمایلی شەریفزادە كە بریاری دابوو تا دوا هەناسە لە سەر خەبات و تیكوشان بروا ، وە سەر بو دوژمن دا نە نۆینی ، لە وەلامی فەرماندەی سەرباز و ژاندارم و جاشەكاندا ، كە داوای تەسلیم بوون و چەك فرێ دانیان لێ دەكرد ، وەك شیر نەڕاندی و گوتی :

« ئەی خۆ فروشە ناپیاو خۆیریەكان ، بڕۆن ، خەجالەت بن ، لە ئیمەی پیشمەرگەی گیانفدا كە بۆ ئازادی ئیران و ئەستاندنی مافی نەتەوایەتی گەلەكەمان خەبات دەكەین ، داوای تەسلیم بوون دەكەن . »

پاش شەش سەعات شەری قارەمانانە پینج كەس ، لە گەل ( ٥٣٠ ) چەكدار ، گوللەی بازوكا ، سینگی ئەم لاوە تیكوشەرو قارەمانەی قەلاشتەوە ، چرای تەمەنی كورت و بەلام پڕ لە شانازی سمایل كوژایەوە . تەرمی چوار شەهیدی ریگای ئازادی كوردستان ، لە پەنا یەكتر راكیشران ، كە بە تاوانی ئازادیخوازی ، لەشیان بە گوللەی ژاندارم و عەسكەرو زولە كوردەكان دابیژرا بوو . یەكیشیان بە برینداری لە حاشارگایەكدا رزگار ببوو .

بەم جورە چوار ڕۆلەی تیكوشەری كورد « **سمایلی شەریف زادە ، میرزا محمدی شادمانی ، حسین رەحمان رابی و عەلی عەولا كــۆلی** » لە پیناوی ئازادی گەلە بەشخوراوەكەیاندا ، گیانی خۆیان فیدا كرد ، وە بە خۆینی رەنگینی خــۆیان ، نموونەیەكی تری قارەمانەتی گەلی كوردیان ، لە سەر لاپەڕی پڕ لــە شانازی میژوی خەباتی گەلەكەیان نەخش كرد .

هەر ئەو دەم یەكێ لە نووسەرەكانی كورد ، بــەم بۆنەوە ، لەنووسراوەیەكی خۆی دا ئەم دو شیعرەی نووسیبوو :

« ئەو نەمامانەی ، ئەمرۆ دەنیژرین »
به خۆینی پاكی خۆیان ئاو دەدرین »
« دەڕازیننەوە ، باخی كوردستان »
« دینە بەر بۆمان ، ڕۆژێ لە ڕۆژان » .



یەكی تر لە رولە تیكوشەر و نەبەزەكانی حیزب و گەل ، هەوال ( **سلیمانی معینی** ) بوو .



**سلیمانی معینی** سالی (١٩٣٥) لە مەهاباد ، لە خیزانیكی بازرگان لە دایك بوو . لە منداڵیەوە بــە شنەبای ئازادی كوردستان بــە خودا هاتبوو ، وە پولی سەرەتای قوتابخانەشی لە ســەر دەمی حكوومەتی میللی كوردستاندا بە زمانی زكماكی خۆی خویند بوو .

پاش تیكچوونی حكــوومەتی خود موختاری كوردستان ، باوكی سلیمانیش كە وەزیری ناو خــۆی كوماری مەهاباد بــوو ، وەك سەدها كوردی تــری نیشتمانپەروەر لە لایەن حكوومەتی ئیرانەوە گیراو تەبعید كرا . سلیمان پەلاماری حكوومەتیشای ، بۆ ســەر كوردستان ، وە ئیعدام و لە قەنارە دانی سەر كردەكانی كــورد و گرتن و نەفی كردن و راو نانی ئازادیخوازەكانی كوردی بــە چاوی خۆی دیتبوو ، وە لە زولم وزوری مەعمورەكانی حكوومەتی تاران و بەشخوراوی گەلی كورد شارەزا ببوو .

لە كاتی خویندنی ناوەنجیدا ، بوو بە ئەندامی ریكخراوەی لاوانی دیموكراتی كوردستان ، وەیەكی لە لاوەكانی وریــاو تیكوشەر بوو . سالی ١٩٥٢ ) بۆ دریژە پێ دانی خویندن چــوە تاران ، وە لە وێ لە ریزی ریكخراوەی لاوانی تودەی ئــیراندا ، خەباتی خۆی دریژە پێدا .

پاش كویتای نگریسی (٢٨)ی گەلاویژی (١٩٥٣) ، لە كاتیكا كونە پەرستی رەش لە هەموو لایەكــەوە حیزبو ریكخــراوە دیموكراتیەكانی پەلامار دابوو ، وە كادرەكانی حیزبی كەوتبوونە

به ندیخانه و کوری خه‌باتی نهینی‌یه‌وه ،سلیمانی معینی به فه‌رمانی حیزب ، له تارانه‌وه گه‌رایه‌وه کوردستان و له مه‌هاباد به نهینی خه‌باتی ده‌کرد .

سالی (١٩٥٥) سلیمان له کاتی تیکوشانی نهینی داگیرا ، ماوه‌ی دو سال له ژیر ئازار و جه‌زره‌به‌دا ، له گرتو خانه مایه‌وه و پاشان به که‌فیل به‌ردرا .

سالی ( ١٩٥٩ ) کاتیکی سازمانی ئه‌منیه‌تی ئیران هێرووژمی بو سه‌ر ریکخراوه‌کانی ح.د.ك. ده‌ستپێ کرد . سلیمان که تـــازه چه‌ند مانگیك بوو ، شایی کرد بوو وژنی هینـا بوو ، ناچاربوو خوّی بشاریته‌وه . سلیمان بوکی چه‌ند مانگی به جێ هیشت ، وه ئه‌ویش وه‌ك زور که‌س له هاوالانی تر ، ڕای کردو رووی کرده کوردستانی عیراق .

به‌لام پاش ماوه‌یه‌ك له گه‌لی هیندی کادره‌کانی حیزبی بو کوردستانی ئیران گه‌راوه و ده‌ستی کرد به تیکوشانی سیاسی .

سلیمان و هاواله‌کانی شه‌و روژ له ناو زه‌حمه‌تکیشه‌کاندا ده خولانه‌وه ، له باری سیاسی و کومه‌لایه‌تیه‌وه ، خه‌لکیـــان وریا ده کرده‌وه ، له سه‌ر زولم لێ کراو به‌شخوراوه‌کان وه ده‌نگ ده‌هاتن ، وه پشتیوانیـــکی ته‌واو بوون ، بۆ وه‌رزیرو زه‌حمه‌تکیشه‌کان . سلیمانی معینی ئیتر چیاو که‌ژه‌کانی کوردستانی کرد بوه جیـگای ژیان و کار و تیکوشانی ، وه له ناو زه‌حمه‌تکیشه‌کانی کوردستاندا ده حاواوه . خه‌باتی سلیمان و هاواله تیکوشه‌ره‌کانی ، حکوومـه‌تی دیکتاتوری و دژی نیشتمانی ئیرانی نیگه‌ران کرد بوو . ســازمانی ئه‌منیه‌تی ئیران ، به هه‌موو توانایه‌که‌وه بو فه‌وتاندنی سلیمانی معینی که‌وتبوه هه‌ول و ته‌قه‌لاوه .

له مانگی بانه مه‌ری سالی ١٩٦٨ له کاتیکدا کـــه به کاری حیزبیه‌وه ده‌چیته عیراق له سلێمانی له دوای قاله ته‌گه‌رانی ده‌که‌وی . قاله ته‌گه‌رانی به بیانووی ئه‌وه‌ی که ده‌یگه‌یینیته‌وه سه‌ر ســنوور سواری ترومبیلی ده‌کاو ده‌که‌ویته ری . به‌لام له ریگا له لایه‌ن کار به ده‌ستانی شورشه‌وه ده‌گیری . پاش چه‌ند روژ ته‌رمی بی گیانی سلیمانی معینی ده‌دریته‌وه به مه‌عمووره‌کانی حکوومه‌تی ئـیران . راسته که ژه‌ینی کار به ده‌ستانی شورش کوردستانی عیراق به هوی هیندی خه‌به‌ری به درووه له عاست سلیمان ئالـــوز کرا بوو به‌لام





پاش شه‌هید کردنی ته‌رمه‌که‌ی (سوله‌یمان)یان بۆ چاوترساندنی خه‌لك به شـــاره‌کاندا ده‌گیرا

دیسانه که ئەو کردەوەی بە ریوە بەرانی جوولانەوەی کورد لە عیراق هەلەیەکی زور گەورە بوو وە تەئسیریکی خەراپی کردە سەر بیرو رای گەلی کورد لە کوردستانی ئیراندا و سازمانی ئەمنیەتی ئیرانیش لەو کارەساتە کەلکیکی زوری تەبلیغـــاتی دژی بەریوە بەرایەتی جوولانەوەی کوردستانی عیراق وەرگرت ٠

مەئموورەکانی سازمانی ئەمنیەت و ژاندارمە تەرمی بی گیانی ئەو رۆلە تیکوشەرەیان بەو چەشنە کە لە وینەکەی دا دەبینندری ، بە شارەکانی کوردستان دا دەگیراو پاشان بردیانەوە شاری مەهاباد و خەریك بوون بە شەقامەکان دا بیگیرن ٠

بەلام خەلکی بە شەرەفی مەهاباد رژانە سەر شـــەقامەکان و مەیتی رولەی تیکوشەر و شەهیدی ریگای ئازادی کوردستانیان لــە سازمانی ئەمنیەت ئەستاندەوە و بردیانە مزگەوتو بە ریز ئیحترامیکی بی وینە بە دایکی نیشتمانیان ئەسپارد ٠ لە روژی ناشتنی سلیمانی معینی دا بە پیچەوانەی ویست و رەزای حکوومەت هەر لە بەیانیەوە مەدرەسەکان داخران و قوتابیەکان نەچوونە سەر دەرس و تەواوی بازار هەلگیراو لە ناشتنی ئەو رولە تیکوشەرو شەهیدەدا هاو بەشیان کرد و هەستی توورەبی و بیزاری خویان لــە حاست ئەو جنایەتە دەر دەبری ٠

**مەلا رەحیم کوری مەلا نصر الله**



کە بـە ( میرزا ئەحمەد ) ناسرا بوو ٠ سالی ١٩١٢ لــە گوندی نجنەی خوارووی ناوچـەی بانە لــە خیزانیـــکی نەدار و زەحمەتکیش لــە دایك بوە لــە تەمەنی ١٢ سالی دا باوکی دەمری و تووشی تەنگ وچەلەمەی ژیان و دەست کورتی و نەداری دەبی ٠ پاشان دەچیتە حوجرەی فەقی‌یان دەخوینی ٠ پاش ماوەیەك هـەر چەندە خویندنەکەشی تەواو ناکـا بەلام لە بەر ئەوەی مال و مندالی زوری بە ئەستووە دەبێ دەست لە خویندن هەلدەگری و لە ناوچەی



بە خەریکی کویرەوەری و کارو کاسبی دەبی ٠ سالی ١٩٤٨ دەبیتە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستـــان و زور بە چالاکی بۆ بەجی گەیاندنی ئامانجەکانی حیزب تیدەکوشی ٠ میرزا ئەحمەد لە ناوچەی بانە یەکیك لــــە کادرەکانی خەباتکیر و کولنەدەری حیزب بوو ٠ سالی ١٩٥٩ کاتیکی ریکخراوەکانی حیزبی لە لایەن سازمانی ئەمنیەتەوە پەلامار دران ئەویش ناچار بوو لە گەل هاوالانی دیکە بچیتە عیراق ٠ بەلام چوونی بو عیراق نەبوە هوی سارد بوونەوەی لە خەباتو تیکوشان ٠ میرزا ئەحمەد هەر چەندە لــــە عیراق بوو بەلام تیکوشانی لە کوردستانی ئیران هــەر بەر دەوام بوو ٠ سالی ١٩٦٧ لــــە ناوچەی سیوەیلی عیراق لــــە لایەن کار بەدەستانی شورشەوە گیرا و پاش مانگیك راگرتن لە بەندیخانەدا کاتیکی دەیان نارد تەحویلی ئیرانی بدەنەوە لە لایەن پیشمەرگەکانی هیزی خەباتەوە لە نیزیکی تەویلە لــــە سنووری ئیران و عیراق کــوژرا ٠



یەکی تر لە شەهیدەکانی حیزب و گەل **(خەلیل شەو باش)** رۆلیکی تیکوشەرو خەباتگیـــر بـوو ٠

**( خەلیـــل مستەفا بود )**

مەشهور بە ( شەو باش ) سالی ١٩٤٣ لە شاری بانە لە خیزانیکی کاسبکار لە دیك ببو ٠

هەر لەم شارەش پولی سەرەتایی قوتابخانەی خوینـــد بوو ، پاشان دەستی لــــە خویندن هەلگرتبو ، وە خەریـــکی کارو کاسبی و یاریدە دانی باوکی بوو ٠ خەلیل شەو باش وەك زور لە لاوەکانی کوردستان هەستی بە بێ بەشی و ژیر دەستی نەتەوەکەی کرد بوو ، بۆ رزگاری لەم وەزعە تالە ریگای ح٠د٠ك٠ی گرتبوە بەرو ببووە ئەندامی حیزب ، وە لە ناوچەی ( بانە ) دا ، یەکێ لەکادرە تیکوشەر و ژیرەکانی حیزب بوو ٠ خەلیل شەو باش لە بانە مەری سالی ١٩٦٨ دا ، کاتیکی لە گەل سلیمانی معینی لــە کوردستانی عیراق دەگــەراوە ئەویش

گیراو بێ سەر و شوێن کرا ٠

شا کە لە جوولانەوەی رزگاری خوازی کورد نەترەی چو بوو فەرمانی دا بوو بە خێرایی جوولانەوەی کورد سەر کوت بکرێ و لە کوشتاری نیشتمانپەروەرانی کورد دەست نەپارێنەوە ٠ لە سەر ئەو فەرمانە کوردستان بە جاری پەلامار درا و دەستیان کرد بە کوشتنی ئازادیخوازانی کورد ٠

لە بەرامبەر ئەو هورووژمە درندانەی هێـــزە چەکدارەکانی حکوومەتی شاهەنشاهی دا نیشتمانپەروەرانی کورد بێجگە لە دەست کردنەوەی چەکدارانە چارەیەکیان نەما ، ناچار بوون بۆ دیفاع لە گیان و شەرەف و ناموسی خویان ئازایانە بەربەرەکانی بکەن ٠

لە ناوەراستەکانی مانگی پوشپەری ١٩٦٨ دا هێزیکی زوری ژندارم و کوردە خو فروشەکان رێگا بە چەند هاوالێکی حیزبی دەگرن کە **عبدالله معینی** مەسئولیان بوو ٠ ئازادیخوازانی کورد بو پاریزگاری خویان ناچار دەبن بەربەرەکانی بکەن ٠ لە شەریکی خویناوی دا کە هەتا ئیواری دریژە دەکیشی **عبداللـــەی معینی** و **مینەشەم** دوو رولەی ئازاو قارەمانی گەلی کورد شەهید دەکرین و یەکیش بریندار دەبێ ٠ لە ژاندارم و جاشەکانیش نەفســـەریك و چەند ژاندارم و یەکیش لە کوردە خوفروشەکان دەکوژرین ٠



**عەولای معینی** کە وا وینەکەی لە بەر چاومانە ، لاوێك بوو لـــە تەمەنی بیستسالی دا ، قوتابخانەی سەرەتایی و پولی ناوەنجی لـــە مەهاباد تەواو کرد بوو ، لە جیاتی چوونی زانستگا و فیر بوونی زانست لە بەر مەعموورە جنایەتکارەکانی سازمانی ئەمنیـــەت ، ناچار بوو خۆی بشارێتەوە و پەنا بۆ چیاو کەژەکانی کوردستان و زەحمەتکیشەکانی کورد بەری ٠ **عەولای معینی** لە مەکتەبی خەلکدا لە گەل سلیمانی برای ، فێری خەبات و خزمەت بە ئامانجەکانی



...ەنموەکەی بوو ، وە تا ئەو روژەی کە چرای تەمەنی بر... ...کوژایەوە ، بەو مەکتەبە وەفا دار ماو خەباتی خـــوی ...بی دا ٠

ئەو شەرە دا کورە وەزیریکی دیکەش پاش ئەوەی فیشەکی نامینی لە لایەن ژاندارمەکانەوە بە دیل دەگیری و دەیبەنە مەهاباد ٠ لە وی **حەسەن خور خورەیی** دەکیشنە ژیر تەحقیقات و پرسیار کە مەکوی حاوانەوە و شوین و جیگای ئازادی خوازەکانی کوردی پی بدوزنەوە ٠ بەلام ســـەرەرای ئازار و جەزرەبەی وەحشیانەی ژاندارم و سازمانی ئەمنیەت **حەسەن خور خورەیی** خەیانـــەت ناکاو ناچەمی ٠

هەر لەو سەرو بەندەدا شا بو فریو دان ، و خاو کردنەوەی لاوەکانی کورد ، فەرەحی ژنی بو کوردستان دەنیری بەلکوو لەو رێگایەوە لافاوی توورەیی و بیزاری گەلی کورد لـــە جنایەت و تاوانەکانی کەم کاتەوە ٠ بەلام لە مەهاباد ئـەو شارەی تازیەدار ، فەرەحی شا ژن سەرەرای بە کار هینانی هەموو شیوەیەکی فریوو خەلەتاندن بـــە بیزاری و توورەیی و بـــە تفـو لەعنەتەوە پیشوازی لی کرا ٠

سازمانی ئەمنیەت بو نیشانەدانی زەبرو زەنگ و ترساندنی خەلك هەر روژیك دوای رویشـــتنی فەرەح **حەسەن خورخورەیی** بە ئاشکرا لە مەیدانی کرین و فروشتنی مەرو مالات لە مەهاباد لە بەر چاوی خەلك گوللە باران کرد ٠ کاتیکی جنایەتکارەکانی رژیم چوون چاوی ببەستن کورە جوتیری کورد کوتی : ( جاریك چاوتان بەستم ئەو دەمەی کە فیشەکم پێ نەما بەلینیتان دا ئەگەر تەسلیم بم نام کوژن ٠ ئیتر نامێلم بو جاری دووهەم چاوم ببەستن ٠ من لە گوللەی ئیوە ناترسیم ) ٠ حەسەن خورخورەیی بەو جورە پیشوازی لە مردن کرد و بەلام خەیانەتی بە گەل و نیشتمانەکەی نەکرد ٠

روژی ٢٨ی مانگی پوشپەری ١٩٦٨ هیزیـــکی ژاندارم و کوردە خائینەکان ، لە گوندی ( ئاغەلان ) ناوچەی سەردەشت ، هورووژمیان بردە سەر خەلکی ئاوایی ، و داوای جیگاو شوینی بە قسەی خویان ( چەتە کانیان ) لێ دەکردن هێندێ لە ئازادیخوازە چەکدارەکان بەرەنگاریان بوون و دەستیکی باشیان لێ وەشاندن ٠ لەم شەرە دا سەرەك جاشیك کە ناوی ( هەلەت ) بوو ، لە گـــەل ١٤ ژاندارم کوژران و شەش و ژاندارمیش بریندار بوون ٠

له‌و رۆژه‌ دا ( **محمدی ره‌سوه‌ مه‌ره** ) خه‌لکی ( ئاغه‌لان )
شه‌هید کرا .



**محمد** کوری ره‌سو ئومه‌ر له خیزانیکی کاسبکاری لادێ له دایك ببۆو . .

زور باش هه‌ستی به‌و بێ به‌شی و ژیر ده‌ستیه کرد بوو ، وه زوولم و زۆری حکومه‌تی به گوشت و پیستی خۆی هه‌ست بێ ده‌کرد . بۆ رزگاری له و زوولم و زۆریه و وه ده‌ستهینانی مافی ئینسانی ڕیگای خه‌باتی گرتبوه به‌رو ببوه ئه‌ندامی ح.د.ك. ، وه له‌م ناوچه‌یه دا یه‌کیك له ئه‌ندامه‌کانی تیکوشه‌ر و وریای حیزب بوو . **محمدی ره‌سوه مه‌ره** ، به هه‌موو هیز و تواناوه خزمه‌تی به حیزب و ئامانجه‌کانی ئه‌و ده‌کرد . له گه‌لاویژی سالی ۱۹٦۸ دا ئه‌ویش به گولله‌ی دوژمنه‌کانی گه‌لی کورد شه‌هید کرا .

رۆژی ۲٥ی گه‌لاویژی ئه‌و ساله ، له چیای ( زمزیران ) نیوان سه‌رده‌شت و مه‌هاباد ، ٤۰ ژاندارمه و سه‌رباز تووشی چه‌ند هاوالیکی حیزب ده‌بن . وه ده‌یانه‌وی بیانگرن . به‌لام ئه‌و هاوالانه که چه‌کدار ده‌بن ، ده‌ست ناده‌ن و لێیان ده‌بیته شه‌ر ، هه‌ر له هه‌وه‌لین ته‌قه دا ، ژاندارمیك ده کوژری و سه‌روکه‌ که‌شیان به ناوی ( شفا مقدم ) برینـدار ده‌بی ، دوو سه‌ربازیش به دیل ده‌گیرین ، ژاندارمه‌کانی دیکه‌ش را ده‌که‌ن .

له به‌ر ئه‌وه‌ی حکومه‌ت بڕوای به سه‌ربازی قشون نه ده‌کرد ، سه‌ر بازه‌کانیان خستبوه پال ژاندارمه خوین خوره‌کانه‌وه ، وه له ژیر چاوه دیری ئه‌وان دا بوون . هاواله‌کانی حیزبی ئه‌م دوو سه‌ر بازه به ریزه وه به‌ره‌لا ده‌که‌ن . به‌لام پاش گه‌رانه‌وه‌یان ، هه‌ر دووکیان به فه‌رمانی ( سوپه بود اویسی ) به تاوانی ته‌سلیم بوون به دوژمن ، گولله باران ده‌کرین .



**سه‌ید فه‌تاحی نظامی** خه‌لکی مه‌هاباد له خیزانیکی زه‌حمه‌تکیش و کاسبکار له دایك بوه و هه‌ر له مندالیه‌وه تووشی کویره‌وه‌ری و نه‌داری هاتوه . خوێندنی سه‌ره‌تایی هه‌ر له مه‌هاباد ته‌واو کرد بوو به‌لام له به‌ر ده‌ست ته‌نگی و کویره وه‌ری نه‌یتوانیبوو خوێندن دریژه پی بدا ناچار فیری به‌رگ دروون ببوو و له‌و ریگایه‌وه به‌ڕی ده چوو .



**سه‌ید فه‌تاح** له ته‌مه‌نی لاوه‌تی دا هاتبوه ناو ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و به دل و گیانه‌وه خزمه‌تی حیزبی ده کرد . هاوالیکی زور تیکوشه‌ر و چالاك بوو . سازمانی ئه‌منیه‌ت تیکوشانی **ئه‌و هاواله‌ی** خستبوه به‌ر لێی ده‌خه‌فتا که بیگری .

کاتیکی سه‌ید فه‌تاح هه‌ستی به‌وه کرد که ده‌گیری ناچار بوو خو بشاریته‌وه و تیکوشانی سیاسی خۆی به نهینی دریژه پی بدا . له ماوه‌ی تیکوشانی نهینی‌دا سه‌ید فه‌تاح کادریکی لی هاتوو ، دلسوز ، وریا و چالاك بوو .

کاتیکی له هه‌وه‌لی مانگی ره‌زبه‌ری ۱۹٦۸ دا له گه‌ل هیندی له هاوالانی حیزبی له چیای حاجی کیمی کو ده‌بنه‌وه به هـۆی خه‌یانه‌تی کابرایه‌کی خو فروشه‌وه له لایه‌ن له‌شکریکی زوری سه‌رباز و ژاندارمه‌وه گه‌مارو ده‌درین .

ئه‌ندامانی حیزب که بریاریان دا بوو بکوژرین و به‌لام ته‌سلیم نه‌بن ناچار بو دیفاع و پاریزگاری خویان به چه‌که‌وه به‌ره‌نگاری دوژمن ده‌بن . پاش شه‌ریکی زور قاره‌مانانه سه‌ید فه‌تاح له گه‌ل سێ هاوالی دیکه شه‌هید ده‌کرین .

ئەو هاوالانە دەرویش عوسمان لاویکی ٢٠ سالە و فەقی عەل وەدگیل و عەلی یە گەلە و هەر یەکە بە نورەی خـــویان ئەندامی تیکوشەری حیزب بوون و ژیانی خویان تا سەر لە پیناوی ئازادی نیشتمان دا بەخت کرد .

دوو شەهیدی دیکە :

( **حاجی** ) خەلکی پاراستان و ( **حسین خاتون** ) خەلکی کانی رەشی سوار ئاغا دوو شەهیدی دیکەی حیزبی دیوکراتی کوردستان بوون لە ناوچەی گەورکان .

روژی ١٦ی رەزبەری ١٩٦٨ دەستەیەك ژاندارم و سەربازو کوردی کری گرتە تووشی ئەو دوو هاوالە دەبن دەیانەوی بیــــان گرن . حاجی و حسین خاتون بو دیفاع لە خویان بەرەنگاریان دەبن و شەریکی زور ئازایانە دەکەن . بەلام لە ئاخرەکەی دا ئەو دوو نیشتمانپەروەرەش بە دەستی پیاو کوژەکانی حکوومەتی شا شەهید دەکرین . ژاندارمە جنایەتکارەکان تەرمی ئەو دوو شەهیدە لە پیشی جیبەکانی نیزامی دەبەستن و بە دیهاتیان دا دەگیرن . پاشان بو ترساندنی خەلك لە شاری سەردەشت هەلیان داوەسن .

## **داو نانەوە و کوشتار دریژەی هەیە**

حکوومەتی دیکتاتوری و سەر بە ئیمپریالیستی ئیران ، لـــە پەرەی جولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد ، بـــە جاریك ئازاو قارای لی هەلگیرا بوو . شا فەرمانی دابوو بە ( سوپەهبود اویسی ) کە لە ماوەی سێ مانگدا کوردستان لە ( دزو چەتە ! ) بە قسەی ئەو پاك بکاتەوە ، وە بە قسەی خویان ( هیمنایەتی و ئەمنیەت ) ! لە ( ئازربایجانی روژ ئاوا ) یانی لە ناوچەی سەرووی کوردستانی ئیران سەقام گرتوو بکات . حکوومەتی ئیران بە پێی خاسیەت و ناوەروکی دژی نیشتمانی خۆی لە گەل پەلامارو کوشتارو گرتن و راو نانی ئازادیخوازەکانی کورد ، سیاسەتی فێل و خەلەتانـــدن و تەلەکەشی بە کار دەهینا .

یەکیك لەو داووتەلەکەی کـــــە بو بی وەکردنی کادریکی تیکوشەری حیزبیان ناوە ئەوە بوو کە مەعموورەکانی ســـازمانی ئەمنیەت لە گەل برایم ئاغای بریاجی بە ئانقەست کیشـــەو دوو بەرەکیان لە نیوان خەلکی گوندی ( دیوالان ) دا ساز کرد . پاش



... ... ... ئیتر ما دەبرینە لای مەلا ئاوارە و ... لی دەکا کە بـــو ... کردنەوەی حەلت و بەعینـــی ئاکوکی بەیـــــە دیوالان و ... دی یەکە ریك خاتەوە . بە لایەکی دیکەوەش بە حەمـــەن ... کە جاسوس و بە کریگیراویکی سازمانی ئەمنیـــەت بوو ... کە ئەمیلی مەلائاوارە تا روژ لە گوندی وەدەر کەوی .

مەلا ئاوارە کە کادریکی تیکوشەری حیزب و پیاویکی بـــە ریزو ناسراوی ناوچەی سەردەشتی بوو . لە ناو خەلکدا نفووزیکی زوری هەبوو بۆ ئەوەی کیشەو دوو بەرەکی لە ناو خەلکدا نەمینی و دوژمن کەلکی لی وەر نەگری لە گەل دوو هاوالی دیکەی حیزبی دەچیتە ( دیوالان ) . بەلام تاوانبارەکانی حکوومەتی شا کە لـــە پیشەوە بە فیل و تەلەکە داویان نابووە لە دیوالان دەورەی دەدەن و دەیگرن . پاشان بە هیلیکوپتر دەیبەنە ( جەلدیان ) ناوەنـــدی هەلسوورانی نیزامی لە کوردستان . لە وی لە دادگای سەحرایی زەمانی شەر دا بە بی دیفاع و پاریزەر و قانون موحاکەمەی دەکەن و هەر سێکان بە ئیعدام مەحکووم دەکەن .



( **مەلا ئەحمەدی شەلماشی** ) کە بە ( **مەلا ئاوارە** ) ناسرا بوو ، کوری مەلا حەمەدەمینی هەمەوەند ،لە گوندی ( شەلماش ) ناوچـــەی

سه‌رده‌شت ، ساڵی ( ١٩٣٤ ) له‌دایك ببوو ·

له‌ منداڵیه‌وه‌ لای باوكی‌خوێند بووی ، پاشان چوو بسوه‌ حوجره‌ی فه‌قێ یان ، وه‌ له‌ حوجره‌و مزگه‌وته‌كانی كوردستاندا ، گه‌ڕا بوو خوێند بۆوی ·

مه‌لا ئاواره‌ له‌ سه‌ر ده‌می‌خوێندن و خووڵانه‌وه‌ به‌ كوردستاندا ، بێ به‌شی و هه‌ژاری گه‌لی‌كوردی دی بوو ، ده‌ست ته‌نگی و نه‌داری چێشت بوو ، وه‌ هاتبوه‌ سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ ، كه‌ مه‌لاو فه‌قێ یه‌كانی كوردستان ، بیجگه‌ له‌ خوێندن بۆ مه‌لایه‌تی ئه‌ركی گرینگتریشیان له‌ سه‌ر شانیه‌ ، ئه‌ویش بریه‌تیه‌ له‌ : وریا كردنه‌وه‌ی خه‌لك ، هاندانیان بۆ مه‌یدانی خه‌بات‌و تیكۆشان · وه‌ بۆ گه‌یشتن به‌و ئامانجه‌ ریگای خه‌باتی سیاسی گرتبوه‌ به‌ر ، و ببوه‌ ئه‌ندامی ح·د·ك· ، وه‌ كادریكی تیكۆشه‌رو زاناو نه‌به‌زی حیزب بوو ·

مه‌لا ئاواره‌ش ساڵی ١٩٦٦ له‌ گه‌ل كادره‌ به‌ شه‌ره‌فه‌كانی دیكه‌ی حیزب ، له‌ كوردستانی عیراق بو ولاتی خۆی گه‌ڕایه‌وه‌ · گۆچانیكی به‌ ده‌سته‌وه‌ گرت‌و به‌ شه‌و له‌ ناوچه‌ی سه‌رده‌شت و بانه‌ و سویسنی و ئالانـدا ، ده‌ خولایه‌ وه‌ ، وه‌ له‌ ناو وه‌رزیره‌كاندا ، ئه‌ركی نیشتمانی و حیزبی خۆی به‌ جێ ده‌گه‌یاند · له‌ مال وژیانی خۆی دوور كه‌وتبووه‌ ، به‌لام هه‌موو شوێنیكی كوردستانی ، مال و حالی ئه‌و بوو ·

مه‌لا ئاواره‌ زور جاران ده‌یگوت : ( له‌و كاته‌وه‌ كه‌ له‌ مالی خۆمان ده‌ر كه‌وتووم ، قه‌ت به‌ ته‌نیا نه‌بووم ، هه‌ستم به‌ غه‌ریبی نه‌ كردوه‌ ، من ئیستا ته‌نیا كوڕی دایك و باوكی خۆم نیم ، به‌لكو رۆله‌ی هه‌موو زه‌حمه‌تكیشه‌كانی كوردستانم ) ·

مه‌لا ئاواره‌ له‌ ناو زه‌حمه‌تكیشه‌كانی لادی دا ، ریز و حورمه‌تیكی تایبه‌تی هه‌بوو · هه‌میشه‌ خه‌لكی به‌ دوا رۆژیكی پر شه‌نگدارو به‌خته‌وه‌ر هیوا دار ده‌كرد ، وه‌ ریگای خه‌بات و تیكۆشانی به‌ زه‌حمه‌تكیشه‌كانی كورد نیشان ده‌دا · مه‌لا ئاواره‌ كه‌ خۆی له‌ چینی زه‌حمه‌تكیش‌و نه‌داری كوردستان بوو ، بیجگه‌ له‌ زولم و زوری ته‌ته‌وایه‌تی حكومه‌تی شـا ، زولم و چه‌وسـاندنه‌وه‌ی ده‌ره‌به‌گ و چه‌وسینه‌ره‌كانی خـۆ مالیشی روون ده‌كرده‌وه‌ ، وه‌



[illegible] ده‌گه‌یاند · به‌ زمانی [illegible] شیعری ده‌گوت · شیعره‌كانی له‌ ناو خه‌لكدا بلاو ده‌بوونه‌وه‌ و ده‌ماو ده‌م ده‌یان گێڕایه‌وه‌ ·

مه‌لا ئاواره‌ ، هه‌میشه‌ به‌ مه‌لاو فه‌قێ‌یه‌كانی ده‌گوت :

« ئه‌ركی ئیمه‌ ته‌نیا خوێندن و خواردن نیه‌ · نه‌ته‌وه‌ی كورد نه‌خوینده‌وارو دوا كه‌وتوه‌ وبه‌شخوراوه‌ · پیویسته‌ ئیمه‌ فكـری خه‌لك روون كه‌ینه‌وه‌ ، ریگای خه‌باتیان نیشان بده‌ین ، وه‌ شـان به‌ شانی زه‌حمه‌تكیشه‌كانی كورد ، بو رزگاری و به‌خته‌وه‌ری گه‌ل و نیشتمانه‌ كه‌مان تی بكوشین » · مه‌لا ئاواره‌ به‌ راستی خـۆشی ئه‌م ریگایه‌ی گرته‌به‌ر ، نه‌ك هه‌ر له‌ دژی ئیمپریالیزم و حكومه‌تی دیكتاتوری شا ، وه‌ ده‌ره‌به‌گایه‌تی و چه‌وساندنه‌وه‌ ، به‌لكو له‌ ناوه‌وه‌ی حزبیش دا ، له‌ دژی هه‌موو جوره‌ لادان و لاڕێیی خه‌باتی ده‌كرد ·

كاتیكی جه‌لاده‌كانی شا مه‌لا ئاواره‌یان بۆ مه‌یدانی ئیعـدام ده‌برد ، گوتبووی : « به‌كوشـتنی من خه‌باتی رزگاری خـوازی نیشتمانپه‌روه‌رانی كورد دوایی نایه‌ » ·

پیاو كوژه‌كانی حكومه‌تی شا ، روژی (١٠) مانگی مای ١٩٦٨ مـه‌لا ئاواره‌یان له‌ گه‌ل دوو كه‌سی تر له‌ خه‌باتگیرانی كـورد **( رحمانی وه‌ثمان چاوشین‌و مه‌لا كه‌چه‌ )** له‌ شاری سه‌رده‌شت گولله‌ باران كرد · ئه‌وانیش وه‌ك سه‌دها روله‌ی تری تیكۆشه‌ری كورد ، له‌ ریگای ئازادی و به‌خته‌وه‌ری نیشتمان و نه‌ته‌وه‌كه‌یاندا ، گیانی خویان فیدا كرد ·

ریژیمی شا به‌ هه‌موو تواناوه‌ هه‌ولی ده‌دا ، كه‌ ده‌نگو باسی ئه‌م جنایه‌ت‌و كوشتاره‌ له‌ دنیا بلاو نه‌بیته‌وه‌ و ده‌نگ نه‌ داته‌وه‌ · ئه‌گه‌ر جارو باریش ده‌زگای ته‌بلیغاتی ریژیم ناچارده‌بوو خه‌به‌ریك له‌ باره‌ی وه‌زعی كوردستان بلاو بكاته‌وه‌ ، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ بوو ، كه‌ له‌و په‌ری بێ شه‌رمی و ناپیاوی‌دا ئازادیخوازه‌كانی كوردی بـه‌ ( چه‌ته‌ و ڕێگر ) ناو ده‌برد · به‌لام ئه‌وانه‌ی كه‌ ده‌زگای ته‌بلیغاتی ریژیم به‌ دز و چه‌ته‌ی ناو ده‌بردن ، له‌ ته‌واوی چـین و تاقم و تویژه‌كانی كومه‌لی كوردستان بوون · وه‌ له‌ راستی دا حكومه‌تی تاران فه‌رمانی كوشتاری به‌ كومه‌لی خه‌لكی كوردسـتانی دابوو ،

ره لە ژێر ئەم بیانو وبوختانە دا ، جنایەت و پیاوکوژی خۆی لـ
کوردستان درێژە پێ دەدا •

ئیمە لیرە دا بیجگە لە و شەهیدانەی کە لە پێشەوەدا ناویان نووسراوە ، ناوو کاری ئەم رولە خەباتگیرانەش بلاو دەکەینەوە ، کە تەنیا بە تاوانی ئازادیخوازی و نیشتمان پەروەری بە دەستی هیزە چەکدارەکانی حکومەتی تاران لە سالی ١٩٦٨ دا شـەهید کران و بە داخەوە نەمانتـوانی وینەیان وەگیر بخەین و ویـا وەزعی ژیان و تیکوشانیان بە دریژی بنووسین •

سەرنج دانیکی ناو وکاری ئەم شەهیدانە بـە روناکی دەری دەخـا ، کە بە پیچەوانەی دروو دەلەسەی دەزگای تەبلیغاتی ریژیمی شا ، مەسەلەی چەتەیی و ریگری چەند کەسیك نە بوە لە کوردستان ، بەلکوو مەسەلەی خەباتی رزگاری خوازی و تیکوشانی سیاسی بوە ، لـە پیناوی ئازادی و دیموکراسی بۆ سەرانسەری ئیران ، وە وەدەستهینانی مافی نەتەوایەتی و ئینسانی گەلی کورد لە ئیراندا ، کە تەواوی تاقم و تویژی کومەلی کوردستان تێیدا هاو بەشیان کردوە • ئەگینا کاربەدەستانی حکومەتی ئیران کـە هەموویان بە گشتی دزو تالانچی مالی خەلکن ، هەر گیز بو چەند ( چەتە و ریگریك ) بـە قسەی خۆیان ئەو هەموو لەشـکر و سوپایەیان دەنگ نە ئەداو لە ئیرانیش تا ئیستا کەس لە سـەر دزی نەکوژراوە ، دەنا لە کار بەدەستە مەزنەکانی حکومەتی تاران نە دەبوایە تاقە یەکیشیان بمینی •

ناوی ئەو کەسانەی کە لە پیشدا ناویان نە هاتوە و لـە سالەکانی ١٩٦٧-١٩٦٨ بە دەستی پیاو کوژەکانی ریژیمی شـا شەهید کراون •

١ ـ رەسوو پیران وەرزیر

٢ ـ سالحی عەولا فەتێی وەرزیر



٣ ـ مراد شیرزی وەرزیر

٤ ـ ئەحمەدی عەلی عەسەمی کرێکار

٥ ـ محمدی هەمزە ریتالی کرێکار

٦ ـ وسینی هەمزە ریتالی کرێکار

٧ ـ حەسەنی ئەحمەدی کاسبکار

٨ ـ حەمەدەمینی سالح فەتاحی وەرزیر

٩ ـ محمد مەنگور وەرزیر

١٠ـ عبدالمجید ئەمیر زادە پیشەوەر

١١ـ محمدی حاجی رەسووی ( شیرزاد ) وەرزیر

١٢ـ برایم دییوکری وەرزیر

١٣ـ سالح لاجانی وەرزیر

١٤ـ سلیمان کەر قەشان وەرزیر

١٥ـ حەمەدەمین شیریز وەرزیر

١٦ـ عەولای بایزە قنجەی وەرزیر

١٧ـ حەمە سووری دولە توی کاسبکار

١٨ـ سەید یاقوبی باوەلەی وەرزیر

١٩ـ رەشیدی یاوەری عاشیرەت

٢٠ـ نیکو کرماشانی ماموستای مەکتەب

٢١ـ بەهمەنی ئەحمەدی رەشید بەگ عاشیرەت

٢٢ـ ئەحمەدی توفیق بەگ عاشیرەت

٢٣ـ حاجی نیازی

٢٤ـ عەولای کوری مەلا نەجمەدینی ئالوەتان کاسبکار

٢٥ـ مەحمود کوری عەزیزی کویخا مەحمودی وەرزیر

بە داخەوە وینـە و چونیەتی ژیان وبە سەر هاتی ئـەو

شەهیدانەم بە تەواوی لی روون نەبوو کە بە دریژی لـــە سەریان بنووسم • تەنیا بە ریز کردنی ناوەکانیان وازم هینا •



تەرمی مراد شیرێژپاش شەهید بوونی بەدەســت پولیسی کۆنەپەرستی ئیرانـــەوە



# ئیعتراز و رەخنەی حیزب و ریکخراوە پیشکەوتوەکان

لە سالی ١٩٦٧ وە تا سالی ١٩٦٩ ( ١٣٤٨–١٣٤٦ ) بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئیران ، سەر دەمیکی رەش و پر لە دەرد و داخ و کویرەوەری و تازیە و پرسە بوو • دەها کەس لە رۆلە تیکوشەرەکانی گەلی کورد بە دەستی هیزە چەکدارەکانی ریژیمی شـــا شەهید کران • سەدها کەس گیران و بۆ بەندیخانە و ئازارگایەکانی سازمانی ئەمنیەت ناردران • کوردستان کرا بە ناوچـــەی عەســـکەری ، وە دادگای نیزامی زەمانی شەر لـــە کوردستان هەلخران • دەها کەس لە ئازادیخوازەکانی کورد ، پەرەوازە و دەر بەدەری هەندەران بوون • حکوومەتی ئیران ئەم جنایەتانەی لـــە ژیر ناوی راونانی ( دزی و چەتەی چەکدار ) لە کوردستان دریژە پێ دەدا • دەزگاکانی تەبلیغاتی حکوومەتی شـــــا ، بە هەموو هیزیکەوە هەولیان دە دا کە جنایەتەکانیان لە بیرو رای گشـــتی ئیران و جیهان بشارنەوە ، بەلام بە پیچەوانەی هەول و تەقـــەلای ریژیمی شا ، کوشتارو جنایەتی هیزە چەکدارەکانی ئیران لـــە کوردستان ، لە دنیادا دەنگی دایەوە ، وە لە لایەن حیزب و کۆر و کۆمەلە پیشکەوتخواز و دیموکراتەکانی جیهانەوە مەحکوم کرا • ریکخراوە دیموکراتیەکانی دنیا ، هاو پیوەندی خۆیان لە گـــەل خەباتی رزگاری خوازی گەلی کورد راگەیاند ، وە لـــە حاست جنایەتەکانی ریژیمی شا لە کوردستان ، دەنگی رەخنە و ئیعترازیان بەرز کردەوە •

### جنایەت و کوشتاری سوپای ئیران لە قاو دەدری

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی رەزبەر . ە سپتامبر ەی سالی (١٩٦٨) دا بەیاننامەیەکی بلاو کردەوە و ، جنایەتی ریژیمی

شا و کوشتاری بە کۆمەڵی ئازادیخوازەکانی کوردی بە دنیا ڕاگەیاند ، وە داوای لە تەواوی هێزە دیموکرات و ئاشتیخوازەکانی دنیا کرد ، کە بۆ وەستاندنی جنایەت و تاوانەکانی حکومەتی ئێران لە کوردستان تێبکۆشن ، وە دەنگی ڕەخنە و ئیعترازی خۆیان بەرز کەنەوە ٠

لە بەیان نامەی ح٠د٠ك٠ دا گوترا بوو : « ڕێژیمی شا بۆ مانەوەی خۆی ، هەموو ڕۆژی وەك زوحاك دەبێ هێندی لە لاوەکانی کورد بکاتە قوربانی ٠ بۆ ترساندنی خەڵك تەرمی بێ گیانی کوژراوەکان بە شارەکانی « مەهاباد ، ورمێ ، شاپور ، نەغەدە ، شنو ، خانێ ، سەردەشت ، بوکان ، بانە ، سەقز ، سنە و کرماشاندا دەگێڕن ، وە بە دەهۆل و زورنا وە ، بە خەڵك ڕادەگەیێنن ( ئەوەیە نەتیجەی خەیانەت و چەتەگەری ! ) !

حکومەت لە گەڵ توند کردنی کوشتاری ئازادیخوازان هەوڵ دەدا ، کە جنایەتەکانی لە دەرەوەی چوار چێوەی ناوچەی پەلامار دراو ( کوردستان ) دەنگ نەداتەوە ٠ تەنیا جارو بار ، بۆ بە ژێر لێچەوە کردنی ئەم کوشتارە و شلوێ کردنی بیرو ڕای گشتی ، لە ژێر ناو ونیشانی بوختان و درۆی ( سزادانی چەتە و ڕێ گر ) دا چەند خەبەرێکی پچووك بلاو دەکاتەوە ٠ »

لە بەیان نامەی ح٠د٠ك٠ دا ، پاش نووسینی ناوی هێندێ شەهیدەکانی کورد ، گوترا بو : « ڕێژیم لای وایە بە کوشتنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ، دەتوانێ ئاگری خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد ، کە بەشێکە لە خەباتی تەواوی گەلەکانی ئێران بکوژێنێتەوە ٠ بەلام تاقی کردنەوەی تەواوی گەلەکانی دنیا نیشانی داوە ، کە ئیعدام و حەپس و ئازارو جەزرەبە ، نەیتوانیوە پێشی ڕێگای ئازادی میللەتان بگرێ » ٠

دوا بە دوای بلاو بور نەوەی دەنگوو باسی ئەم کوشتارە لە کوردستان ، حیزبی تودەی ئێران ، لە مانگی ئوکتوبری ١٩٦٨ دا بە بۆنەی کوشتاری گەلی کوردەوە لە کوردستان ، بەیاننامەیەکی بلاو کردەوە ، لە وێ دا گوترا بوو :

« بە گوێرەی دەنگوو باسی باوەڕ پێ کراو کە بە دەبیرخانەی حزبی تودەی ئێران گەیشتوە ، ڕێژیمی دژی نیشتمانی و دژی



دیموکراتیکی حوکمڕەوا بە سەر وڵاتی ئێمە دا ، لە سەرانسەری کوردستان دەستی کردوە بە ڕاونان و گرتن و لە دار دانی بە کۆمەڵ و تاك و تەریك ٠ تەنیا لە دوو مانگی ڕابردودا ، بێجگە لە کوشتارەکانی پێشوو ، دە کەس لە هاو نیشتمانە کوردەکان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە موحاکەمە کراون و کوژراون ٠ پاش نووسینی ناوی شەهیدەکان لە بەیاننامەی حزبی تودەی ئێراندا گوترا بوو :

« بێجگە لەوەش هەر ئێستا زۆر لە برا کورد و ئازربایجانیەکانمان گیراون و چاوە نواری چارە نووسێکی ڕەشن ٠ کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران ، لە حاست ئەم کردەوەی وەحشیانەی حکومەتی ئێران بە توندی ئیعتراز دەکات ، وە داوا لە تەواوی حیزب و کۆمەڵ و پیاوەکانی دیموکراتیك و نیشتمانی دەکا ، کە هەر چونێکی بۆیان دەکرێ ، لە حاست ئەم کردەوەی درندانە ئیعتراز بکەن ، وە سزادانی مەسئولەکانی ئەم کارە و ئازادی تەواوی گیراوە سیاسیەکان ، کە ئێستا لە ژێر ئازارو جەزرەبەی سەدەی ناوەڕاست دان ، وە بە تایبەتی ئازادی تەواوی ئەو کەسانەی کە ئێستا لە کوردستان و ئازربایجان گیراون — داوا بکەن ٠

حکومەتی کونە پەرستی ئێران لەم کاتەدا کە بو سەر کوتکردنی جوولانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و پاك کردنەوەی کوردستان ، بە قسەی خۆیان لە ( چەتە و ڕێ گر ) زیاتر هار ببوو وە توند و تیژتر پەلاماری ئەدا ، ڕوژنامە بەکرێ گیراوەکانی دەرباری و سەر بە ڕێژیم وەك « سەحەر ، اطلاعات ، کەیهان ، خاك و خوێن و هی تر ، بۆ بەر ئاواژو نیشاندانی ڕاستەقینە و هەڵە کردنی بیرو ڕای گشتی چەند خەبەری پچوکیان بە ناوی گویا ( لە داردانی چەتەکان ! ) بلاو کردەوە ٠ بەلام نە ئەو خەبەرە بە درۆیانە ، وە نە هەوڵ و تەقەلای دەزگای تەبلیغاتی ڕێژیم ، نەیانتوانی هیچ کەس لە واقعیت و ڕاستی هەڵە بکەن ٠

کومیتەی ناوەندی حزبی تودەی ئێران ، لە مانگی نوامبری ١٩٦٨ دا نامەیەکی بۆ تەواوی حزب و ڕێکخراوە دیموکراتیك و ئازادیخوازەکانی دنیا نارد ، داوای لێ کردن کە بۆ پێشگری لە

کوشتاری دیموکراتەکانی کورد ، وە جنایەتی حکوومەتی ئیران لە کوردستان رەخنە و ئیعتراز بگرن .

لە نامەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیراندا ، پاش باسی پەلاماری ریژیم بۆ سەر جوولانەوەی دیموکراتیکی گەلەکانی ئیران ــ گوترا بوو :

« حکوومەتی دژی نیشتمانی و دژی دیموکراتیکی ئیران بۆ ترساندن و پیشگری لە خەباتی خەلکی کورد ، کە بۆ وەدەست هینانی مافی خۆی خەبات دەکا ، دەستی بە کوشتارو پەلاماریکی هەراو کردوە . زیاتر لە ۱۲ هەزار ژاندارم و لەشکریك لە هیزە چەکدارەکان ، بە بیانووی پرو پوچ ، لە سەرانسەری کوردستان ، دەستیان بە گرتن و کوشتاری نیشتمانپەروەرانی کورد کردوە . تەنانەت بە پێی إعترافی حکوومەت خۆشی ، لە ماوەی دو مانگی دوایی دا ، دە کەس لە ئازادیخوازەکانی کورد بە بێ موحاکەمە لە شارەکانی جیاوازی ولات ئیعدام کراون . » پاش نووسینی ناوی شەهیدەکان لە نامەکە دا گوترا بوو :

« لە بەرامبەر ئەم جنایەتە دا ناتوانین بێ دەنگ بین . ئەم جنایەتە پێ شیل کردنی ئاشکرای مافی ئینسان ، وە بە پیچەوانەی قانون و تەنانەت بە پیچەوانەی ئەو ئازادیانە شە کە لە قانونی ئەساسی ئیراندا باسیان کراوە . کومیتەی ناوەندی حزبی تودەی ئیران ، لە ئیوە و لە تەواوی ریکخراوە دیموکراتیك و ئازادیخوازەکانی دنیا ، داوا دەکا ، کە هاو پیوەندی خۆتان لە گەل نیشتمانپەروەرەکانی ئیران دەر ببرن ، وە لە دژی ئەم کردەوەی غەیرە ئینسانیەی حکوومەتی ئیران ئیعتراز بگرن . بۆ رزگاری گیراوە سیاسیەکانی کورد و ئازربایجانی وە تەواوی گیراوە سیاسیەکانی ئیران تێ بکوشن » .

ریکخراوەی رووناکبیرانی کوردی ئیرانی لە دەرەوە لە ژیر ناو ونیشانی ( شا جنایەتەکانی خۆی دریژە پی دەدا ) بەیاننامە یەکی بلاو کردەوە و لە ویدا نووسیبووی :

« جنایەتەکانی ریژیمی دیکتاتوری حەمە رەزا شا لە کوردستان دریژەی هەیە . بە دەستوری شا رۆلە بە شەرەفەکانی گەلی کورد بە ناوی ( ئەشرار ) لە کوردستان ئیعدام دەکەن



دادگای زەمانی شەر لە کوردستان داندراوە تیکوشەرانی گەلی کورد کە لە ئازادی و شەرەفی ئینسانی خۆیان دیفاع دەکەن وەك سەردەمی سەدەکانی ناوەراست بو ژیر داری ئیعدام دەنیرن و یا بە گوللەی ژاندارمەکان دەکوژرین . تاوانی ئەو کەسانەی کە بە دەستی جەلادەکانی ریژیمی شا دەکوژرین تەنیا ئەوەیە کە بۆ خەلکی ئیران ئازادیان دەوێ و لە پیناوی وەدەست هینانی دەسەلاتی میلل دا خەبات دەکەن . بۆ گەلی زەحمەتکیشی کوردستان نان و زانیاری و لەش ساخی داوا دەکەن و دەیانەوێ مندالەکانیان بە زمانی زکماك بخوینن . ئەوانەن ویستی رەواو عادلانەی لاوانی گیانفیدا کە بە فیدا کردنی گیانی خویان نیشانیان دا کە جیگای تیکوشەرانی کورد لە ریزی خەباتی تیکرایی گەلەکانی ئیران دا هەر گیز خالی نابی .

پاشان لە بەیاننامەی رووناکبیرانی کوردی ئیرانیدا گوتراوە :

« پیاو کوژەکانی شا چەند خەباتگیری کوردیان گوللە باران کرد . کاتیکی لەو کارە بە ئاوات نەگەیشتن پەلاماری خویناویان بو سەر جوولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی گەلی کورد دەست پی کرد .

زیاتر لە هەزار کەس بو بەندیخانەکان ناردران . دەها کەسیان هەلاوەسی دەها کەسیان لە تیکوشەرانی کورد بە ئیعدام مەحکووم کرد . بەندیخانەکانی ئازربایجان و تاران و شارەکانی خوارووی ئیران لە ئازادیخوازەکانی کورد پر کران . »

بەیاننامەکە پاش ئەوەی کە ناوی ٤٨ کەسی لە شەهیدەکانی کورد بلاو کرد بووە داوای لە بیرو رای دیموکراتی دنیا کرد بوو کە لە دژی جنایەتەکانی ریژیم لە کوردستان دەنگی خویان بەرز کەنەوە .

روژنامەی کوردستان کە لە ئەوروپا دەردە چوو لە ژمارە ۲۲ ئوتی ۱۹٦۹ دا لە ژیر ناو ونیشانی ( پەلاماری خویناوی ریژیمی شا ) دا نووسیبووی : « ریژیمی شا بە شیوەیەکی فاشیستی لە گەل گەلی کورد دە بزویتەوە . کامە نیشتمانپەر وەر وئازادیخواز بی کی داوای مافی خوراوی گەلی کورد بکا بەشی زیندان و سی دارە یە . تەرمی بی گیان و بە خوین شەلالی لاوانی

کورد بەسەر شەقامەکاندا دەگێرن • زیندانەکانی ورمی تەوریز خورەمئاوا قزل قەلعە و قەسری قەجەر لە کوردە نیشتمانپەروەرەکان پڕ کراوە •

دادگای تایبەتی نیزامی دەستە دەستە تیکوشەرانی کورد بەرە و مردن دەنێری • هیچ دایکێکی کورد لە ترسی هێرشی شەوانەی سەرباز و سازمانی ئەمنیەت خەوی خوشی لە چاوی ناکەوی • کوردستان کراوەتە ناوچەیەکی نیزامی و زیندانێکی گەورە بو چوار میلیون گەلی کورد •

پاشان کوردستان نووسیبووی : « کوشتاری ئازادیخوازانی کورد وبە کار هێنانی شێوەی فاشیستی ناتوانی گەلی کورد چاو ترسین بکا وکوری خەباتی پی چول کا • خەباتی گەلی کورد بو ئازادی نەتەوایەتی و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دیموکراتی لە ئێراندا خەباتێکی عادلانە و پیروزە هەموو گەلانی ئێران و هێزە پیشکەوتوەکانی دنیا لەو خەباتە پشتیوانی دەکەن » •

حیزبی تودەی ئێران دفاعی خوی لە ئازادیخوازەکانی کورد دریژە پی دا • مانگنامەی ( مەردوم ) ئورگانی ناوەندی حزبی تودەی ئێران لە ژمارەی مانگی نوامبری ١٩٦٨ دا نوسیبووی :

« داگیر کردنی عەسکەری کوردستان ، پەلاماری بێ رەحمانە بۆ سەر نیشتمانپەروەرانی کورد ئیعدام و گوللە بارانی دەها نیشتمانپەروەری کورد ، یەکێك لەوەحشیانەترین کردەوەی ڕێژیم بوو ، لەم دواییانە دا • ڕێژیمی شا بە خۆڕایی هەولی دەدا ، تا ناوەرۆکی سیاسی کوشتاری ئەم دواییەی کوردستان لە بیرو رای خەلك بشاریتەوە • وە ئەو نیشتمانپەروەرانەی کە گیانیان لە ڕێگای نیشتماندا بەخت کردوە ، بە درۆ بە « ئاژاوەچی و چەتە » دابنێ • بەلام کێ بڕوای بەم درۆیانە کرد • لافاوی رەخنە و ئیعتراز کە پاش ئەم کوشتارە بە تایبەتی لە دەرەوەی ولات کەوتە رێ ، جارێکی دیکەش بیچمی فیلاوی ڕێژیمی شای بە دنیا نیشاندا » •

ڕوژنامەی « شوعلەی جنوب » ئورگانی تەشکیلاتی خوزستانی حیزبی تودەی ئێران لە ژمارەی مانگی بەفرانباری ١٩٦٨ دا نوسیبووی :



• لە ماوەی دوو مانگدا ٢٦ کەس لە برا کوردە ئازادیخوازەکانی ئیمە کە لە کوردستان بە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر بە ناو بانگن ـ گوللە باران کراون • تەرمی ئەو قارەمانانەیان بە شارەکانی کوردستاندا گێڕاوە تا خەلك چاو ترسین بکەن • وە ڕێگای هەمرو جەشنە ئیعتراز و بەربەرەکانیەك ببەستن • سەرە رای ئەم کوشتارە بێ شەرمانەیە ، قولە چوماغەکانی حکوومەتی خائینی شا ، وازیان نە هیناوە ، دەستیان کردوە بە گرتنی بە کومەلی ژمارەیەکی زۆر لە برا کوردەکانمان • بەندیخانەکانی تەوریز ، ورمی ، مەهاباد ، خانی ، لە رۆلە نەبەز و نیشتمانپەروەرەکانی ولاتەکەمان پڕ کراون •

مەرگ و جنایەت بالی رەشی بە سەر دوو ناوچەی سەر بەرزی ولاتەکەماندا کیشاوە • بەو پەلامارەی حکوومەتی شا ، قانون و عەدالەت و ئازادی لە خاکی قارەمانپەروەری کوردستان و ئازربایجان شوێنەواری نەماوە • شەمشەمە کویرەکانی ژاندارم و قازاخ ، کە بە بۆنی خۆین سەر خوش دەبن ، لە سەر ویرانەکانی بەشی گرینگی ولاتەکەمان هەل دەپەرن •

پاشان روژنامەی ( شوعلەی جنوب ) بۆ هاو پیوەندی لە گەل گەلی تیکوشەری کورد بانگی خەلکی کرد بوو نوسیبووی :

« هاو نیشتمانەکان لە یادی دلسوتینی پارچە جگەرەکاندا ، لە فرمیسکی بە خورری باوکە پیرەکان و ئافرەتە بیوە ژنەکان و بێ کەس و لێ قەوماوەکان و ئەم برا شەهیدانەمان بیر بکەنەوە • لەو بەلاو موسیبەتە زلەی کە بە سەر خەلکی بە شەرەفی ولاتەکەمان هاتوە ئاگادار بن • ئەو سا مۆری بێ دەنگی لە دەم و زاران بکەنەوە • لە کارگاو کارخانە ، لە مەدرەسە و زانستگا ، لە دیهات و لە شار ، لە هەر جیگایەك هەن ، دەنگی رەخنە و ئیعترازی خوتان بەرز کەنەوە • لە گیانی ئەو تیکوشەرانەی کە بۆ سەر بەخۆیی و ئازادی ولاتەکەمان کەوتوونەتە کوونە رەشی بەندیخانەوە ـ دیفاع بکەن •

لەم کوشتارە دلسوتینانە ، لەم گرتنی بە کومەل رەخنە بگرن • بۆ خەلك رون کەنەوە ئەو قارەمانانەی کە شەهید کراون ، وە ئەوانەی کە لە بەندو زنجیزی چینی حاکمەی چەبەل دان ، رۆلە

قارەمانەکانی گەلەکانی ئیمەن . بە پیچەوانەی ئیدعای بـە دروی حکوومەت ، ئەوانە « چەتە و ڕێ گرو ئاژاوەچی » نین ، بەلکو ڕێ گرو چەتە ، ئەم مەعمورانەی دەولەتین ، کە خەریکی ئـەو جنایەت و تالان و ڕاو وڕوتەن . خەلك فیر بکەن ، تا ڕاستی حاشا لی نـە کراو لە خەلك بگەیینن . وە لەم قارەمانانەی کە بۆ سەلماندنی هەق و مافی نەتەوایەتی خۆیانا ، بو ئازادی زمـانی زگماکی خۆیان ، خەباتیان کردوە ، وە گیانی خۆیان لە پیناو ناوە ، بە چاکە یـاد بکەن . نابی دەستە و ئەژنو دابنیشین و لەحاست ئەو جنایەتانە بێ دەنگ بین . لە دژی ئەم جنایەتە دلسوتینە ، ئەم کوشـتارە وەحشیانە ، وە لە دژی گرتن و ئازاردان و تەبعیدی ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئازربایجان بە توندی ڕەخنە بگرین .

سلاو لە گیانی پاکی سلیمانی معینی ، شەریف زادە ، مەلا ئاوارە ، وە تەواوی ئەو شەهیدانەی کە لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە دا گیانی خۆیان لە ریگای ئازادی گەلەکانی ئیراندا بەخت کردوە . سلاوی گەرم بۆ گیراوە قارەمانەکانی کوردستان و ئازربایجـان و هەموو گیراوە سیاسییەکانی ئیران » .

ڕوژنامەی « ضمیمەی مەردوم » ئورگانی ناوەندی حیـزبی تودەی ئیران ، تەشکیلاتی تاران نووسیبووی :

« کوشتاری ئازادیخوازەکانی کورد یەکیك لـە ڕەشترین کارنامەی ڕیژیمە لە سالەکانی دوایی دا . لە ماوەی سالیکدا ڕیژیمی دژی نیشتمانی و دژی دیموکراتیکی شا ، ٤٧ کەس لە تاقم تویژی جۆر بە جۆری کوردستانی ئیعدام و گوللە باران کردوە . سەدها کەس بە تاوانی پرو پوچ گیراون و لە بەندیخانەکانی کوردستـان و ئازربایجان و تاران و قەلای فەلەك الافـلاك دا ئازارو جەزرەبە دەدرین » .

نشریەی ( پەیمان ) ئورگانی دیفاعی « کونفدراسـیونی جیهانی خویندکارانی ئیرانی » لە ژمارە ١٣ی خۆیدا نوسیبووی :

« ڕیژیمی دژی گەلی شا ، کە سەرە ڕای ئەوەی ئیدعای سەقام گرتویی دەکا ، لە هەموو جورەنواندن و پیشاندانیکی ئیرادەی خەلك دەترسی ، لە ڕاپەرینی چەکدارانەی خەلکی کوردستـان ترسی ڕێ



نیشتوە . هیزی عەسکەری لە ڕادە بە دەری بو ئەو ناوچـەیە ناردوە . کوردستان و بەشیکی ئازربایجان کراوەتە ناوچـەیەکی عەسکەری ، ڕیژیمی شا هەولی دا بە هوروژمی عەسکەری خەبـاتی گەلی کورد سەرکوت بکا . هەر لەو کاتەشدا زوری هەولدا ، کە ئەهێلی خەباتی چەکدارنەی گەلی کورد لە دنیادا دەنگ بداتەوە ، بەلام بۆی نەکرا .

مەعمورەکانی ساواك و قشون ، لە بانە مەری ١٩٦٨ دا ١٢ کەسیان لە تیکوشەرەکانی کورد شەهید کرد . بۆ ترساندنی خەلك تەرمی کوژراوەکانیان بە شارەکاندا دەگیرا و بە خەلکیان نیشـان دەدا . کوشتاری وەحشیانە و شیوەی فاشیستی ڕیژیم ئیرادەی خەلکی کوردستانی تیـك نەشکاند . بە پیچـەوانە خەلکی تورەتر کرد .

لەو وەختەوە جەلادەکانی خەلکی ئیران ، بە درندەییەکی پتر ئەم ناوچەیان پەلامار دا . جنایەتیان کرد . وە بیچمی ڕاستەقینەی خویان نیشاندا . مەعمورەکانی سازمانی ئەمنیەت پتر لـە هەزار کەس خەلکی کوردستانیان گرتوە .

دەها کەس لە ئازادیخوازانی کورد لـە دادگای سەحرایی موحاکەمە و ئیعدام کراون . زور کەسیان لە مالی خۆیاندا کوشتوە . بە گویرەی ڕاپورتی « گاوالیری » ( پاریزەری ئیتالیایی ئەنجومەنی حقوقزانانی دیموکرات ) حەفتا کەسیان لە کوردستان کوشـتوە . مەعمورەکانی سازمانی ئەمنیەت مالی خەلکیان ئاگر تێ بەرداوە . زۆر لە ئازادیخوازەکانی خەلکی ئەم ناوچەیە ڕایـان کرد وەو دەر بەدەر بوون . خەلکی کوردستان لە سەرو مالی خۆیان ئەمین نین » .

« پەیمان » لە گەل ئەم نوسراوە یە ، ناوی ٥٣ کەس لـە شەهیدەکانی کوردی بلاو کرد بووە .

بلاو کراوەوەی « خەبەر نامە » سەر بە ( جەبهەی میللی ) لـە مانگی بەفرانباری ١٩٦٨ دا نوسیبووی :-

« خەباتی گەلی کورد لـە ژیر پەردەی بێ دەنگی دەزگای تەبلیغاتی ڕوژ ئاوادا دریژەی هەیە . لە کوردستانی ئیران خـەلك لە دژی زولم و زور ڕاپەریون . بـە پێی نوسراوەی ڕوژنامەکانی سەر بە حکوومەتی ئیران ، تائیستا دەها کەس کوژراون . تەرمی

کوژراوەکانیان بە شارەکانی سەقزو بانە و بوکان و مەهابادا گێراوە
وبە خەڵکیان نیشانداوە • لافاوی سەرباز و چەك بۆ کوردستان
وەرێ کەوتوە •

ڕوژنامەکانی ئیران خەباتگێرەکان بە « دزو چەتە » ناو دەبەن •
قشونی ئیران سەرانسەری کوردستانی داگرتوە • شیوەی جنایەت
و کوشت و بری قشونی ئەمریکا لە ویت‌نام ، لە گەل خەلکی بێ
بەشی کوردستان بەکار دەهێندرێ • دیهاتی کوردستان لە زەوی و
لە حەوا بە ئاگر ویران کراون » •

خەباتی قارەمانانەی گەلی کورد لە پیناوی ئازادی و دیموکراسی
بو ئیران و ئەستاندنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی
ئیران ، لە دنیادا دەنگی دایەوە • حکوومەتی سەر بە ئیمپریالیستی
شا ، لە ژیر زەختی بیروڕای گشتی ، وە لە ترسی ئەوە ، کە زیاتر
لە دنیادا ڕیسوا نەبێ ،پەلاماری نیزامی لە کوردستان شل کردەوە •
بەلام شیوەی گرتن و ڕاونان و ئازارو جەزرەبە دانی نیشتمان
پەروەرانی کوردی بە نهێنی دریژە پێ دا •

ئەم جارە لە هەر جیگایەکی ئازادیخوازەکانی کوردیان وەبەر
دەست کەوتایە ، بە خیرایی و بە بێ دەنگی لە قەنارەیان دەدان
و یا گوللە بارانیان دەکردن •

بلاو کراوەوەی « پەیمان » ئورگانی دیفاعی ( کنفیدراسیونی
جیهانی خویندکارانی ئیرانی ) لە ژمارە ۱۷ی مانگی گەلاویژی
۱۹۶۹ دا بەشیکی لە بەیاننامەی دەبیرخانەی کنفیدراسیون – کە
باسی ئەو گرتن و لە دار دان و گوللە بارانە نهێنیە دەکا – چاپ
کرد بوو • « پەیمان » نوسیبووی :

« کوشتارو خنکاندنی وەحشیانەی ڕیژیمی دژی گەلی ئیران لە
کوردستان دریژەی هەیە •• لە کوردستان خەلکیکی زور کوژراون •
تیکوشەرەکانی کورد لە دژی ڕیژیمی ئیران کە دەست نیژی
ئیمپریالیزمە ، چەکدارانە خەبات دەکەن •

بە دوای ئاگادارییەکانی پیشوو دا ، لە مەر کوشتاری خەلکی
کورد ، ڕوژنامەی نیشتمانپەروەی کوردی بلاو کرد بووە ، کە لە
لایەن مەئموورەکانی ڕیژیمەوە ئیعدام کرا بوون و نووسیبووی !
ئەم نیشتمانپەروەرانە لە دادگای عەسکەری « جەلدیان »



ئەم
موحاکەمە و گوللە باران کراون وپاش تیرە بارانیان تەرمی
شەهیدانەیان بە تەراکتور خستوتە ژیر خاك •

بلاو کراوەوەی « پەیمان » مەتنی ئیعتراز و ڕەخنەی شورای
کومەنیستەکانی ئیتالیای لە دژی کوشتاری نیشتمانپەروەرانی کورد
بلاو کرد بووە :

بالیوزی ئیران لە کوماری ئیتالیا – ڕوم

« لە لایەن شورای کومونیستەکانی بلدیەی شاری « ونیز »
نیگەرانی و ئیعترازی خۆم لە حاست هەلویستی دەولەتی ئیران لە
بارەی نیشتمانپەروەران و گیراوە سیاسیەکان ، وە نیشتمانپەروەرەکانی کورد ، کە هەموویان مەحکوومی دەولەتی ناوەندین
رادەگەیەنم • دەمانەوی خەبەری ڕاست لە مەر چارە نووسی
گیراوەکان بلاو بکریتەوە • دەمانەوی دادگای عادی و گشتی بە
دیار پاریزەرانی ناو نەتەوایەتی یە وە دابمەزریت •
سەناتور وەکیل – جان کوئینتو – ئیمزا »

( جوولانەوەی تازەی کومونیستی ئیران ) لە ری بەندانی
۱۹۶۹دا بەیاننامەیەکی بلاو کرد بووە و لە وی دا کوترا بوو :

« ئیستا چەند مانگە کوشتارو ڕەشە کوژی لە کوردستان
حەشر دەکا • ژاندارمەکان ،سەربازان ،کوماندوەکان ،گروە ضربت
چریکی بەکری گیراو و دەسگای جور بە جور کە شا بو سەر کوت
کردنی خەلك سازی کردوون لە دیهاتی کوردستان دەستیان کردوە
بە کوشتار و تالان • دەستە دەستە نیشتمانپەروەرانی کورد بو
بەندیخانە و ئازار گاو تەبعید گا و مەیدانەکانی ئیعدام دەنیرن •
تەنیا لە ماوەی پینج مانگی ڕابردوو دا لە مەهاباد ، بوکان ، سەر
دەشت ، شنو ، نەغەدە ، خانی ، بانە ، پاوە ، کرماشان ،
ڕەوانسەر ، و سنە ، و دیهاتی ، دەورو بەر پتر لە سی هەزار کەس
گیراوە • هەر لەو ماوەیەدا سەدها کەس بو ناوچەکانی ئاوو هەوا
ناخوش بو لای کرمان و روخەکانی خوارو دوور خراونەوە •
زور لە تیکوشەرەکان لە ژیر ئازارو جەزرەبە دا شەهید کراون •
تەرمی کوژراوەکان بە شارەکان دا دەگیرن ••• »

بەیاننامەکە پاش باسی بی بەشی گەلی کورد و جنایەت و فرو
فیلی ڕیژیمی شا لە کوتاییدا نوونسیبووی : « ئیمە داوا لە خەلکی

ئیران دەکەین کە لە خەباتی ئیستای کوردستان پشتیوانی بکەن. و بو روخاندنی ریژیمی شا تیبکوشن ·

کومیتەی ئیجرائی دیفاع سەر بە کونفیدراسیونی جیهانی خویندکارانی ئیرانی لە ١٥ی مانگی مارسی ١٩٦٩دا ئاگاداریەکی لەبارەی خەباتی دژی ئیمپریالیستی خەلکی کوردستان و تاوانەکانی ریژیم لەوناوچەیە بو کومیتەکانی دیفاع و خویندکارەکان و بیرورای گشتی بلاوکردەوە و لەویدا کوترابوو :

« خەباتی گەلی کورد بەشیکە لە خەباتی رزگاری خوازی خەلکەکانی ئیران · ماوەی سالیکە خەلکی کوردستان بو رزگاری ئیران و دژی ئیمپریالیزم و بو دابینکردنی مافی خوی و لەدژی ریژیمی کونەپەرستی شا خەباتیکی توندی دەست پیکردوە · ریژیمی دژیگەلی شا کە سەرەرای سەقامگرتووبی و هیمنیەتی بەروالەت لە هەموو خونواندنیکی خەلك دەترسی لە راپەرینی چەکدارانەی گەلی کورد نەترەی چوە · هیزی نیزامی لەرادەبەدەری بو کوردستان ناردوە · کوردستان و بەشیکی ئازربایجان کراوەتە ناوچەی نیزامی ...

مەعمورەکانی ساواك و قشون ١٢ کەسیان لە تیکوشەرانی کورد کوشتوە و بو ترساندنی خەلك جەندەکیان بە شەقامی شارەکاندا گیراوە · کوشتاری وەحشیانە و شیوەکانی فاشیستی ریژیم ئیرادەی خەلکی کوردستانیان تیك نەشکاند پیاوکوژەکانی ریژیم و نوکەرانی ئیمپریالیزم بە درندەیی پتر خەلکی ئەو ناوچەیان پەلاماردا جنایەتیان کرد و رووکاری راستەقینەی خویان بە خەلك نیشاندا ·

زیاتر لە هەزارکەسیان خەلکی تیکوشەری ئەو ناوچەیە گرت و لەبەندیخانەکانی تاران و ئازربایجان و کوردستان و ناوچەی خوارووودا زنجیر کردوە · دەها کەسیان لە نیشتمانپەروەرانی کورد لە دادگای سەحرایی بە ئیعدام حوکمداوە و یا لەمالی خویان کوشتوەیانن · بەگویرەی راپورتی ئاغای ( کاوالیری ) پاریزەری نوینەرانی ئەنجومەنی جیهانی حقوقزانانی دیموکرات ٧٠ کەسیان لە کوردستان کوشتوە · مالی خەلکیان ئاگرتی بەرداوە و زور لە تیکوشەرانی کورد دەربەدەر بوون ·



مەعمورەکانی ریژیم لە کوردستان تاوانی وەحشیانەیان کردوە ... »

پاشان لە بەیاننامەکەدا کوترابوو : سەرنجیکی ناوی شەهیدەکانی کوردستان دەری دەخا کە تەواوی تاقم و تویژی خەلکی کوردستان کریکار وەرزیر ، رووناکبیر ، خویندکاری ئایینی کاسبکار و زەحمەتکیش لەوجوولانەوەیەدا بەشدار بوون · بەیاننامەکە پاش بلاوکردنەوەی ناوی شەهیدەکانی کوردستان داوای لە تەواوی ریکخراوەکانی کونفیدراسیون کردبوو ، کە جنایەتی ریژیم لە کوردستان لەقاو بدەن · مەسەلەی کوردستان و خەباتی گەلی کورد بو کوروکومەلەکانی ناونەتەوایەتی روون کەنەوە ·

روژنامەی کوردستان لە ژمارە ٢١ی مانگی مای ١٩٦٩دا نامەی « ئەنجومەنی هاودەردی و یارمەتی بە گەلان »ی بلاو کردبووە کە بو کومیسیونی مافی ئینسان لە کوری نەتەوەیەکگرتوەکان ناردرابوو ·

نامەکە بەوچەشنە دەستپیدەکا · « نیویورك بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان ٩-٤-١٩٦٩ جەنابی سەروکی کومیسیون ·

ئەنجومەنی ئیمە لە وەزعی یەکجار زور ناخوشی گەلی کوردستانی ئیران لەودواییەدا ئاگادار بووە · بە تایبەتی کە دەزانین ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان ئەویش نە یەکجار بە دەست ژاندارم و سەربازی ئیرانی کوژراون ·

ئەو زولموزورە هەموو کوردستانی ئیرانی تەنیوەتەوە · جونکە هیزیکی زوری لەشکر و ژاندارم بو سەرکوتکردنی کوردەکان بو ئەوناوچەیە ناردراوە · هەروەها سەرنجی ئیوە بو زیندانیکردنی ژمارەیەکی زور لە کوردەکان رادەکیشین · ژمارەی دروستی گیراوەکان لە وەزعی ئەورودا بو ئیمە روون نیە بەلام وزەعی ژیانیان لە بەندیخانەدا زور جیی نیگەرانیە ·

جەنابی سەروك بو خاتری بەشەر دوستی و ریز گرتن لە مافە ئەساسیەکانی ئینسان داواتان لی دەکەین کە ئەو راستیە بە ئەندامانی بەشداری نەتەوە یەکگرتوەکان رابگەیینن بو ئەوە کە لە لای کار بە دەستانی ئیران کاریکی وا بکەن کە گەلی کوردستانی ئیران هەرچی زووتر لەو زور داریە رزگار بی ،

جه‌نابی سه‌روك هیوا دارین كه داوخوازی ئیمه قبول بكه‌ن و له هه‌موو توانای خوتان بو ئه‌و ئامانجه كه‌لك وه‌رگرن • ئیحترامی به‌رزی خومان پیش كه‌ش ده‌كه‌ین • • »

پاریس سكرتیر گشتی كلود یوس شه‌ن



صالح لاجانی یه‌كێك له شه‌هیده‌كانی جه‌لدیان



# وه ده‌نگ هـاتنی حیزب و هیزه ئازا دیخوازه كانی دنیا له سه‌رگه‌لی كورد

روژنامه‌ی « طریق الشعب » ئورگانی كومیته‌ی ناوه‌نـدی حزبی كومونیستی عیراق لـه ژماره‌ی هه‌وه‌لی مانگی خه‌زه‌لوه‌ر ( نوامبر )ی سالی ١٩٦٨ دا ، لـه ژیر ناو ونیشانی ( ئیعترازی ح•ك•ع• ) له حاست كرده‌وه‌ی ره‌شـه كوژی و زه‌برو زه‌نگی حكومه‌تی شاهه‌نشاهی ئیران له دژی میلله‌تی تیكوشه‌ری كورد ) نوسیبووی :

« ریژیمی شا له شاره‌كانی » خانی ، شـنو ، مه‌هاباد ، جه‌لدیان ، ده‌سته ده‌سته ، نیشتمانپه‌روه‌ره‌كانی كورد ئیعدام ده‌كا • • بـه گویره‌ی ده‌نگـو باسی گه‌یشتوو لـه ئیرانه‌وه ، حكومه‌تی شا له شارو دیهاتی كوردستان ره‌شه كوژی و گرتن و راونانی نیشتمانپه‌روه‌ره كورده‌كانی ده‌ستپێ كردوه • مالی خه‌لك ده‌پشكنن ، خه‌لـكی بێ تاوان ده‌گرن ، وه به‌م جـوره ده‌یه‌وی نیشتمانپه‌روه‌رانی كورد ، كه له به‌رامبه‌ر سیاسه‌تی ره‌گه‌ز په‌رستی حكومه‌تی ئیراندا به‌ربه‌ره‌كانی ده‌كه‌ن ، سه‌ر كوت بكا و بیـان ترسینی • حزبی كومونیستی عیراق له دژی جنایه‌ته‌كانی شا لـه سه‌رانسه‌ری ئیران به توندی ئیعتراز ده‌كا » •

روژنامه‌ی ( ڕیگای كوردستان ) ئورگانی كومیتـه‌ی ئیقلیمی كوردستان ـ حزبی كومونیستی عیراق ، له ژماره‌ی پینجی نوامبری ١٩٦٨ دا له ژیر ناو ونیشانی ( داخوا شای ئاریا میهر به هه‌لا- وه‌سین و گولله بارانی خه‌لك ده‌توانی ته‌خته شره‌كه‌ی بپاریزی ) نوسیبووی :

« تاوان و كوشت و بری تاقمی حاكمه‌ی ئیران به سه‌روكایه‌تی شا ، له دژی هه‌موو گه‌له‌كانی ئیران ، و به تایبه‌تی له دژی گه‌لی كوردی چه‌وسینراوه و بێ به‌ش له ئازادی له هیچ كه‌س وون نیه •

دەر بەدەر کردنی هەزاران کەس بە تاوانی تیکوشانی سیاسی وە بێ بەش کردنیان لە پشوودان لە هەوای نیشتماندا ، بلاو کردنەوەی رایەلکەی مەترسی داری پولیسی ، راونانی نیشتمانپەروەرەکان ، قین و کیشە و هەراو دلپیسی نانەوە لە نیوان باوك و کورو خوشـــك و برا ، بێ بەشکردنی گەلەکانی غەیرە فارس لە مافی نەتەوایەتی وە لە خویندن بە زمانی زکماکی ـ ئەمانەن خاســیەت و کردەوەکانی ریژیمی ئیران » روژنامەی ( ڕیگای کوردستان ) دوای باسکردنی ناوی میندی لە شەهیدەکانی کورد نوسیبووی :

« بەلێ ئەمانەیان شەهید کرد • بەلام داخوا گرتن و کوشتنی تیکوشەران دەتوانی کاروانی خەباتی گەل و میللەتان بوەستینی ؟• داخوا ئەم جورە کردەوەیە دەبیتە هـۆی رزگار بونی زالم و زوردارەکان و ئەوانەی خوینی گەل دەمژن ؟ بێ گومان ناتوانی • سلاو لە گیانی پاکی شەهیدەکانی ریــــگای ئازادی کوردستانی ئیران •

روژنامەی ( ئالای کریکاران ) بلاو کراوەوەی کومیتەی مەحەلی حیزبی کومونیستی عیراق لە سلیمانی ، لە ژمارەی چواری نوامبری خۆیدا بە ناو ونیشانی ( زولمی نەتەوایەتی لە کوردەکانی ئـــیران نوسیبووی :

« لە هەموو جیگایەك باس هەر باسی تاوان و جنایەتی سازمانی ئەمنیەتی ئیران لــــە کوردستانی ئیرانە • گــــرتن ، ئازاردان ، هەلاوەسین ، سوتاندنی خانووی وەرزیرەکان ، کارو پیشـــەی روژانەیە • بۆ چی ؟ چونکە کوردەکان لە پیناوی سەرەتایی ترین مافی ئینسانی دا خەبات دەکەن » •

روژنامەی ( نیپ ـ سابات چاك ) ئورگانی کومیتەی ناوەندی ( حزبی سوسیالیستی کریکاری مەجارستان ) « هەنگاریا » لــــە ژمارەی ٢٢ی مانگی نوامبری ١٩٦٨ دا بە ناو ونیشانی ( ئیعتراز لە دژی لافاوی کوشت و بڕ لە ئیراندا ) نوسیبووی :

« جاریکی دیکەش هیزەکانی چەپ کەوتونە بـــەر پەلاماری ریژیمەوە ، پتر لـــە ١٢ هەزار ژاندارم و فەوجیکی قشون بـــە کوردستانی ئیران وەر بوون ، وە بۆ ســـەر کوتکردنی جوولانەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد دەستیان بە کوشتار کرد ە ، تەنانـــەت کار بە دەستانی دەولەتی خۆشیان ئیعتراف دەکەن • کە لە ماوەی



دوو مانگدا ، دەها کەسیان لە دیموکراتەکانی کورد لە شارەکانی جیاوازی کوردستان گوللە باران کردوە • پتر لە (٢٠٠) کـــەسی دیکە لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد چارە نووسیکی رەش و تـــال چاوە نواریان دەکا » پاشان روژنامەی ناو براو نوسیبووی :

« ئیمەش لە گەل تەواوی ئەو کەسانەی کە لە حاست گرتن و کوشتنی نیشتمانپەروەرە ئیرانیەکان ئیعتراز دەکەن ، دەنگـــی خۆمان بەرز دەکەینەوە ، وەداوا دەکەین نیشتمانپەروەرە کوردەکان و تەواوی گیراوە سیاسیەکانی ئیران ئازاد بکرین » •

روژنامەی حەوتویی ( الاخبار ) چاپی لوبنان ، لــــە ژمارەی هەشتی مانگی ( دسامبر )ی خۆی دا ، بەیاننامەی ح•د•ك•ی ئیرانی چاپ کرد بوو ، وە لە حاست جنایەتەکانی ریژیمی ئیران لــــە کوردستان هەستی ئیعتراز و تورەیی خۆی دەر بری بوو » •

روژنامەی فەرانسەیی ( لوموند ) لە ژمارەی ١٦ی نوامبری سالی ١٩٦٨ دا نووسی بووی : « هیندی لــــە نیشتمانپەروەرە کوردەکان گیراون ، وە لە دادگای نهینیدا ، بە بی ئەوەی ئیجازەی دیفاع و قسە کردنیان بدریتی ، مەحکووم و گوللە باران کراون » •

ڕیکخراوی خویندکارانی ئیرانی لە شاری ( مونیخ ) لە گـەل یەکیتی خویندکارانی سوسیالیست لــــە ئەلمانی روژئاوا ، لــــە بەیاننامەیەکدا لە حاست گرتن و کوشتنی ئازادیخـوازە کوردەکان ودانانی دادگای عەسکەری سەحرایی لــــە کوردستان ئیعترازیان گرتبوو •

روژنامەی ( مورنینگ ســــتار ) ئورگانی ناوەندی حزبی کومونیستی ئینگلستان ، لە ژمارەی شــــەشی مانگی دسامبری ١٩٦٨دا نوسیبووی :

« دەولەتی ئیران لە دژی گەلی کورد ، دەستی داوەتە پەلاماریکی هەراو ، بۆ ئەو پەلامارە ١٢ هەزار ژاندارم و فەوجیکی عەسکەری خستوتە کار ، ژمارەیەکی زوری لــــە نیشتمان پەروەرە کوردەکان گرتوە و دەها کەسی لێ ئیعدام کردون • »

روژنامەی ناو براو داوای کرد بوو کە لە دژی کردەوەی غەیرە ئینســــانی حکومەتی ئیران ئیعتراز بکرن ، وە ئازادی گـــیراوە سیاسیەکان داوا بکەن •

ڕۆژنامەی ( سوسیالیست لیدر ) چاپی « گلاسکو » لە ژمارەی سێی نوامبری ١٩٦٨ دا ، پاش لێکۆڵینەوەی وەزعی ئێران لە مەڕ کوشتاری ئازادیخوازەکانی کورد نوسیبووی :

« لە بەهاری ڕابردو دا سمایلی شەریفزادە لە گەڵ چەند نیشتمانپەروەری تری کورد لە « بانە » بە دەستی مەعمورەکانی ڕێژیمی ئێران کوژران . لە مەڕ کوژرانی ئەوانە ، تەنانەت تاقە وشەیەکیش لە چاپەمەنی ژێر سانسور دا بلاو نەکرانەوە . «٢٢»ی مانگی سپتامبر هێندیکی تر لە ئازادیخوازانی کورد ، بە بوختانی پوچەلی « ڕێگری » لە دادگای عەسکەریدا مەحکوم و گوللە باران کران » .

پاشان ئەو ڕۆژنامەیە نوسیبووی :

« ئیمەی سوسیالیست نابی هاو پیوەندی خۆمان لە گەل خەباتی خەلکی ئێران بو ئازادی لە بەر چاو نەگرین » .

گوواری ( ئاشتی و سوسیالیزم ) ئورگانی تیئوریکی حزبە کومونیست و کریکاریەکانی دنیا ، لە ژمارەی ( یەکی ) سالی ١٩٦٩ دا لە ژێر ناو ونیشانی ( پەرە گرتنی کوشت و بڕ لە ئێران ) نوسیبووی :

« ... لافاویکی تازەی ئیعدامی کوشت و بڕو گرتنی دیموکراتەکانی ئێرانی کەوتوتەری . تەنیا لەم چەند مانگی دوایی دا دەها کوردی دیموکرات ئیعدام کراون . دەزگا ڕەسمیەکانی ئێران بە ئانقەست خەبەری گرتن و ئیعدامەکان بلاو ناکەنەوە . تاقمی حاکمەی ئێران کە لە بیرو ڕای گشتی جیهان دە ترسی ، وە هەست بە تورەیی خەلکی ئێران دەکا بۆ لە ناو بردنی شوێنەواری جنایەتەکانی خۆی ، پەنا دەباتە بەر هەموو شتیك . دادگا عەسکەریەکان حەشر دەکەن . لە کوردستان دەها کەس ئیعدام کراون .. حکومەتی ئێران نیشتمانپەروەزەکانی کورد بە چەتەیی و ڕێ گری تاوانبار دەکا . بەلام لە ڕاستی دا نیشتمانپەروەرە کوردەکان لە سەر ئەوە موحاکەمە و گوللە باران دەکەن ، کە ئەوان داوای دیموکراسی بۆ سەرانسەری ئێران ، وە لە ماف و مەسلەحەتی گەلی کورد دیفاع دەکەن و لە دژی ئیمپریالیزم تی دەکوشن » .

ڕۆژنامەی ( ال سیگلو ) ئورگانی ناوەندی حزبی کومونیستی شیلی ، لە ژمارە ٢٧ی نوامبری سالی ١٩٦٨دا نوسیبوی :



« ئیمە لە مەڕ ئێران شارەزاییەکی زورمان نیە . ئەوەندە ئەبێ کە دەزانین ئەم ولاتە یەکیك لە کانگا مەزنەکانی نەوتە لە دنیادا ، وە مونوپولەکانی ئەمریکای شمالی دەستیان کیشاوەتە ناو ، تا لەوێ سود و قازانجیکی ئەفسانەیی وە دەست بینن .

ئەو مونوپولانە بۆ قازانجی خۆیان و بەستنەوەی ئێران ، حکوومەتیکی کونە پەرستیان بە سەر ئەم ولاتە دا سەپاندوە ، وە ئەرکی ئەو حکوومەتە سەر کوتکردنی دیموکرات و نیشتمانپەروەرەکانە . لە ئێراندا موخالیفەکان ئیجازەی هیچ شتیکیان نیە . وە هەر کەس زمانی بۆ ڕەخنە گرتن بگەڕێ ، دەیخەنە بەندیخانەوە . گرتن و نەفی کردن گەیوەتە ڕادەیەکی ئەوتۆ ، کە زەحمەتە باوەڕ بکری .

زولم و زۆری سەرۆکەکانی ڕێژیمی ئێران بەوەندە نابڕێتەوە . لەم دواییە دا کوشت وبڕی خۆیان لە سەر کوردەکان توند و تیژتر کردوە . کوردەکان کەوتوتونەتە بەر هەموو جورە زەبرو زەنگیکی حکومەتی نیوە فاشیستی ئێرانەوە . سەرۆکەکانی حکوومەتی ئێران دەیانەوی ئەو فەرهەنگەی کە بۆ کوردەکان بیگانەیە ، بە سەر ئەوانی دا بسەپینن ، وە وەك کەمایەتیەکی میللی لە ناویان بەرن . وەلامی کوردەکان بو ئەو بی عەدالەتیە ، خەباتیکی بی پسانەوەیە ، کە بو پاراستنی میللیەتی خویان ، وە دیفاع لە ژیانی خویان دەیکەن . هیزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئێران ، خەریکی پەلاماردان و کوشتاری کوردەکانن . شارەکانی کوردستان کەوتونەتە بەر پەلاماری قشون و ژاندارمەکان کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندیەوە ، بۆ کوردستان ناردراون . تەنیا لە ماوەی ٢-٣ مانگی دوایی دا ، دەها کەس لە دیموکراتەکانی کورد ، کەوتوونە بەر ئازارو جەزرەبەی وەحشیانە و کوژراون . کوشتاری وەحشیانە دریژەی هەیە ، وە دەیانەوی بەم جورە ، لە ڕیگای چاو ترساندن دەنگی ڕەخنە و ئیعترازی خەلك ، لە دژی کوشت و بڕی حکوومەت ، کە بە زەبری سەر نیزە ، خۆی ڕاگرتوە - خەفە بکەن .

حزبی تودەی ئێران داوای لە زەحمەتکیشەکان و هیزە دیموکراتیەکانی پینج قارەی دنیا کردوە ، کە لە دژی ئەم وەحشیەتیەی حکوومەتی ئێران ڕەخنە بگرن . وا دیتە بەر چاو مافەکانی ئینسان کە لەو ڕۆژانە دا ، ئاهەنگی بیرەوەری مەنشورەکەی دەگیرن

بە لای فاشیستی ئیرانەوە نرخ و بایەخیکی نیە • هەر کەس موخالیفی بێ ، دەکەویتە بەندیخانە وە لە وانەش خەراپتر ئەوەیە ، کە حکومەتی ئیران هەول ئەدا ، کوردەکان لە ناو بەری ، وا دیتە بەر چاو کە رەوتی سیاسی حکومەتی ئیران ، فەوتاندنی کوردەکانە ، بە جوریکی ئەوتۆ کە شوینەواری بوونی نەتەوایەتی کوردەکان نەمینی • یا ژیانیان بە تەواوی تیك بچی • نابی ئەو جنایەت و وەحشیەتیە بی دەنگەی لێ بکری ، وە پیویستە لە قاوبدری » روژنامەی ( ئونیتا ) ئورگانی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئیتالیا ، روژنامەی ( ئاوانتی ) ئورگانی حزبی سوسیالیستی ئیتالیا ، روژنامەی ( ناسیون ) چاپی ئیتالیا ، کارەساتی خوپیشاندانی خویندکارە ئیرانیەکانی دانیشتوی ئیتالیایان بلاو کرد بوە •

روژنامەی ( ئونیتا ) لە ژمارە ٢٦ی مانگی ئوکتوبری ١٩٦٨ دا وینەیەکی چاپ کرد بوو ، کە پەنجەرەی بالیوز خانەی ئیرانی نیشان دەدا ، وە لە پەنا پەنجەرەکەوە دروشمیك هەلاوەسرا بوو ، کە بە زمانی ئیتالیایی لە سەری نوسرا بوو :

« ئیمە لە حاست ئیعدام و گوللە باران و گرتنی نیشتمانپەروەرەکانی کوردی ئیرانی ئیعتراز دەگرین » • پاشان روژنامەی ئونیتا نوسیبووی :

« خۆپیشاندانی خویندکارانی ئیرانی دانیشتوی ئیتالیا ، لە گەل خو پیشاندانی لاوانی ئیرانی لە شارەکانی پاریس ، لندن ، نیویورك ، کلن و بون ، دەستپی کراوە ، وە ویستوویانە بیرو رای گشتی خەلکەکانی دنیا لە کوشتار و جنایەتەکانی ریژیم ئاگادار بکەن • خویندکارە ئیرانیەکان لە و توو ویژی چاپەمەنیدا ، پەردەیان لە سەر ئیعدام و گوللە بارانی نیشتمانپەروەرەکانی کورد لا داوە ، وە رایانگەیاندوە کە حکومەتی ئیستای ئیران پەلاماری بو سەر هیزەکانی دیموکراتیك دەستپی کردوە ، وە ناهیلی دەنگو باسی ئەم کوشتارو جنایەتە لە ئیران دەر کەوی » •

روژنامەی « ایل پارتیتو » چاپی ئیتالیا لە ژمارەی ٢٨ی ژوئینی ١٩٦٩ دا نوسیبووی :

« ئیران ـ موسیبەتی دەرەبەگایەتی » ئولیگارشی دەرەبەگی نوکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، کە بە هۆی بورژوازی کومپرادورەوە خۆی مەحکەم کردوە ، هەموویان دەستیان داوەتە دەست یەك ، وە



بو پیشگری لە خەباتی کومەلانی گەل زەبرو زەنگیکی توندو تیژیان دەستپی کردوە ••

کوردستان ناوچەیەکی ئیران ، کە سالی ١٩٦٨ بە هوی راپەرینی وەرزیرانەوە ٢٢ کەسی لی ئیعدام کرا ، سەر لە نوێ کەواتوتەوە بەر پەلاماری فاشیستی •

پەنجا کەس لە زەحمەتکیش و روناك بیرەکانی کورد بە تاوانی تیکوشانی شورشگیری گوللە باران کراون • پاش کوشتن ، تەرمی ئەوانیان لە مەیدانی شارەکان بە خەلك نیشانداوە • ئاشکرایە کە وەك هەمیشە کوشت و برو زەختی کونە پەرستەکان بیجگە لە پەرەگرتنی جولانەوەی رزگاری خوازی ، وە نیزیك بوونەوەی روژی ئازادی نەتیجەیەکی تری نابی » •

## رەشە کوژی سازمانی ئەمنیەت :

حکومەتی کورد کوژی شا و سازمانی ئەمنیەتی ئیران ، نەك هەر لە کوردستانی ئیران لە گرتن و راو نان و کوشتنی ئازادیخوازەکان دەستی نە دەگیراوە ، بەلکوو بۆ لە ناو بردنی کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی گەیاند بوە کوردستانی عیراقیش ورەشە کوژی و ئاژاوەچیەتی دریژە پێ دەدا •

پایزی سالی ١٩٦٩ یەکیك لە ئەندامەکانی ح•د•ك• **( هاشمی فەقی سالحی )** « **قادر شەریف** » لە شاری سلیمانی بە دەستکیسی و دنە دانی سازمانی ئەمنیەت کوژرا • **هاشمی فەقی سالحی** کە بە « قادر شەریف » ناسرا بو ، لە شاری مەهاباد لە خیزانیکی کاسب کار هاتبوە دنیاوە ، وە هەر لە مندالیەوە توشی زەحمەت و کویرەوەری هاتبو •

هاشم پۆلی شەشی سەرەتایی خۆیند بو ، پاشان لە بەر دەست تەنگی و نەداری باوکی ، نەیتوانیبو خویندن دریژە پێ بدا ، وەك سەدها لاوی زەحمەتکیشی دیکە دەستی کرد بو بە کار و کاسبی و یاریدە دانی باوکی •

هاشم کە بە باشی هەستی بە بێ بەشی و غەدر لیکراوی نەتەوەکەی کرد بو ، وە لە نیزیکەوە زولم و مل هوڕی مەعمورەکانی حکومەتی شای لە کوردستان دی بوو ، هاتبو ناو ریزی حیزبی



**هاشمی فەقێ سالحی ( قادرشەیف )**



دیموکراتی کوردستان و یەکێ لە کادرە تیکوشەر و کولنەدەرەکانی حیزب بوو ٠

پاش کودیتای نگریسی ٢٨ی گەلاویژی ١٩٥٣ هاشم چوو بوە کوری خەباتی نهینیەوە ، وە لە دیهات و لـــە ناو وەرزیرەکاندا دەگەڕاو لە زوربەی ناوچەکانی کوردستان لە ناو زەحمەتکیشەکاندا بە خەباتگیرو تیکوشەریکی ریگای ئازادی ناسرا بوو ٠

**قادر شەریف** ئەندامیکی زەحمەتکیش و کولنەدەر وتیکوشەری حیزب و دوژمنی لە ئاشتی نە هاتووی ریژیمی دیکتـــاتور و دژی نیشتمانی ئیران بوو ٠ هەر سەبارەت بەم کولنەدەری و تیکوشانە بوو ، کە سازمانی ئەمنیەت خستبویە بەر سیلەی چاوی و بە شوین سەری دا دەگەرا ٠

هاشم پینجی مانگی نوامبری ١٩٦٩ لە شاری سلیمانی بـــە دەستی نوکەر و جاسوسەکانی سازمانی ئەمنیەت شەهید کــرا

یەکی تر لە لاوە تیکوشەرەکانی گەلەکەمان کە لـــە لایەن سازمانی ئەمنیەتەوە بە رەشە کوژی لە کوردستانی عیراق شەهید کرا ، **مەلا حسین** « کاوە » ئەندامیکی خەباتگیرو کادریکی چـــالاك و نەبەزی حزب بوو ٠



**مەلا حسین**

لـــە گوندی « مارەغان » ناوچەی سەر دەشت لە خیزانیکی کاسبکار و زەحمەتکیش هاتبـــوە دنیاوە ٠ باوکی لە مندالیەوە لـــە حوجرەی فەقێیان نابویە بـــەر خویندن ٠ وە هەر لە مندالیەوە تووشی دەست تەنگی و نەداری هاتبوو ٠ لە کاتی خوینـــدن و گەرانی ناو فەقێ یاندا لە بێ بەشی و مەغدوری نەتەوەکەی ، وە لـــە زولم و زوری ژاندارم و مەعمورە خـــوێن مژەکانی حکومەتی تاران شارەزا ببـــوو ٠ بیری ئازادی و رزگاری لـــە زولمی نەتەوایەتی و

چەوساندنەوە لـــە میشکی دا جێی گرتبوو • بە تایبەتی نیزیکی و دوستیایەتی لە گەل شەهید « **مەلا ئاوارە** » کاریکی گرینگی کرد بوە سەر ، چاکی مەردایەتی لێ بەلادا کرد بوو ، هاتبـــوە ریزی خەبات و تیکوشانەوە ، کادریکی بە نرخی حیزب و بە ر پرسیاری پۆلیك پیشمەرگەی گیانفیدا و خەباتگێر بوو •

**مەلا حسین** لە گەل هیندی لە نیشتمانپەروەو تیکوشەرەکان ، کاتیکی لە لایەن هیزە چەکدارەکانی حکوومەتی شاوە تەنگە تاو کرا بوون ، بە ناچاری روویان کردە کوردستانی عیراق و لــە سلیمانی گیرسانەوە •

لە دەربەدەری و لی قەومایشدا « کاوە » وورەی بـــەر نەدا و خەریکی عاملاندنو سەر پەرشتی هاوالەکانی بوو • لەم وەزعـــە نالەبارە و داخدارە دا سازمانی ئەمنیەت توانی دەستیان بخاتە ناو و بە کرێ گیراوو سیخوریان لەناو بپەستیوی ئاخرەکەی یەکیك لە نوکەر و جاسووسەکانی بسازمانی ئەمنیەت بـــە ناوی حەمەدەمین جەوانمەرد کە بە ناوی مستعاری ( فۆاد ) خوی رەگەل تیکوشەرەـ کانی کورد خستبوو سیی مانگی مارسی ۱۹۷۰ دەرفەتی هیناو مەلا حسینی لە خەوی دا شەهید کرد •

شەهید بوونی مەلا حسین کوستیکی گەورە بوو بـۆ هاوالانی حیزبی و جوولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد •

خەلکی بە شەرەفی ( قەلادزی ) لەو پەری دلسوزی و پیاوەتی دا لە پرسەو پەژارەی ئـــەو روولە تیکوشەرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بەشداریان کرد و بەو پەری ریزە و حورمەتەوە بـــە خاکیان ئەسپارد •

دلسوزی خەلکی قەلادزە و بەشداری پیاوانەیان لە پرســـە و سەرە خوشی مەلا حسین دا تارادەیەك برینی دلی هاوالە دەر بـــە دەرەکانی حیزبی ساریژ کردەوە و هەستیان بەوە کرد کە هـــەر چەندە لە نیشتمان دوورن بەلام لە ناو برا کوردەکانیان دا غەریب و بی کەس نین •

ریژیمی دژی نیشتمانی و سەر بە ئیمپریالیستی شا توانی لە ماوەی سال و نیویکدا زەبریکی قورس لـــە جولانەوەی رزگاری خوازی و دیموکراتیکی گەلی کورد بدا •



توانی دەها رۆلەی تیکوشەرو نیشتمانپەروەری گەلەکـەمان شەهید بکا • دەها خاو و خیزانی کورد تازیە دار بکا ، دەها مندالی رەشو رووتو هەتیو ، بێ سەر پەرشت بکا •

ژاندارم و سوپای حکوومەتی شـــا چیاو کەژ و دەشـــتە جوانەکانی کوردســـتانیان بە خوێنی ئەم لاوە تیکوشـــەر و ئازادیخوازاتە ئال و وال کرد •

توانی سەدها زەحمەتکیشو نیشتمانپەروەری چاو کراوەوەی کوردستان بگری و لە بەندیخانەکانی تاران و تەوریز و فەلـــەك الافـــلاك ، بـــە شیوەی فاشیستەکانی هیتـــلەری ئازار و جەزرەبەیان بدا •

حکوومەتی شا کە لە پەرە گرتنی جولانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەکەمان نەترەی چوە ، لای وایە بەم کوشتار و جنایەتە دەتوانی گەلی کورد چاو ترسین بکاو خەباتی نیشتمانی و رزگاری خـــوازی گەلی کورد بوەستینی •

بەلام حکوومەتی دژی نیشتمانی و سەر بە ئیمپریالیستی شا بە هەلە چوە • لە سەر دەمیکدا کە گەلەکانی ئاسیاو ئەفریقا روژ بە روژ پتر زنجیری کویلەتی و ئیستعمار لە پیلیان دادەرنن • لـــە سەردەمیکدا کە بەرەی سوسیالیزم روژ بە روژ بە هیزتر دەبێ و هەموو جولانەوەیەکی رزگاری خوازی و دژی ئیمپریالیستی دەبی بە کومەگ و یاریدەی ولاتە سوسیالیستە کان پشت ئەســتور بی ، حکوومەتی شا ناتوانی بە کوشتارو راو نان ، بە زوری سەر نیزە و جاسوسی گەلی کورد لە ژیر دەستی و بێ بەشی دا رابگـــری • گەلیکی کە بریاری داوە لە پیناوی ئازادی و وەدەست هینانی مافی رەوای نەتەوایەتی خۆیدا خەبات بکاو لـــەم ریگایە دا لـــە دانی قوربانی دریخی نەکات •

چەوتی و هەلەیی سیاسەتی حکوومەتی خوین ریژی ئـــیران زور جاران بە تاقی کردنەوە دەر کەوتوە • گەلی کوردیش نیشانی داوە ، کە خوین نای گرێ و واز لە خەبات ناهینی •

حەمە رەزاشا لە وتو ویژی چاپەمەنی دا ، روژی ۲۹-۲-۱۹٦٤ بە هەوالدەری ئاژانسی فرانسپرسی گوتبوو :

« له ئیراندا مەسەلەی کورد و جودی نیە . کوردەکان وەك ئیمە ئارياییین ، وەك ئیمە له قشون و پارلمان و دەزگاکانی ئیداری دا بەشدارن » .

به پیچەوانەی فەرمایشی شاهانه ، روو داوەکانی سالی ١٩٦٧ تا ١٩٦٩ نیشانیاندا که له ئیراندا جگه لەوەی مەسەلەی کورد هەیه ، مەسەلەی خەباتی گەلی کوردیش بۆ رزگاری ، بو وەدەستهینانی مافی نەتەوایەتی . بۆ مافی دیاری کردنی چارە نووس له دل و میشکی هەمو وکوردیکی به شەرەف و نیشتمانپەروەردا جێی گرتوه و رەگی داکوتاوه . گەلی کورد خەباتی خۆی تەنیا لەم چوارچیرەیه دا تەنگه بەر ناکا ، بەلکوو شان به شانی هەموو گەلەکانی ئیران بو ئازادی سەرانسەری ئیران و دامەزراندنی حکومەتیکی میللی و دیموکراتیك ، کـه مافی رەوای نەتەوایەتی هەموو گەلەکانی ئیران بسەلمینی خەبات دەکا . حکومەتی شا ، نه به کوشتارو خوین ریژی ، وه نه به تەبلیغاتی درۆ وفیشال ، ناتوانی هەستی رزگاری خوازی له دل و میشکی گەلی کورد بستریتەوه . له هەر دلوپه خوینیکی ئەم شەهیدانه ، دەها نەمام شین دەبێ ، بێ دەگاو جیگایان پر دەکاتەوه .

گەلی کورد له گیانی پاکی ئەم شەهیده قارەمانانه ، وه له تیکوشان و گیانفدایی ئەوان الهام وەر دەگری . له خەبات و تیکوشانی را بردوی خۆی و گەلەکانی دیکه سەر مەشق وەر دەگری .

گەلی کورد له گەل گەله براکانی تری ئیران دلیرانه خەبات دەکا ، تا له ئیرانیکی ئازاد و دیموکراتیك دا ، هەمو مافیکی نەتەوایەتی خۆی دەست کەویت و بتوانی له هەمو باریکەوه ببوژیتەوه .

سلاو له گیانی پاکی ئەم لاوه تیکوشەرانه ، ئەم رۆلە نەبەزانه ، که له پیناوی رزگاری گەل و نەتەوه ونیشتمانه کەیاندا شەهید کران .

ئەوەی وەك قوژبنیکی میژو یاگیرانەوەی به سەر هات لەم کتیبه دا هاتوه ، تەنیا بۆ رون بوونەوەی هۆیەکانی شەهید بوونی



ئازادیخوازەکان و دەر خستنی جنایەتەکانی حکومەتی دیکتاتوری ئیران بوه .

دیاره لەو بارەوەش هەر دەرەتان نەبوه ، کـه به تەواوی کارەساتەکان بخەمه روو . بۆ نمونه لەم کتیبەدا ، ناوی هاوالیکی زاناو تیکوشەر و خەباتگیر ( صدیق ئەنجیری ئازەر ) نەهاتوه ، که یەکی له هاوالەکانی زور به نرخ و کولنەدەرو زانای ئیمه بوو . وه به زور به و به چەشنیکی هەراو قاوه ، که به دەسته و دەسکیسی ( ئەحمەد توفیق ) عەولای اسحاقی کوژراوه و بێ شوین کراوه . بەلام چونکه لام وابو ئەوه پیویستی به لیکولینەوەی زیاتر هەیه ، له باسکردنی خوم بواردوه .

هیو ادارم تیکوشەرو نووسەرو لاوه خەباتگیرانی گەلەکەمان ، بتوانن لەو بارەوه هەنگاوی گرینگتر هەلبرن ، وه به چەشنیکی هەراوتر ناوی شەهیدەکان له میژوی خەباتی رزگاری خوازی گەلەکەماندا تومار بکەن . با ناوی ئەو ئازادیخوازانه هەتا هەتایه له لاپەری میژوی نەتەوەکەماندا بدرەوشیتەوه و الهام دەری لاوەکان بێ له خەباتی نیشتمانی و له ریگای ئازادی و دیموکراسی دا .

له کوتایی دا دەمەوی جاریکی تر سوپاسی تەواوی ئەو برادەرانه بکەم که له روونکردنەوەی به سەر هاتەکان و له چاپکردنی ئەم کتیبەدا یارمەتیان داوەو زەحمەتیان کیشاوه .

**رەزبەری ١٩٧١**